
کۆنفرانسی میۆنیخ و ئامادەبوونی سەرۆکی کوردستان

# ئایندەی ئاسایش لە جیهاندا

Munich Security Conference msc
Münchner Sicherheitskonferenz

# Munich Security Report 2015



## Collapsing Order, Reluctant Guardians?

Published on the Occasion of the MSC 2015

((ئەگەر لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بڕوانین، دەبینین تەحەددیگەلێکی مەترسیدارتر سەریانهەڵداوە کە بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر بوونی زۆرێك لەو دەوڵەت و سیستمانەی پێشتر پێیان ئاشنا بووین. پتر لە سێ ساڵە شەڕ لە سووریادا لە کەف و کوڵدایە، بە سەدان هەزار کەس قوربانی داوە و بە ملیۆنەها کەسی ناچار کردووە ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن. ئێستا پریشکی ئاگری ئەو شەڕە لە پەلکێشان و پەلهاویشتندایە بۆ ناوچەکە، کە زەمینەی ڕەخساند بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی و زیاتر بووە هۆی لێکترازان و لەبەریەك هەڵوەشانی سیستمەکان لە ناوچەکەدا. ئەو سیستمانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بنیات نراون، بناغەیەکی فشەڵ و لەرزۆکیان هەیە، هیچ شوێنێکی ئەم جیهانە نییە بە چەشنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو هەرەسهێنان و لەبەریەك هەڵوەشانی سیستمەکەی ملی ڕێی گرتبێتەبەر، ئێستا خۆری ئەو سیستمە بەرەو ئاوابوون دەچێت. سنوورەکان دەسڕێنەوە، ئاسۆی هیچ سیستمێکی نوێش لە ئاسۆدا دەرنەکەوتووە، مشتومڕێك هەیە لەسەر ڕۆڵ و سەرکردایەتی و بەرپرسیارێتیەکانی ئەمریکا لەو ڕوودا و پەرەسەندنانەی لە جیهاندا دەگوزەرێت. ئایا دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا پتر لە پاشەکشە و داکشاندایە؟ یاخود ئەمریکا هەموو کار و کۆششێکی کردووە بۆ بەجێگەیاندنی بەرپرسیارێتییەکانی سەر شانی؟ جۆن مەکین دەڵێت: «کاتێك بە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا گەشت دەکەین، کۆدەنگییەك دەبیستم لە بارەی ئەوەی ئەمریکا لە پاشەکشەدایە، هەروەها دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا لە داکشاندایە»، بەڵام جۆن کیریساڵی پار لەم کۆنفرانسە گوتی: «ناتوانم بیر لە شوێنێکی جیهان بکەمەوە کە تێیدا ئێمە پاشەکشە بکەین، یەك شوێنیش نییە. من پێتان دەڵێم ئەمە بە هەڵەداچوونێکی ئاشکرایە و ئەو ڕاستییەی ئەمە ڕەتدەکاتەوە ئەوەیە کە ئێمە لە جیهاندا هەموو کارێك ئەنجام دەدەین کە لە دەستمان بێت.» بەڵام ئەم دەنگی دڵەڕاوکێیە لە جیهاندا دەبیسترێت، هاوپەیمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەتایبەتی گوزارشتیان لە نیگەرانی خۆیان کردووە کە ئەمریکا پابەندبوونی نییە و لە ئاست بەرپرسیارێتیەکانیدا نییە و خۆی دوورەپەرێز گرتووە.))

ڕاپۆرتی کۆنفرانسی ئاسایش لە میۆنیخ
شوباتی ٢٠١٥



## • بۆچی لە میۆنیخ کێشەی ئۆکرانیا پێش تیرۆریستانی داعش کەوت؟

لە دوای بەریتانیا، (ئەڵمانیا و فەرەنسا) دوو دەوڵەتە گەورەکەی ناو یەکێتی ئەوروپان، تێڕوانینی ئەم دەوڵەتە لە ناو ناتۆ، هەروەها لەسەر ئاستی سیاسەتی جیهانیش تا رادەیەکی زۆر لە تێڕوانینی ئەمریکا و بەریتانیا جیاوازە، ئەمەش بەو مانایەی تێڕوانین و بۆچوونی فەرەنسا و ئەڵمانیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە تێڕوانینی ئەمریکا و بەریتانیا جیاوازە، هەر بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ شەڕی ئازادکردنی عێراق، فەرەنسا و ئەڵمانیا نەیانهێشت شەڕەکە بکەوێتە ژێر چەتری رێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام لە شەڕی ئەفغانستان لە ٢٠٠٣ و دەرکردنی عێراق لە کوەیت لە ساڵی ١٩٩١، لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا هاودەنگ بوون، لە ئێستاشدا لەسەر پرسی تیرۆر و نەهێشتنی دەوڵەتی ئیسلامی داعش، لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا هاودەنگن و شەڕی هاوپەیمانانی دژی تیرۆریستانی داعش لە ژێر چەتری نێودەوڵەتیدایە و بڕیاری ئەنجوومەنی ئاشایشی لە پشتەوەیە، بەڵام لەسەر پرسی داگیرکردنی کریما کە هەرێمێکی سەر بە ئۆکرانیا بوو لەلایەن هێزی سەربازی رووسیاوە، ژەنراڵەکانی ناتۆ بەشی زۆریان بۆچوونیان بەو جۆرەیە پەنابردن بۆ بژاردەی سەربازی بۆ وەدەرنانی رووسیا لە کریما، شەڕێکی خوێناوی لێدەکەوێتەوە، بەڵام ژەنراڵە ئەمریکییەکان پێیانوایە ئەگەر نەتوانرا بە رێکاری دیپلۆماتی کێشەکە چارەسەر بکرێت، ئەوا دەبێت بیر لە هەموو هۆکار و میکانیزمێکی دیکە بکرێتەوە، هەر ئەم جیاوازییەش لە بۆچوونەکانی نێوان ئەمریکا لەلایەك و فەرەنسا و ئەڵمانیا لە لایەکی دیکە وایکرد، (مێرکل)ی راوێژکاری ئەڵمانیا و (هۆلاند)ی سەرۆکی فەرەنسا، پێش دەستپێکی کۆنفرانسی پەنجاویەکەمینی میۆنیخ بۆ ئاسایش لەگەڵ (فلادمێر پۆتین)ی سەرۆکی رووسیا کۆبوونەوە بۆ ئەوەی کێشەی کریما بە ئاشتی چارەسەر بکرێت. ئەم چوونەی مێرکل و هۆلاند، ئەگەر لە رەهەندێکی دیکەوە بیخوێنینەوە و بەو پێیەی کە لە ئەولەوییەتی بەرنامەی کۆنفرانسی ئاسایشە لە میۆنیخ، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە سیستمی جیهانی دوای شەڕی سارد، چیتر ناتوانێت بە دەستێوەردانی سەربازی بپارێزرێت، بۆیە بە ناچاری دەوڵەتانی ناتۆ دەبێت پەنا بۆ رووسیا بەرن بۆ ئەوەی بە شێوەی دیپلۆماتی و ئاشتییانە کێشەی لکاندنی کریما بە رووسیاوە چارەسەر بکەن، ئەم چارەسەرە لەگەڵ ئەوەی کاریگەری بۆ سەر باڵانسی هێزی دوای شەڕی سارد و ئاسایش و سەقامگیریی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا هەیە، لە هەمانکاتدا دەستپێکردنەوەی شەڕێکی دیکەی ساردە لە فۆرمێکی جیاوازدا، بەڵام ئەمە دیفاکتۆی ئێستای جیهانە و دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، بەهەر لایەکدا کێشەی کریما چارەسەر بکرێت، جاری کۆتایی هاتنی سیستمی دوای شەڕی ساردە، لەبەر ئەم هۆکارانە:

١. ئەگەر وەك فەرەنسا و ئەڵمانیا هەوڵی بۆ دەدەن، کێشەی کریما بە ئاشتی چارەسەر بکەن، ئەوا ئەمە خۆی لە خۆیدا کۆتایی هاتنە بە سیستمی جیهانی دوای شەڕی سارد، لە بەر ئەوەی بەپێی بنەماکانی سیستمی نوێی جیهان، هیچ وڵاتێك بۆی نییە بە دەستێوەردانی سەربازی سنوورەکان پێشێل بکات، بەڵام رووسیا بە دەستێوەردانی سەربازی ئەمەی کردووە و هەتا ئێستا جیهان نەیتوانیوە راستی بکاتەوە.

٢. ئەگەر وەك ژەنراڵە سەربازییەکانی ئەمریکا لە میۆنیخ ئاماژەیان پێکردووە، هەوڵە دیپلۆماتییەکان سەرکەتوو نەبوو، وەك خۆیان دەڵێن (هەموو میکانیزمەکان) بژاردەی بەردەست دەبن، گریمان یەکێك لە بژاردەکان پەنابردن بۆ هێزی سەربازی بێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە: هەر هێرشێك بکرێتە سەر رووسیا، شەرعییەتی نێودەوڵەتی نابێت، لەبەر ئەوەی رووسیا ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاشایشی جیهانە و هیچ بڕیارێك لە دژی ئەو دەرناچێت، با گریمانەی ئەوە بکەین ئەگەر دەوڵەتانی ناتۆ هێرش بکەنە سەر ناتۆ چی روودات؟ بێگومان بێجگە لەوەی نازانرێت ئاکامی شەڕەکە چۆن دەبێت و کەسیش ناتوانێت پێشبینی بکات، لە هەمانکاتدا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کۆتایی دێت.

لەمەوە ئەگەر سەرنج بدەین هەست دەکەین ئایندەی ئاسایش لە جیهاندا لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدایە، لە لایەك رووسیا بنەماکانی ئەو سیستمەی پێشێلکردووە، لەلایەکی دیکە گرووپی غەیرە دەوڵەتی وەك تیرۆریستانی داعش لە دوو دەوڵەتدا (عێراق و سوریا) خەلافەتی ئیسلامییان راگەیاندووە. تیرۆریستان لە پاکستان تا نەیجیریا سیستمی جیهانییان خستۆتە مەترسییەوە، بۆیە لەم روانگەیەوە بەپێی بەرنامەی کۆنفرانسی ئاسایش لە میۆنیخ، چارەسەرکردنی کێشەی ئۆکرانیای خستۆتە ئەولەوییەت بۆ ئەوەی رووسیاش هەوڵەکانی خۆی بخاتە پاڵ هەموو هەوڵەکانی جیهان و مەترسی تیرۆریستان برەوێننەوە.

**پێش ئەوەی سەرۆک مسعود بارزانی بگاتە سەر خاکی ئەڵمانیا، پەرلەمانی ئەو وڵاتە ئەو بڕیارەی پەسەند کرد کە راستەوخۆ هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکات و سەرۆکی کوردستان وەک سەرۆکی دەوڵەتێک داوەتی کۆنفرانسی میۆنیخ بۆ ئاسایش بکات**

**دووربینیی سەرۆک بارزانی دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان لەو بڕیارە مێژووییە رەنگی دایەوە کە شەڕی سەرتاسەری مان و نەمانی دژی تیرۆریستانی داعش راگەیاند، هەر لە هەفتەی یەکەمی شەڕەکە پێش ئەوەی فڕۆکەکانی ئەمریکا بگەنە ئاسمانی کوردستان، ئاڕاستەی شەڕەکەی پێچەوانە کردەوەو مەخموور و دەوروبەری بێ هیچ یارمەتییەک ئازاد کرانەوە**

**هێزی تازەش وەک دەوڵەتی ئەمری واقیع دەرکەوتوون کە توانای ئەوەیان هەیە لەناو ئەو تەحەددی و هەڕەشانەی لە ئێستا رووبەڕووی جیهان بۆتەوە بۆ پێناسەکردنەوەی ئازادی و بەها مرۆییەکان و لێبوردەیی و پێکەوەژیان، قوربانی بە گیانی رۆڵەکانی بدات**

## ● ئایندەی ئاسایشی جیهان
## پێویستی بە هاوپەیمانیی سەربازی و هەواڵگری هەیە

واڵفەنگ شینگەر سەرۆکی کۆنفرانسی میۆنیخ کە بە فەرمی داوەتی سـەرۆکی هەرێمی کوردستانی کردووە بۆ پەنجاویەکەمین کۆنفرانسـی میۆنیخ بۆ ئاسایش، لە پێشـەکی ئەو راپۆرتەی بۆ کۆنفرانسەکە ئامادە کراوە، نووسـیویەتی: «کاتێـك ئەم کۆنفرانسـە گرێدەدرێت، سـاڵێکی زۆر قورس لە پشـت سیاسـەتی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە بووە و ماوەی ١٢ مانگە کۆمەڵێك تەنگژە بە شێوەیەك پەرەیان سەندووە کە بوونە تەحەدا و مەترسی راسـتەقینە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەم مەترسـییانەش شێوازی دروسـتبوونیان بەو شێوەیە بوو کە زۆر لە بڕیار دروسـتکەران و شرۆڤەوانان پێشبینییان نەدەکرد روویدەن».

ئـەم قسـەیەی سـەرۆکی کۆنفرانسـی میۆنیخ بۆ ئاسـایش، ئەو بەرنامەیە رووندەکاتەوە کە ئەم کۆنفرانسە ئامانجیەتی، ئەویش ئەوەیە بۆچی ناتوانین پێشـبینی رووداوەکان بکەین و کاتێکیش روودەدەن ناتوانین پێشـیان پێبگریـن؟ ئەمەش مانای ئەوەیە رەنگە کێشـەکە هەر تەنها لە چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی مەترسـییەکاندا نەبێت، هێندەی ئەوەی لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە ئێمە ناتوانین پێشـوەختە درك بە سەرهەڵدان و گەورەبوون و گەشەکردنی ئەو مەترسییانە بکەین!

نزیکەی سـاڵێك بەر لە ئێستادا گرووپێکی تیرۆریستی کـە ئەو کاتە خۆیان ناو نابوو (داعش) تەنها کۆنترۆڵی فەللوجە و بەشـێك لە (رومادی)یان کردبوو. لەلایەکی دیکەوە هەر سـاڵی پار خۆپیشـاندەران بۆ ماوەی دوو مانگ لە (کێیڤ)ی پایتەختی ئۆکرانیا نارەزایەتییان دەردەبڕی، ئەم رووداوە بەلای زۆر کەسەوە بەو جۆرە سەیر دەکرا، بە شـێوەیەکی ئاشتییانە و تەوافوقی لەناوخۆی ئۆکرانیا چارەسـەر دەکرێت، بێگومان ئەم پێشبینییە وا دەرنەچـوو، دەرەنجامی پێچەوانەشـمان بینی. ئایا لە بری هێوربوونەوە هەڵکشـانمان نەبینـی؟ ئایا لە بری خامۆشبوونەوەی ئاگری کێشەکان، بڵێسەی ناکۆکییەکان بە تین و تاوێکی زیاترەوە بەرز نەبوونەوە؟

کەواتە ئەوەی ناوەڕۆکی کۆنفرانسی میۆنیخ بۆ ئاسایش پێکدەهێنێت، ئەوەیە کە دەبێت جیهان لە ٢٠١٥ـەوە هەموو تواناکانی خۆی لەودا چڕبکاتەوە کە نەك تەنها لەسـەر ئاسـتی هاوپەیمانیی سـەربازی، بەڵکو پێویستە ئەو هاوپەیمانییە فراوان بکرێت و ئاستی هاوپەیمانی ئەمنی و دەزگاکانـی هەواڵگری بگرێتەوە، هەروەها دەبێت ئەو کارەکتـەرە دەوڵەتییە دیفاکتۆیانـەش بگرێتەوە کە هەتا ئێستا لە ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەندام نین، بـەڵام پابەند بە یاسـا نێودەوڵەتییەکانن و ڕێز لە بەهاکانی مرۆڤ و تەواوی مافەکانی مرۆڤ دەگرن، بۆ نموونە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باشووری کوردستان و لە رۆژهەڵاتی ئاسیا تایوان.

لە راپۆرتەکەی کۆنفرانسی میۆنیخ ئاماژە بە قسەیەکی ساڵی پاری جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کراوە کە لە پەنجاهەمین کۆنفرانسی میۆنیخ کردوویەتی، کە گوتوویەتی: «ناتوانم بیر لە شوێنێکی جیهان بکەمەوە کە تێیدا ئێمە پاشەکشـە بکەین، یەك شـوێنیش نییە. مـن پێتان دەڵێم ئەمە بە هەڵەداچوونێکی ئاشـکرایە و ئەو راسـتییەی ئەمـە رەتدەکاتەوە ئەوەیـە کە ئێمە لە جیهانـدا هەموو کارێك ئەنجام دەدەین کە لە دەسـتمان بێت». لەبەرامبەر قسەکەی کیری، راپۆرتەکە ئاماژەی بە قسـەیەکی جۆن مەکین سیناتۆری کۆماری کردووە کە ئەویش گوتوویەتی: «کاتێك بە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا گەشـت دەکەین، کۆدەنگییەك دەبیسـتین لە بارەی ئـەوەی ئەمریکا لـە پاشەکشـەدایە، هەروەها دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا لە داکشـاندایە، ئەم دەنگی دڵەڕاوکێیە لـە جیهاندا دەبیسـترێت، هاوپەیمانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتیش بەتایبەتی، گوزارشـتیان لە نیگەرانی خۆیان کردووە کە ئەمریکا پابەندبوونی نییە و لە ئاسـت بەرپرسیارێتییەکانیدا نییە و خۆی دوورەپەرێز گرتووە.»

راپۆرتی کۆنفرانسـی میۆنیخ بۆ ئاسـایش، سەبارەت بە ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕینی نەخشەی سیاسـی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت ئاماژەی بە قسـەیەکی ڤۆڵکەر پێرسەس سەرۆکی سەنتەری بەرلین بۆ دیراسـاتی نێودەوڵەتی و ئاسایش دەکات و بەمجۆرە شـرۆڤەی بارودۆخەکەی کردووە: «ئێمە لە سـەرەتای رۆژگارێکی دوور و درێژی تەنگوچەڵەمەداین، پێموایە هیچ وڵاتێکی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نامێنێتەوە کە نەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکەیەوە. بەڕاستی زۆرێك لە رواڵەتەکانی جیهانی ئێستای عەرەب مایەی نیگەرانین. سـەرەڕای ئەو خەوشانەی لە سیسـتمەکەدا هەبوون کە لـە دوای رێککەوتنی (سـایکس بیکۆ) لە رۆژگاری دوای جەنگـی جیهانی یەکەمەوە لە شـام هاتەئاراوە، ئێسـتا خۆری ئەو سیسـتمە بەرەو ئاوابـوون دەچێت. سـنوورەکان دەسڕێنەوە، ئاسۆی هیچ سیستمێکی نوێش لـە ئاسـۆدا دەرنەکەوتووە. جارێکی دیکە ئاسـەواری خراپی شکستی چەندین دەیەی نوخبەکان لە زۆرێك لە دەوڵەتاندا لە دابینکردن و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری

**ئایندەی ئاسایش لە جیهاندا بە نەخشەیەکی دیکەی جیاواز لە نەخشەی سیستمی جیهانی دوای شەڕی سارد رێکدەخرێتەوە**

**گرنگە تەقدیری ئەڵمانیا و فەرەنسا بکرێت کە زووتر و باشتر لە راستی پێگەی ئەم هێزە سەرەکییە لەسەر نەخشەی ئایندەی ئاسایش لە جیهاندا تێگەیشتن و بەتایبەتی کە سەرۆکی فەرەنسا خۆی وەک یەکەمین سەرۆک دەوڵەت سەردانی کوردستانی کرد و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر سڵاوی بۆ ئاڵای کوردستان و سروودی ئەی رەقیب کرد**

**شەڕی تیرۆریستانی داعش بۆ رووسیا و ئەوروپا و ئەمریکا و تەواوی جیهانیش هەڕەشەی پلە یەکە و لە ناو ئەم شەڕەشدا کوردستان لایەنی سەرەکی ئەم شەڕەیە کە لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزە کوردییەکان و بە سەرپەرشتی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تیرۆریستانی داعش تێکشکێنران**

بۆ هاووڵاتییەکانیان و بنیاتنانی سیستمێکی سیاسی کە هەمووان لەخۆ بگرێت، دەردەکەونەوە. شەڕی ناوخۆیی کە پێشتر لە سنووری دەوڵەتەکاندا دەگوزەرا، ئێستا ناوچەکە دەگرێتەوە. شەڕی دووانەی عێراق و سووریا هەڕەشەیە بۆ سەر سەقامگیری زۆرێك لە دەوڵەتە دراوسێکان، زۆرێك لە دەوڵەتانی ناوچەکە لە نێوان خانەی دەوڵەتی لاواز و دەوڵەتی شکستخواردوودا پێوانە دەکرێن».

پێدەچێت ئەو راپۆرتەی بۆ ئەجینداى کۆنفرانسی میۆنیخ بۆ ئاسایش ئامادەکرابێت، بەو ئامانجە ئامادە کرابێت، ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٥ وەك ساڵی ٢٠١٤ بیرنەکاتەوە، بەڵام بەپێی ئەوەی لە کۆڕبەندی ئابووری داڤۆس لە سەرەتای ئەمساڵ گوێمان لێبوو، هەست دەکەین هێشتا ئەمریکا نایەوێت ئەو راستییە بسەلمێنێت کە سیستمی جیهان لەبەریەك هەڵوەشاوە، ئەم لەبەریەك هەڵوەشانەوەیە تەنها ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نەگرتۆتەوە، بەڵکو هەموو جیهانی گرتۆتەوە و ئەگەر میکانیزمی کارکردنی کۆی جیهان پێکەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە نەگۆڕدرێت و جیهان لەسەر هەموو ئاستەکان بە ئاستی گۆڕانکارییەکان هاوکاری نەکات، ئەوا ئایندەی ئاسایش لە جیهاندا دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەم حاڵەتە لە پەنێڵەکانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی ئەمساڵیش لە داڤۆس رەنگدانەوەی بەرچاوی هەبوو، بۆیە هەندێك تایتڵ بوونە ناونیشانی پەنێڵەکان وەك: (ئایندەی سوپا و ئایندەی هەواڵگری) کە وەك پێشکەشکاری پەنێڵەکان ئاماژەیان پێدەکرد، ئەمە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی کۆڕبەندی جیهانی داڤۆس، پەنێڵی تایبەتی بە ناونیشانی ئایندەی هەواڵگری بە مانای ئایندەی ئاسایش لەخۆی بگرێت، بەشداربووانی پەنێڵی ئایندەی ئاسایش لە داڤۆس پێکهاتبوون لە سەرۆکی دەزگا هەواڵگرییەکانی (نەرویژ، بەریتانیا، فەرەنسا) لەم پەنێڵەدا بەشداربووان راشکاوانە ئاماژەیان بەوەکرد ئیتر لەمەودوا شتێك نامێنێت پێی بگوترێت ئاسایشی نیشتمانی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، هێڵێکی جیاکراوە نامێنێت لەنێوان دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی تایبەتمەندی و ئازادی تاك، ئەمە ئەو مەترسییەیە کە دەبێت جیهان لە پێناویدا هاوپەیمانی ئاسایش و هاوپەیمانی لەنێوان دەزگاکانی هەواڵگری دروست بکات، دەبێت هەوڵبدرێت هاوسەنگییەك لەنێوان ئاسایش و تایبەتمەندی و ئازادی تاك بە یاسا رێکبخرێت، چونکە ناکرێت ئاسایش بکرێتە قوربانیی پاراستنی تایبەتمەندی و ئازادی تاك، هەروەها ناشکرێت لە پێناوی دابینکردنی ئاسایش دەستبەرداری تایبەتمەندی و ئازادی تاك بێت، ئەم هەنگاوەی ئەوروپا بۆ هاوپەیمانی لەنێوان دەزگاکانی هەواڵگری دوای رووداوەکەی شارلی بیدۆ لە پاریس دێت کە بە جارێك هەموو جیهانی هەژاند.

بۆیە ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا شەڕی تیرۆریستانی داعش بکەین و لە چوارچێوەی تایبەتمەندی دووبارە دروستبوونەوەی شەڕی ساردی نێوان رووسیا لەلایەك و ئەورووپا و ئەمریکا لەلایەکی دیکە بێینە دەرەوە، ئەوا شەڕی تیرۆریستانی داعش بۆ رووسیا و ئەورووپا و ئەمریکا و تەواوی جیهانیش هەڕەشەی پلە یەکە و لە ناو ئەم شەڕەشدا کوردستان لایەنی سەرەکی ئەم شەڕەیە کە لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزە کوردییەکان و بە سەرپەرشتی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تیرۆریستانی داعش تێکشکێندران، ئەم تێکشکاندنەی تیرۆریستانی داعش لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە و هێزی کورد بەدەست هاتووە، نەخشەی رێگەیە بۆ ئایندەی ئاسایش لە جیهاندا، بۆیە ناکرێت ئەم هێزە سەرەکییە لەسەر نەخشەی ئایندەی ئاسایشی جیهان فەرامۆش بکرێت، لەمەدا گرنگە تەقدیری ئەڵمانیا و فەرەنسا بکرێت کە زووتر و باشتر لە راستی پێگەی ئەم هێزە سەرەکییە لە سەر نەخشەی ئایندەی ئاسایش لە جیهاندا تێگەیشتن و بەتایبەتی کە سەرۆکی فەرەنسا خۆی وەك یەکەمین سەرۆك دەوڵەت سەردانی کوردستانی کرد و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر سڵاوی بۆ ئاڵای کوردستان و سروودی ئەی رەقیب کرد، هەروەها ئەڵمانیاش کە چەندین جار وەزیری بەرگرییەکەی هاتۆتە کوردستان، مەشق و راهێنانی بە پێشمەرگە کردووە و ئەمجارە پێش ئەوەی سەرۆك مسعود بارزانی بگاتە سەر خاکی ئەڵمانیا، پەرلەمانی ئەو وڵاتە ئەو بڕیارەی پەسەند کرد کە راستەوخۆ هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکات و سەرۆکی کوردستان وەك سەرۆکی دەوڵەتێك داوەتی کۆنفرانسی میۆنیخ بۆ ئاسایش بکات.

### ● مەغزای بەشداربوونی سەرۆکی کوردستان لە کۆنفرانسی میۆنیخ بۆ ئاسایش

لەو راپۆرتەی بۆ پەنجاویەکەمین کۆنفرانسی میۆنیخ لە ٢٠١٥ ئامادەکراوە، تەواوی بەرنامەی کۆنفرانسەکە خراوەتەڕوو، بەشداربووانی کۆنفرانسەکە لەسەر ئەو تەوەرانە قسەیان کرد کە راپۆرتەکە دیاریکردووە، کۆمەڵێك پەنێڵ ئامادەکراوە کە هەموویان پێکەوە ئەو مانایە دەبەخشن، ئایا چ دەوڵەتێك لە جیهاندا توانای هەیە بەم ئاراستە تازەیە مامەڵە لەگەڵ تەحەددی و هەڕەشەکانی جیهان بکات؟ ئایا چۆن دەتواندرێت ئەم تێکەڵاوییە تازەیە لە هاوپەیمانی جیهانی بۆ دابینکردنی

**ئەو سیستمانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بنیات نراون، بناغەیەکی فشەل و لەرزۆکیان هەیە، هیچ شوێنێکی ئەم جیهانە نییە بە چەشنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو هەرەسهێنان و لەبەریەك هەڵوەشانی سیستمەکەی ملی رێی گرتبێتەبەر**

**سیستمی جیهانی دوای شەڕی سارد، چیتر ناتوانێت بە دەستێوەردانی سەربازی بپارێزرێت، بۆیە بە ناچاری دەوڵەتانی ناتۆ دەبێت پەنا بۆ رووسیا بەرن بۆ ئەوەی بە شێوەی دیپلۆماتی و ئاشتییانە کێشەی لکاندنی کریما بە رووسیاوە چارەسەر بکەن**

**بەپێی بنەماکانی سیستمی نوێی جیهان، هیچ وڵاتێک بۆی نییە بە دەستێوەردانی سەربازی سنوورەکان پێشێل بکات، بەڵام رووسیا بە دەستێوەردانی سەربازی ئەمەی کردووە و هەتا ئێستا جیهان نەیتوانیوە راستی بکاتەوە.**



سەرۆک بارزانی لە گەڵ بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا

ئایندەی ئاسایش ڕێکبخرێن؟ ئایندەی ناتۆ و مانەوەی هەتاهەتایی؟ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیستمێکی شڵۆق؟ ئایا شەڕی تیرۆرمان دۆڕاند؟ هێزی ئاشایش چۆن لەم رووبارە دەپەڕێنەوە؟ چەندین بابەتی گرنگی دیکە بەو تەحەددی و هەڕەشانەی کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی جیهان دەبنەوە، لەنێو ئەم تایتڵانەدا کە ژمارەیەکی زۆری سەرۆکی دەوڵەتان و کەسایەتییە جیهانییەکان قسەیان لەسەر کرد، دەرکەوت ئایندەی ئاسایش لە جیهاندا بە نەخشەیەکی دیکەی جیاواز لە نەخشەی سیستمی جیهانی دوای شەڕی سارد ڕێکدەخرێتەوە، لە نێو ئەم جیهانە ئاڵۆزەی ئێستادا ڕاستە هێزی غەیرەدەوڵەتی وەك گرووپەکانی تیرۆریست دروست بوون کە سیستمی جیهانی قبووڵ ناکەن و یەکلایەنە خەلافەت بە مانای ئیمپراتۆریەت ڕادەگەیەنن، ڕاستە سیستمی جیهانی دوای شەڕی سارد لە چاوی هەندێك دەوڵەتدا بایەخی جارانی نەماوە و دەکرێت سەرکێشی لەگەڵ بکرێت، بەڵام هێزی تازەش وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع دەرکەوتوون کە توانای ئەوەیان هەیە لەناو ئەو تەحەددی و هەڕەشانەی لە ئێستا ڕووبەڕووی جیهان بۆتەوە بۆ پێناسەکردنەوەی ئازادی و بەها مرۆییەکان و لێبوردەیی و پێکەوەژیان، قوربانی بە گیانی ڕۆڵەکانی بدات، وەك کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و باشووری کوردستان کە ئێستا لە ژێر سایەی حوکمڕانیی سەرۆك مسعود بارزانی ئەو ڕاستییەی بۆ هەموو جیهان سەلماندووە، هەر بۆیە ڕووی گەشی کۆنفرانسی میۆنیخ بۆ تێگەیشتن لە ئایندەی ئاسایش لە جیهاندا ئەوەیە کە دەیەوێت ئەو بیرکردنەوە تەسکەی سیستمی دوای شەڕی سارد فراوان بکات و تێکەڵاوییەکی تازە لەنێو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ هەموو تەحەددی و هەڕەشەکانی ئێستای جیهان دووبارە دروست بکاتەوە و ئەو ئیشکالیەتە نەهێڵێت کە بە دوو پێوانە مامەڵە لەگەڵ ئازادی بکرێت. هەر بۆ نموونە ئەمریکا لەبەر ئەوەی خۆی بە خاوەنی دەوڵەتی چین نازانێت، هەوڵدەدات سیاسەتی وڵاتەکەی لەگەڵ تایوان جیاواز بێت لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و چین، ئەمریکا دەزانێت ناتوانێت پشتگیری دەوڵەتی تایوان بکات، لەبەر ئەوەی چین ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە، کاتی خۆیشی لە ساڵی ١٩٧١ خۆی بەوە ڕازی بووە چین ببێتە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جێگەی تایوان، بەڵام بە دیوێکی دیکە و بە سوود وەرگرتن لە ناکۆکیی نێوان ژاپۆن و چین، لە ڕووی سەربازییەوە بەرگری لێدەکات و لەسەر ئاستی پەرەپێدان و بازرگانیش تەزکیەی دەکات و دەیکاتە ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی کە لە ئێستادا ئەم ڕێکخراوە جیهانییە هیچی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کەمتر نییە، ئەگەر گرنگتریش نەبێت، بەڵام بەرامبەر بە کوردستان لەگەڵ ئەوەی زۆر باش ئاگادارە هاوکێشەی شەڕی داعش لەسەر ئەرز هێزی پێشمەرگە گۆڕیویەتی، کەچی ڕاشکاوانە دان بەو ڕاستییەدا نانێن و دەیانەوێت بیشارنەوە!!

ئێمە لە هەفتەی ڕابردوو زۆر بە وردی هەڵوەستەمان لەسەر قسەکانی جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە داڤۆس کردەوە، بەڵام ئەمجارە لە کۆنفرانسی میۆنیخ،

**ئەم لەبەریەک هەڵوەشانەوەیە تەنها ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نەگرتۆتەوە، بەڵکو هەموو جیهانی گرتۆتەوە و ئەگەر میکانیزمی کارکردنی کۆی جیهان پێکەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە نەگۆڕدرێت و جیهان لەسەر هەموو ئاستەکان بە ئاستی گۆڕانکارییەکان هاوکاری نەکات، ئەوا ئایندەی ئاسایش لە جیهاندا دەکەوێتە مەترسییەوە**



سەرۆک بارزانی لە گەڵ راوێژکاری ئەڵمانیا ئەنگێلا مێرکل

(جۆزیف بایدن)ی جێگری سەرۆکی ئەمریکا کە بە عەرابی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق دادەنرێت و لە نزیکەوە ئاگاداری راستییەکانی سەر ئەرزی شەڕەکەیە کە پێشمەرگە رۆڵی چەند بووە، بەڵام دیسان ئەمیش ئاماژەی پێنەکرد، بەڵام وەك لە ژمارەی پێشووش ئاماژەمان پێکرد، ئەمریکا لە مانگی ئاب ناچار بوو لەماوەی شەش رۆژدا بڕیار بدات بۆ ئەوەی بەشداری ئاسمانی لە شەڕی دژی تیرۆریستانی بۆ سەر کوردستان بکات، ئەو ناچاربوونەوەی بۆ ئەوە بوو عێراق دەکەوتە دەستی لایەك کە پاشان دەست ئەمریکا نەدەکەوتەوە، بە دڵنیاییەوە بەغدا و باشووری عێراق نەدەکەوتە دەستی داعش و کۆماری ئیسلامی ئێران بواری نەدەدا تیرۆریستانی داعش بگەنە بەغدا، بۆ کوردستانیش ئەگەر ئەمریکا بڕیاری بدایە، یان بڕیاری نەدایە، ئەوا هێزە گەورەکانی دیکە وەك فەرەنسا و ئەڵمانیا دەهاتنە سەر خەت، بۆیە دووربینیی سەرۆك بارزانی دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان لەو بڕیارە مێژووییە رەنگی دایەوە کە شەڕی سەرتاسەری مان و نەمانی دژی تیرۆریستانی داعش راگەیاند، هەر لە هەفتەی یەکەمی شەڕەکە پێش ئەوەی فڕۆکەکانی ئەمریکا بگەنە ئاسمانی کوردستان، ئاراستەی شەڕەکەی پێچەوانە کردەوەو مەخموور و دەوروبەری بێ هیچ یارمەتییەك ئازاد کرانەوە، لەم حاڵەتەشدا ئەگەر ئەمریکا خۆی بێدەنگ بکردایە، وەك سووریا مامەڵەی لەگەڵ کوردستان بکردایە، ئەوا جیهانی ئازاد بۆی راستدەکردەوە کە هەرێمی کوردستان بەرەی نوسرە نییە، هەتا هێزی ئازادیخوازی دیکە لەسەری نەیەتە دەنگ و کوردستان و پێشمەرگە لە بری هەموو جیهان شەڕی تیرۆریستان بکەن و جیهانیش بێ هەڵوێست بێت، دیارە جیهانی ئازاد ئەو راستییانە دەبینێت و لە بێدەنگی ئەمریکا باشتر دێنە سەرخەت بۆ هاوکاریکردنی کوردستان، بۆیە بانگهێشتکردنی عێراق و کوردستان بە دوو بانگهێشتنامەی جیاواز و لە میانەی دوو شاندی جیاواز بۆ کۆنفرانسی میۆنیخ، مانای ئەوەیە کاتێك ئەمریکا دەیەوێت سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بە سەرپۆشی عێراقی بوون بشارێتەوەو وەك هێزێکی عێراقی پیشانی جیهانی بدات و شکستی ١١ساڵی خۆی لە بنیادنانەوەی سوپا شلۆقە و بەزیوەکەی مالیکی پێ بشارێتەوە، ئەوە هێزی گەورەی دیکە ئەوە قبووڵ ناکەن و بوێرانە وەك ئۆرسولا فۆن دیر لیان وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا هەڵوێست وەردەگرن کە لە کردنەوەی کۆنفڕانسی میۆنیخ پێناسەی قارەمانی و ئازایەتی و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە پیشانی هەموو جیهان دەدات و جیهان ناچار دەکات گوێ لە گوتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بگرن، ئەو سەرۆکەی ئەفسانەی داعشی بۆ هەموو جیهان بەتاڵکردەوە، ئەم ئامادەبوونەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنفڕانسی میۆنیخ بۆ ئایندەی ئاسایش لە جیهاندا، سەرەتای دانپێدانانی جیهانە بە دروستبوونی ئەکتەرێکی تازە لەسەر شانۆی ئایندەی ئاسایشی جیهان، ئەکتەرێك بوونی بۆتە پێداویستییەکی گرنگ بۆ ئایندەی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەو ئەکتەرەش دەوڵەتی کوردستانە کە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکیەتی و لەسەر شانۆی جیهانی ئازاد نوێنەرایەتی دەکات.

**وەزیری بەرگری ئەڵمانیا لە کردنەوەی کۆنفرانسی میۆنیخ پێناسەی قارەمانی و ئازایەتی و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە پیشانی هەموو جیهان دەدات و جیهان ناچار دەکات گوێ لە گوتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بگرن، ئەو سەرۆکەی ئەفسانەی داعشی بۆ هەموو جیهان بەتاڵکردەوە**



### سیناتۆر ئەیمیری مۆتیسکۆ

**جێگری سەرۆکی لیژنەی دەرەوە و بەرگری لە ئەنجوومەنی پیرانی فەرەنسا بۆ گوڵان:**

# تا ئێستا نەمبینیوە هیچ سەرۆکێک وەک سەرۆک بارزانی کۆشکی سەرۆکایەتی بەجێبهێڵێت و خۆی راستەوخۆ لە سەنگەرەکانی پێشەوە شەڕ بکات

**ئەیمیری مۆتیسکۆ، ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانی فەرەنسایە و پێشتر ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا و پەرلەمانی فەرەنساش بووە، ئێستاش جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری دەرەوە و بەرگری لە ئەنجومەنی پیرانی فەرەنسایە و ماوەی ١٥ ساڵ زیاترە لەگەڵ کورد کاردەکات. لە دوای هێرشەکانی خەلافەتی ئیسلامی داعشیشەوە بۆ سەر کوردستان لەگەڵ ئەوەی سیناتۆر ئەیمیری سەر بە حزبەکەی فرانسۆ هۆلاندی سەرۆکی ئێستای فەرەنساش نییە، بەڵام زۆر باش بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردستان کردووە لەناو پەرلەمانی فەرەنسادا، لە هەفتەی رابردووش سەردانی هەرێمی کوردستانی کردبوو، دوو رۆژنامەنووسی فەرەنسیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بە شێوەیەکی دیکۆمێنتاری تۆمار بکەن. گوڵان لە میانی ئەو سەردانەیدا بۆ کوردستان، ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** وەك سیناتۆرێك لە پەرلەمانی فەرەنسا و ئەندامی لیژنەیەکی گرنگی وەك کاروباری بەرگری و دەرەوە، لە کەیەوە بایەخ بە پرسی کورد دەدەی و سەرەتای ئەم بایەخدانە بۆ چ ساڵێك دەگەڕێتەوە؟**

- بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠١ یان ٢٠٠٢ بوو چاوم بە سەرۆك بارزانی کەوت و دواییش سەرۆك تاڵەبانی بۆ کۆنفرانسی موعارەزەی عێراقی کە لە پێش رووخانی رژێمەکەی سەددامدا لە ناو پەرلەمانی فەرەنسا گرێدرا، بانگهێشتی (سەرۆك بارزانی)م کردووە و من یەکێك بووم لەو کەسە رۆژئاواییانەی کە لەو کۆنفرانسە بەشدار بووم، لەو کاتەوە پەیوەندیم لەگەڵ سەرۆك بارزانی هەیە و بەردەوامیش بایەخم بە کێشەی کورداوە، هەتا ئێستاش ١٢ بۆ ١٣ جار سەردانی کوردستانم کردووە، دوایین جار لە ١٣ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ لە ناو پەرلەمان داوام لە حکومەتی فەرەنسا کرد راستەوخۆ هاوکاری سەربازی کوردستان بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش و داوام کردووە هاوکارییەکی باشی کورد بکرێت، چونکە هەر هێزەکانی پێشمەرگە بوون کە لە گۆڕەپانی شەڕدا توانیویانە پێش بە هێزەکانی داعش بگرن.

*** سەردانی بەڕێز فرانسۆ هۆلاند سەرۆکی فەرەنسا بۆ کوردستان لە کاتی شەڕی داعشدا لای خەڵکی کوردستان گرنگییەکی زۆری هەبوو، ئایا چۆن سەیری سەردانەکەی هۆلاند بۆ کوردستان دەکەیت؟**

- سەردانی سەرۆکی فەرەنسا، فرانسوا هۆلاند بۆ هەرێمی کوردستان خۆی لە خۆیدا نیشانەی گرنگیدان و بایەخپێدانی فەرەنسایە بە کوردستان، بە هەمان شێوە سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگریی فەرەنسا سەردانی کوردستانیان کردووە، کەسانی دیکەش هەن بەنیازن سەردانی کوردستان بکەن و لە بەرنامەیاندایە، ئەمانە ئاماژەی ئەوەن هەرێمی کوردستان پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە سیاسەتی دەرەوەی فەرەنسا و بە گرنگییەوە لەم هەرێمە دەڕوانن. بەڵگەی راستگۆیی ئەو قسەیەشم کە فەرەنسا بە گرنگییەوە لە هەرێمی کوردستان دەڕوانێت، ئەوەیە کە من لە حزبەکەی سەرۆکی فەرەنسا نیم و سەر بە موعارەزەم، بەڵام کاتێك دەبینم-حکومەتی فەرەنسا- هەنگاوی باش هەڵدەنێت، ئەوا پشتیوانی لێدەکەم و ئەمەش رێزگرتنە لەو خەبات و تێکۆشانەی لە دژی داعش دەیکەن. ئەوەی زۆر لای من ئازاربەخش بووە، ئەوەیە لە کاتێکدا کورد لە گۆڕەپانی شەڕدایە و بەر بە پێشڕەوی داعش دەگرێت، بەڵام بۆ کۆنفرانسی لەندەن بانگهێشت نەکران کە تایبەت بوو بە بەرەنگاربوونەوەی داعش، ئەمە لای من شتێکی زۆر ناخۆش بوو، بۆیە من لەم گەشتەمدا دوو رۆژنامەنووسی بەناوبانگی فەرەنسیم لەگەڵ خۆم هێناوە، یەکێکیان رۆژنامەنووسێکە کە خەڵاتێکی بە ناوبانگی لە ئەورووپا بە ناوی «ئەلبێرت لۆندر» بەدەستهێناوە، هەمیشە رووماڵی شەڕ و قەیرانەکان دەکات و بە شێوەیەکی مەیدانی کارەکانی ئەنجام دەدات، پێشتر راپۆرتی لەسەر لیبیا و سووریا ئامادە کردووە، هەروەها سێ مانگ پێش ئێستا هاتووە و نزیکەی سەرجەم بەرەکانی شەڕی لێرە (کوردستان) بەسەر کردۆتەوە و گۆڤارەکەی لە پڕ فرۆشترین گۆڤارەکانە لە فەرەنسا و ئەورووپاشدا گەورەترین تیراژی لێ دەردەچێت و رەنگە هیچ ماڵێك نییە ئەو گۆڤارەی نەبێت، کە ناوی «پاری ماچ»ە، ئەو گۆڤارە راپۆرتێك لەسەر بارودۆخی کوردستان بەتایبەتی و رەوشی بەرەکانی شەڕ ئامادە دەکات، بە هەمان شێوە وێنەگرێکم لەگەڵ خۆم هێناوە کە خاوەن ناوبانگێکی جیهانییە و ناوی «عەلی دیقەتی»یە کە لە ساڵی ١٩٧٩ەوە کار لەگەڵ کورددا دەکات، ماوەیەکی زۆریش لە دەزگای مەدام میتران لە پاریس و لەسەر پرسی کورد کاری کردووە کە توانیویەتی لە رێی وێنەکانیەوە سەرنجی رای گشتیی فەرەنسا بۆ پرسی کورد رابکێشێت. ئەوەی زۆر گرنگە بەلای ئەوەوە ئەوەیە کە خەڵکی فەرەنسا بزانن لێرە کورد چ هەوڵ و تێکۆشانێك دەدات و لە چ میحنەتێکدایە و لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان لە هەموو لایەکەوە شەڕی بەرگری و بەرەنگاربوونەوە دەکەن، بەڕاستی شەڕی مان و نەمان دەکەن. هەر لەبەر ئەوەشە کە لە وتارەکەمدا کە لە ١٣ی مانگدا لە ئەنجومەنی پیرانی فەرەنسا پێشکەشم کرد، ئەوەم روون کردۆتەوە کە کوردەکان لە بری ئێمە شەڕی تیرۆر دەکەن و شەڕی دژ بە داعش لە کوردستان دەستی پێکردووە، بۆیە دەبێت بە هەموو شێوەیەك یارمەتی هەموو کورد بدرێت.

*** چۆن لە رۆڵی سەرۆك بارزانی دەڕوانن، کە ئێستا کۆشکی**

**هەرێمی کوردستان خاوەنی سامانێکی گەورەی غازە، کە ئەگەر بێتو غاز بنێرێت بۆ ئەورووپا ئەوا دەتوانێت جێی غازی رووسیا بگرێتەوە کە رەوانەی یەکێتی ئەورووپا دەکرێت**

**دەمەوێت شاندێکی گەورەی کۆمپانیاکانی فەرەنسا بێنمە کوردستان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بارودۆخەکە ببینن و بزانن کە رەوشی ئاسایش و سەقامگیری چۆنە، چونکە بەلای ئێمەوە زۆر زۆر گرنگە کە ئەو پەیوەندییە بازرگانییەش لە نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستان هەبێت**

**سەرۆکایەتی جێهێشتووە و خۆی راستەوخۆ لە بەرەکانی شەڕە و سەرپەرشــتی مەیدانی بەرەنگاربوونـــەوە دەکات و لە بری هەموو جیهان شــەڕی تیرۆریســتان دەکات، بەتایبەتی کە هاوکارییە نێودەوڵەتییەکانیش لە ئاستی پێویستدا نین؟**

- بە دڵنیاییەوە رۆڵی ســەرۆك بارزانی زۆر بەرز دەنرخێنم و وا بزانم تەنها سەرۆکێکە کە شوێنی کاری خۆی جێهێشتبێت و بچێت لە بەرەکانی شەڕ هاوبەشی ئێش و ئازار و مەینەتی و نەهامەتییەکانی پێشــمەرگەکان بێــت و لەگەڵیاندا نانی پێشمەرگایەتی بخوات و لەگەڵیاندا لە سەنگەرەکاندا بخەوێت، ئەوە حاڵەتێکی بێوێنە و زۆر کەمە و ئێمە شتی وامان نەبینیوە، هەر لەبەر ئەوە بەڕاستی بەلای منەوە رۆڵی سەرۆك بارزانی نموونەیە لە ناوچەکـــەدا، هەر ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ورە و قارەمانێتی پێشمەرگە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ئەوان دەبینین کە ســەرۆکەکەیان لەگەڵ خۆیاندایە و جیا نین لە یەکتر و بوونەتە یەك بەش و یەکپارچە، هەر بۆیە توانیویانە وا قارەمانانە بەرامبەر بە دوژمن بوەستن.

*** پرســیارەکە ئەوەیە بۆچی فەرەنسا هەوڵ نادات هاوکاری ســەربازی زیاتر و بە شــێوەیەکی راســتەوخۆ بۆ هەرێمی کوردســتان دابین بــکات، ئایا چ رێگرییــەك هەیە لەوەی فەرەنسا راستەوخۆ یارمەتی سەربازی کوردستان بدات؟**

- ئەوەندەی من بزانم تا ئێســتا هاوکارییەکانی فەرەنسا بۆ هەرێمی کوردســتان لە چەند دۆشــکەیەکی ٢٠ ملم زیاتر نەبووە، کە ئەوانیش بەکارهاتــوون و نوێ نەبوون، هەر بۆیە لەو وتارەمەدا لە بەردەم ئەنجومەنی پیرانی فەرەنســا داوام کردووە ئاستی ئەو یارمەتییانە زیاتر بکرێت و چەکی قورس و ئەو هاوکارییانە راســتەخۆ بە هەرێمی کوردستان بدرێت، نەك رەوانەی بەغدا بکرێت، چونکە هیچ مانایەکی نییە کە ئێوە شەڕەکە دەکەن، بەڵام چەکەکە بۆ لایەکی دیکە بڕوات، هەروەها من ئەوەم دووپات کردۆتەوە کە بۆ ئەوەی لە فەرەنسا شــەڕی داعش نەکەین، ئەوا دەبێت لێرە لــە ناویان ببەین، چونکە ئەگەر داعش لێرەدا بێهێز نەکرێت و لە ناو نەبردرێت، ئەوا دەبێت لە فەرەنسا رووبەڕووی ببینەوە و شەڕی لەگەڵدا بکەین.

*** کورد خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی ســەربەخۆی خۆیان هەیە و عێراقیش بە یەکگرتوویی نەماوەتەوە، هەروەها ئێستا رەوشــەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا بە ئاراســتەیەکە کە سنوورەکان شــکێندراون، ئایا فەرەنسییەکان چۆن لەم رەوشە نوێیە دەڕوانن و چ خوێندنەوەیەکیان بۆی هەیە؟**

- بە ناوی فەرەنســییەکانەوە قســە ناکەم، بــەڵام بە رای مــن دۆخەکە بەم شــێوەیە کە نزیکــەی ٤٠ ملیۆن و بگرە زیاتریش کورد لەم ناوچەیەدا دەژین و خاکێکیان هەیە چەند هەزار ساڵە لەســەری دەژین و مێژوویەکی کۆنیان هەیە و کەلتووری خۆیان هەیە و زمانێکیان هەیە کە لە هەر شوێنێك لەگەڵ یەکتر قسە بکەن لە یەکتر تێدەگەن- بە هەر شێوەیەك بێت-، واتە هەمــوو توخم و پێکهاتەکانی بە دەوڵەت بوونیان تێــدا هەیە، بەڵام ئەوەندەی من دەیبینم ئەوەیە ئەو وڵاتانەی کوردەکانیان بەسەردا دابەش کراوە- تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا- ئەوانە کێشەی گەورەن.

*** کوردســتان بۆتە شوێن و پەناگەی پێکەوەژیان، کە ئێستا یەك ملیۆن و شەش سەد هەزار ئاوارە لە مەسیحی و ئێزیدی و عەرەبی ســوننە و شیعە لە کوردستاندا هەن کە بەسەر ٢٩ کامپدا دابەش کراون، دابینکردنی هەمو پێداویســتییەکانی ئەوان لە توانای هەرێمی کوردســتان بەدەرە، ئایا فەرەنسا بۆ هاوکاریکردنیان چی کردووە؟**

- من هەســت دەکەم کە ئاوارەکان بارێکی ئێجگار قورســە لەسەر شــانی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە وەك ئەوە وایە کە بیســت ملیۆن ئاوارە رووبکەنە فەرەنســا. ئێمــە ئاواتەخوازین وڵاتە عەرەبییەکانی دەوروبەر، بەتایبەتی ئەوانــەی زۆر دەوڵەمەندن، لە سەرەتاشــەوە پێنەدەچوو زۆر دژی داعش بن، قەرەبووی ئەو سیاســەتە هەڵەیەی خۆیان بکەنــەوە و هەر هیچ نەبێت یارمەتی کــورد بدەن بەرامبەر ئەو مەترسییە رابوەستێت، فەرەنساش بتوانێت بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو کارە بکات.

*** وەك دەزانــن کوردانــی ئێزیدی بەم دواییە بە چەشــنی هەڵەبجە و ئەنفال رووبەڕووی کارەسات و کوشتنی بەکۆمەڵ بوونەوە، پرســیارەکە ئەوەیە ئایا بەڕێزتان و وڵاتی فەرەنســا چ هەوڵێکیــان داوە بــۆ ئەوەی ئەم رووداوە بە جینۆســاید بناسرێت؟**

- من وەك سیاسەتمەدار و سیناتۆرێك ئەوەم بۆ یەکلابۆتەوە کە ئەو تاوانــەی بەرامبەر ئێزیدییــەکان کرا، بەلای من و هاوەڵەکانیشمەوە جینۆسایدە و هیچ گومان لەوەدا نییە، بەڵام ئێوە لە دەرەوە وەك پێویســت و بە شــێوەیەکی گشتی کارتان نەکردووە بۆ ناســاندنی ئەو تاوانانەی لە دژی ئێزیدییەکان و لە دژی کورد بەگشتی کراوە، ئەمە وەك هەواڵێکی لێهاتووە، بۆ نموونە بیهێننە بەرچاوی خۆتان فەرەنسییەك لە ماڵەکەی خۆیدا دانیشــتووە و هەواڵێك دەنووســرێت کە ئەوەندە هەزار ئێزیدی کوژراون، دواتر هەواڵێکی دیکە دێت و دەڵێت ئەوەندە کەس بە پێکدادانــی ئۆتۆمبێل کوژراون و ئینجا هەواڵێکی دیکە باسی ئەوە دەکات کە ئەوەندە کەس لە شوێنێکی دیکە کوژراون، مەبەســتم ئەوەیە ئەو گرنگییەی — ئەم رووداوە- هەیەتی بۆ خەڵکی کورد لێرە، تا ئێســتا ئەو گرنگییەی بۆ خەڵکی فەرەنسا نەبووە، بە چەشنێك بڵێن با کاری بۆ بکەین تا رایگرین. کێشــەکە لەوەدایە. لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە کاتێك من ئەوەم پرســی پێشــمەرگە مانای چییە، پێیانوتم بە مانای بەپیرەوەچوونی مەرگ دێت، من چیرۆکی ســێ مۆسکیۆتەرەکەم بیرکەوتەوە، کە بە مانای سێ تفەنگدارەکە دێت، ئەمانە پیاوی پاشــا و جێی باوەڕ و متمانەی پاشــا بوون و ســەرکردایەتی بەرەکانی شەڕیان پێ دەسپێردرا، وەك فەرمانــدەی میحوەرەکان لێرە، دروشــمی ئەوانیش ئەوە بوو کــە مەرگ لە هەر کوێیەك بێــت، ئێمە دەچین بۆ ئەوێ و

**ناسیۆنالیستە توندڕەوە عەرەبە سوننانەی کە یارمەتی داعش دەدەن، درێژە بە پیادەکردنی هەمان سیاسەتی سەددام حوسێن دژ بە کورد دەدەن**

**ئەو تاوانەی بەرامبەر ئێزدییەکان کرا، بەلای من و هاوەڵەکانیشمەوە جینۆسایدە و هیچ گومان لەوەدا نییە، بەڵام ئێوە لە دەرەوە وەک پێویست و بە شێوەیەکی گشتی کارتان نەکردووە بۆ ناساندنی ئەو تاوانانەی لە دژی ئێزدییەکان و لە دژی کورد بەگشتی کراوە**

**ئاوارەکان بارێکی ئێجگار قورسە لەسەر شانی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە وەک ئەوە وایە کە بیست ملیۆن ئاوارە رووبکەنە فەرەنسا**

سڵی لێناکەینەوە و لێی ناترسین، بۆیە ئەوان بە ئازایەتی بەناوبانگ بوون. بۆیە کاری ئێوەیە لێرە چەند دەکرێت ئەو تاوانانە بە دۆکیۆمێنت بکرێت و بۆ ئەوەی لەبیر نەچنەوە و ئەوانەی ماون و شایەتحاڵن، وتەکانیان تۆمار بکرێت و تەرجومە بکرێت و بکرێتە ریپۆرتاژ و پێشکەشی رای گشتی دەرەوە بکرێت و کاری جدی لەسەر بکرێت و پسپۆڕی یاسایی و پسپۆڕی جینۆسایدی دەوێت، کە هەموو ئەوانە پێکەوە کاربکەن.

*** بۆچی کاتێك مەترسیی داعش هاتە سەر کوردستان، ئەمریکا بە فڕۆکە هات بەهانای کوردەوە و ئەڵمانییەکان چەکی میلانیان دابین کرد، بەڵام فەرەنسا زیاتر لەسەر ئاستی راگەیاندن کاری کرد؟**

- ئەمە چەند هۆکارێکی هەیە، یەکێك لەو هۆکارانە ئەوەیە کە هێزەکانی ئەمریکا بنکەیان هەیە لە ناوچەکەدا، لە قەتەر و لە قوبرس، ئەوەی پەیوەندی بە فەرەنساوە هەبێت، ئەوا ئێستا نزیکەی ١٠ هەزار سەربازی لە دەرەوەی خاکی فەرەنسا شەڕدەکەن، لە مالی و لە ئەفریقیا و لە لوبنان و لە ناوەڕاستی ئەفریقیا کە لەوێ شەڕی تیرۆریستەکان دەکەن و فەرەنسا هیچ یارمەتییەك وەرناگرێت لە یەکێتی ئەورووپا، هەرچی هەیە لە بودجەی خۆی خەرج دەکات و بە چەشنی ئەمریکا ئەو توانا سەربازییە گەورەیەی نییە کە بتوانێت سەرباز و چەك بۆ هەموو شوێنێکی جیهان بنێرێت، ئەڵمانییەکانیش تەنها چەکیان نارد،- ئەوەش بارێکی ئەوەندە قورس نەبوو لەسەر شانیان- و سەربازیان نەناردووە، بەڵکو چەند راوێژکارێکیان رەوانە کردووە، واتە فەرەنسا هەر ئەوەندەی پێکراوە.

*** زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە شەڕی داعش تەنها بە هێزی ئاسمانی و گورزی ئاسمانی لەناو ناچێت، بەڵکو ئەمە پێویستی بە رەوانەکردنی هێزی زەمینی هەیە، ئایا تێڕوانین و خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم مەسەلەیە چییە؟**

- چەند هۆکارێك هەن، شەڕەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان و لە عێراق نزیکەی ١٢ هەزار ملیار دۆلاری تێچووە، بێجگە لە زیانی گیانی و ئەو کاریگەرییەی لەسەر رای گشتی ئەمریکا هەیبووە، لەبەر ئەوە ئامادە نین جارێکی دیکە خۆیان بخەنە حاڵەتێکی ئاوا و شەڕێکی ئاواوە، هەروەها بەریتانیاش کە لە باشووری عێراق بەشداری کردووە، ئەوەندەی ئێمە بزانین ئەویش شکستێکی وای بەسەر هاتووە کە جارێکی دیکە ناتوانێت هەستێتەوە و بوێری ئەوە ناکات خۆی بخاتە گێژاوی شەڕێکی تازەوە. فەرەنسا لەبەر ئەوەی وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد- کە هێزەکانی لە زۆر شوێنی دنیادا بڵاوکراونەتەوە- بەڕاستی ئەو هێزەی نییە خۆی بخاتە نێو شەڕی دیکەوە. وەك باس دەکرێت خەرجی بەشداریی سەربازیی فەرەنسا ملیارێك و دووسەد ملیۆن یۆرۆیە لە مانگێکدا، ئەمەش بڕێکی زۆر زۆرە بەتایبەتی لەو بارودۆخە ئابوورییەی کە لەوێدا هەیە. ئەو سەروەختەی شەڕ کرا لە دژی عێراق، بە تەواوەتی سیستەمەکەیان تێکدا و ژێر و ژووریان کرد، ئەوانەی ئێستا هەن ئەفسەرە بەعسییە کۆنەکانن کە لە پشتەوە بەشداری ئەو شەڕە دەکەن، ئەو ناسیۆنالیستە توندڕەوە عەرەبە سوننانەی کە یارمەتی داعش دەدەن، درێژە بە پیادەکردنی هەمان سیاسەتی سەددام حوسێن دژ بە کورد دەدەن، ئێمە پێمان خۆشە کارێك بکەین، بەڵام تواناکانی ئێمە سنووردارە و بەم شێوەیەی دەمانەوێت ناتوانین بەشداری لەو شەڕەدا بکەین.

*** کوردستان سەرچاوەیەکی زۆری نەوت و غازی هەیە، ئایا لە راپۆرتەکەتاندا لەبەردەم سیناتی فەرەنسا باستان لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی کورد و فەرەنسا کرد لە رووی نەوت و غازەوە؟**

- ئێمە دەزانین کوردستان دەوڵەمەندە بە سەرچاوە سروشتییەکانی و بە توانامرۆییەکانی، وەك کەسێکی دەرەکی کە بیەوێت کاری بازرگانی بکات، ئەوا لە نێوان دوو وڵاتدا کە یەکێکیان لە شەڕدا بێت و ئەوی دیکەیان ئاسایشی تێدا بەرقەرار بێت، ئەوا ئەو وڵاتە هەڵدەبژێریت کە کێشەی نەبێت، بەڵام من مەبەستم ئەوە نییە دەبێت کوردستان لەبیر بکەین و لێی دووربکەوینەوە، هەر بۆیە لەو دیدارەمدا کە لەگەڵ سەرۆکی حکومەتدا ئەنجامی دەدەم، یەکێك لە باسەکان ئەوە دەبێت کە دەمەوێت شاندێکی گەورەی کۆمپانیاکانی فەرەنسا بێنمە کوردستان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بارودۆخەکە ببینن و بزانن کە رەوشی ئاسایش و سەقامگیری چۆنە، چونکە بەلای ئێمەوە زۆر زۆر گرنگە کە ئەو پەیوەندییە بازرگانییەش لە نێوان فەرەنسا و هەرێمی کوردستان هەبێت. ئەوەی لە کوردستاندا بەدی دەکەم خاوەن سامانێکی سروشتی زۆر دەوڵەمەندە و ئەگەر پلانی حکومەت سەربگرێت و سەرکەوتوو بێت، ئەوا لە رۆژێکدا یەك ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت، هەرێمی کوردستان خاوەنی سامانێکی گەورەی غازە، کە ئەگەر بێتو غاز بنێرێت بۆ ئەورووپا ئەوا دەتوانێت جێی غازی رووسیا بگرێتەوە کە رەوانەی یەکێتی ئەورووپا دەکرێت، هەموو ئەوانە دەکرێت یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی کوردستان لەباری ئابووری و بازرگانییەوە سەربەخۆ بێت، بەڵام کێشەکە هەروەك باسمکرد دەوڵەتانی دەوروبەرن- ئەوانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە- ئەوان لە پێش سەربەخۆیی کوردستاندا رادەوەستن و دژی ئەو پڕۆژەیە دەوەستنەوە.بەڵام لە سووریا کوردەکان توانیویانە نیمچە ئۆتۆنۆمیەك لەسەر ئەرزی واقیع دروست بکەن و توانیوانە بەرەوپێشەوە بڕۆن و ئۆتۆنۆمیەکەیان بەرفراوانتر ببێت.

*** دوایین وتەت چییە؟**

- هەموو هەوڵی خۆم دەدەم بە ئەورووپای رابگەیەنم کە کورد لەسەر ئەرزی واقیع بەرەنگاری گەورەترین مەترسی بۆتەوە لە جیهانی ئێستادا و بە نوێنەرایەتی هەموو گەلانی جیهان و گەلی فەرەنساش بەڕاستی شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکەن.

**ئەگەر داعش لێرەدا بێهێز نەکرێت و لە ناو نەبردرێت، ئەوا دەبێت لە فەرەنسا رووبەڕووی ببینەوە و شەڕی لەگەڵدا بکەین**

**داوام کردووە ئاستی ئەو یارمەتییانە زیاتر بکرێت و چەکی قورس و ئەو هاوکارییانە راستەخۆ بە هەرێمی کوردستان بدرێت، نەک رەوانەی بەغدا بکرێت**

**زۆر لای من ئازاربەخش بوو لە کاتێکدا کورد لە گۆڕەپانی شەڕدایە و بەر بە پێشڕەوی داعش دەگرێت، بەڵام بۆ کۆنفرانسی لەندەن بانگهێشت نەکران کە تایبەت بوو بە بەرەنگاربوونەوەی داعش**

# دابەزینی نرخی نەوت نابێتە ئەوەی ئێران لە دۆسیێی ئەتومیدا ئاڵای سپی هەڵبکات



پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*

بۆ گوڵان دەینووسێت

نرخی نەوت لەسـەر ئاسـتی جیهان بە شێوەیەکی دراماتیکـی دابەزیـوە لە ماوەی شـەش مانگی ڕابردودا، کە ئێستا بەرمیلێك نەوت بە کەمتر لە ٥٠ دۆلار لە بازاڕەکانی جیهاندا دەفرۆشـرێت. ویلایەتە یەکگرتووەکانـی ئەمەریکا زیاتر لە تەماشـاکارێك بووە لە ئاسـت ئەو پەرەسـەندنەدا. ئەو وڵاتانەی بە تێچوویەکـی کەم بەرهەمهێنان دەکـەن -بەتایبەتی هاوپەیمانی نزیکی واشنتۆن، عەرەبستانی سعودیە- هێشتا دەتوانێت سـوودمەند بێت لەم نرخە نزمانەی ئێسـتا، بەڵام ئەو وڵاتانەی بـە تێچوویەکی بەرز بەرهەمهێنان دەکـەن، قازانجەکانیان بە ئەندازەیەکی

گەورە کەم بۆتەوە. دوو لەو وڵاتانەش کە بە تێچوویەکی بەرز بەرهەمهێنان دەکەن بریتین لە ڕوسیا و ئێران، هەردووکیشیان دوژمنی جیوپۆلەتیکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکان.

بە پێچەوانەی تیۆرەکانی پیلانگێڕیەوە کەوا بڵاو لە ئارادا بن، ئەوا بەڵگەیەکی کەم هەیە کە واشنتۆن و ڕیاز لە پشت دابەزاندنی نرخەوە بن بۆ پەرەپێدانی ئامانجە هاوبەشەکانی سیاسەتی دەرەوەیان. هەل و مەرجە ئابووریە جیهانیەکان، بەتایبەتی ڕێژەی سستی گەشەکردن لە چین و ئەوروپا، سەری کێشا بۆ زیادبوونی خستنەڕووی نەوت کە لە ئەنجامدا نرخەکە ڕاستبۆوە. هەرچۆنێك بێت، ئیدارەی ئۆباما نیگەران نییە لەبارەی ئەو ناسەقامگیریە ئابووریەی نرخی نزمی نەوت بۆ مۆسکۆ و تارانی دروست کردوو. بەرپرسانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئومێد دەکەن فشاری دارایی کەڵەکەبوو هەردوو وڵاتەکە ناچار بکەن سازش بکەن لەبارەی پرسە سەرەکیەکانی سیاسەتی دەرەوە. بەو پێیە دابەزینی نرخی نەوت ببێتە تەواوکاری سزا ئابووریەکان کە واشنتۆن و هاوپەیمانەکانی سەپاندویانە بۆ سزادانی ڕوسیا و ئێران.

ئەگەری ئەوە هەیە سەرکردەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دووچاری نائومێد بوون ببنەوە لە ئاست پێشبینیەکانیاندا لەبارەی سازشی دراماتیکی لە هەر یەکێك لەم دوو وڵاتەوە. ناواقیعیە باوەڕت وابێت کە هەرگیز ڕوسیا دەستبەرداری کۆنترۆڵ کردنی کریمیا دەبێت یاخود چاوپۆشی لە ئەندامێتی ئۆکرانیا لە ناتۆ دەکات. بەڵام ئەگەرەکان لە ئاست ڕەفتارەکانی تاراندا تەنها بە ئەندازەیەکی کەم باشترە. ڕاستە، ئێران زیاتر و زیاتر ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن لە پەیوەندیدا بە بەرنامە ئەتۆمیەکەیەوە، بەڵام نەرمی نواندنی زیادی- ئێران- بۆ سەروەختی پێش دابەزینی نرخی نەوت دەگەڕایەوە و پێدەچوو بە شێوەیەکی سەرەکی دەرئەنجامی سەرکردایەتیەتی سیاسی پتر میانڕەو بێت، بە تایبەتی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن سەرۆك حەسەن ڕۆحانیەوە.

بە درێژایی مێژوو، حکومەتەکان ئامادە بوونە دانیشتوانەکانیان بکەونە ژێرباری بێبەشی و دژواریەکی سەختەوە ئەگەر هاتوو بەرژەوەندیە ستراتیجیەکانیان وەك پێویست بەرژەوەندی باڵابوبێتن. ڕەفتاری دوو دەیەی ڕابردووی ئێران ئەو ڕاستیە دووپات دەکاتەوە کە قبوڵکردنی مافەکانی ئێران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە پەیوەندیدا بە تەکنەلۆجیای ئەتۆمیەوە ئەولەویەتێکی باڵا بووە بۆ ڕژێمە ئاینیەکە.

پێدەچێت سزا نێودەوڵەتیەکان و نزمی نرخی نەوت پێکەوە زیانی زیاتر- بە بەراورد بە ڕابردوو- بە ئابووری ئێران بگەیەنن، بەڵام هێشتا ئەوەش ئەگەری ئەوەی لێناکرێت هەڵوێستی حکومەتەکە بگۆڕێت لە ئاست پرسی ئەتۆمیدا. پێویستە واشنتۆن و هێزە ڕۆژئاواییەکان پتر واقیعبینانە بن لەبارەی ئەوەی دەکرێت بگەنە چ جۆر ڕێککەوتنێك. ئەگەر ئامانجەکە بریتی بێت لەوەی تاران پابەند بێت بەوەی چەکی ئەتۆمی دروست نەکات یان بڵاو نەکاتەوە، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمە ئامانجێك بێت قابیلی بەدەستهێنان بێت. لە ڕاستیدا، ئەگەری ئەوە هەبوو سەرکردایەتی ئێران پتر ئامادە بێت بۆ ڕێککەوتنێکی لەم چەشنە تەنانەت پێش ئەوەی دابەزینی نرخی نەوتیش فشاری ئابووری زیاتر لەسەر — ئەو وڵاتە- دروست بکەن. ڕوحانی و سەرکردەکانی دیکەی ئێران لەو ڕاستیە تێدەگەن کە بڵاوکردنەوەی چەکی ئەتۆمی دەبێتەهۆی دروست بوونی پێشبڕکێی خۆپڕچەککردنی ئەتۆمی کە دەبێتەهۆی ئەوەی وڵاتەکەیان پتر لاواز بێت لە ڕووی ئەمنیەوە.

هەرچۆنێك بێت، ئەگەر واشنتۆن هەوڵی ئەوە دەدات توانای ئێران بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم لەناو ببات، تەنانەت ئەمە هاوشان بێت بە سنووردارکردن وپاراستنیشەوە، ئەوا دەرفەتێکی کەم لە ئارادایە کە بگەنە ڕێککەوتنێك. ئەوە هەڵوێستی ڕوونی سەرسەختەکان لە کۆنگریس و ناوەندی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە زیادبوونی سەختیە ئابووری و داراییەکان بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە کاریگەریەکی کەمی لەسەر ئێران نییە، بەڵام ئەگەری ئەوە نییە ببێتە هۆی ئەوەی —ئێران- خۆی بەدەستەوە بدات لە پەیوەندیدا بە پرسی ئەتۆمیەوە. هەڵۆکانی دژ بە ئێران ئەوانەی کە خۆیان سەرقاڵ کردووە بەم پێشبینیەوە خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن. بە داخەوە، بەلەرچاوگرتنی ئەوەی لە کۆنگریسدا بەهێزن، ئەوا دەتوانن ئەگەرەکانی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی ماقوڵ لە بار ببەن.

**پێدەچێت سزا نێودەوڵەتیەکان و نزمی نرخی نەوت پێکەوە زیانی زیاتر -بە بەراورد بە ڕابردوو- بە ئابووری ئێران بگەیەنن، بەڵام هێشتا ئەوەش ئەگەری ئەوەی لێناکرێت هەڵوێستی حکومەتەکە بگۆڕێت لە ئاست پرسی ئەتۆمیدا. پێویستە واشنتۆن و هێزە ڕۆژئاواییەکان پتر واقیعبینانە بن لەبارەی ئەوەی دەکرێت بگەنە چ جۆر ڕێککەوتنێک**

**ئیدارەی ئۆباما نیگەران نییە لەبارەی ئەو ناسەقامگیریە ئابووریەی نرخی نزمی نەوت بۆ مۆسکۆ و تارانی دروست کردوو. بەرپرسانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئومێد دەکەن فشاری دارایی کەڵەکەبوو هەردوو وڵاتەکە ناچار بکەن سازش بکەن لەبارەی پرسە سەرەکیەکانی سیاسەتی دەرەوە. بەو پێیە دابەزینی نرخی نەوت ببێتە تەواوکاری سزا ئابووریەکان کە واشنتۆن و هاوپەیمانەکانی سەپاندویانە بۆ سزادانی ڕوسیا و ئێران**

---

*** توێژەری باڵا و جێگری سەرۆکی پرۆگرامەکانی ئامۆژگای کاتۆ و نووسەری گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینتریست) و (وەرزنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و (گۆڤاری گوڵان).**

## پرۆفیسۆر کیڤن هۆگ گۆڤرن بۆ گوڵان:

# کۆنگرێسمان ئید رۆس پرۆژە یاسایەکی گەڵاڵە کردووە و داوا دەکات ئەمریکا راستەوخۆ چەک بە پێشمەرگە بدات



**پرۆفیسۆر کیڤن هۆگ گۆڤرن، ئوستادی یاسایە لە قوتابخانەی خوێندنی باڵای ئەڤی ماریا بۆ یاسا و ماوەی ٢٠ ساڵ لە سوپای ئەمریکا پارێزەر بووە و بەشداری لە زۆر ئەرکی نێودەوڵەتی لەگەڵ سوپای ئەمریکا کردووە، لەوانەش دوای دروستبوونی نەوای ئارام بۆ کوردستان یەکێك بووە لەو کەسانەی لەگەڵ سوپای ئەمریکا سەردانی کوردستانی کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان و مەترسییەکانی داعش لەسەر سیستمی نوێی جیهان و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەیان کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو سەردانی کوردستانتان کردووە، چۆن لە بەرەوپێشچوونەکانی ئەم بیست ساڵەی هەرێمی کوردستان دەڕوانیت؟**

- پەرەسەندنەکان لە هەرێمی کوردستان لە رووی بەهێزکردنی رەوشی ئەمنی و سیاسی و ئابوورییەوە زۆر جێی سەرسوڕمانن، ئەمەش بۆتە مۆدێلێك بۆ نەتەوەکانی دیکە.

***دوای ساڵی ٢٠٠٣ و دەستپێکردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لەلایەن ئەمریکاوە، هەرێمی کوردستان هەنگاوی گەورەی هەڵگرتووە و پێشکەوتنی گەورەی بەدیهێناوە، بەڵام لە حوزەیرانی ساڵی رابردوو کوردستان رووبەڕووی هێرشی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش) بۆوە، لەو کاتەوە پێشمەرگە شەڕی داعش دەکات، کە ئەمەش هەر بە تەنها شەڕی کورد و شەڕی پێشمەرگە نییە، بەڵکو شەڕی سەرجەم جیهانە، پێویستە ئەمریکا و رۆژئاوا چۆن هاوکاری پێشمەرگە بکەن بۆ ئەوەی بەسەر ئەم دوژمنەدا زاڵ بێت؟**

- هەلومەرج و هۆکاری شەڕکردن لەگەڵ داعشدا زۆر روونە، ئەوان دوژمنی خەڵکانێکی زۆر و ئایدیۆلۆجیایەکی زۆر و دژی ئایینگەلێکی زۆریشن. پێکدادانی داعش لەگەڵ هێزە کوردییەکان و پتەوکردنی ئەو هێزانەی کە تەحەددای داعش دەکەن- لە نێویاندا پێشمەرگە و ئەو هێزە کوردییانەی دیکە- زۆر گرنگە و رۆڵی پێشمەرگە و لایەنەکانی دیکە لە شەڕکردن لە دژی داعش نەك هەر بۆ ئاسایشی ئیقلیمی، بەڵکو بۆ ئاسایشی جیهانیش بێئەندازە گرنگە. بە دڵنیاییەوە ئەمە دۆخێکی ئاڵۆزە بە لەبەرچاوگرتنی بوونی هێزەکانی دیکە لە ناوچەکەدا کە کاریگەری و دەستڕۆیشتووییان لەو ناوچانەدا هەیە کە داعش خوازیارە باڵادەست بێت بەسەریاندا. لەلایەکی دیکەشەوە ئەمریکاش وەك وڵاتانی دیکە هەست بە پێویستی پەلەکردن لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ هەڕەشەی روو لە زیادی داعش دەکات و دەبێت ئەمریکا زۆر بە وریاییەوە رۆڵی وڵاتانی دیکە لەبەرچاو بگرێت کە راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ پشتیوانی داعش

دەکـــەن و ئەوانەی تەحەددی داعـــش دەکەن. ئەمەش کوردەکان لـــە خۆدەگرێت، ئەگەرچـــی لەواندا کورت نابێتەوە.

***لە دوای دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیســلامی، سیستمی جیهانی رووبەڕووی تەحەددی بۆتەوە و ئێستاش جیهان بە قۆناغێکدا تێدەپەڕێت کە بێ نیزامی باڵی بەســـەردا کێشـــاوە. بە بۆچونی ئێوە، تـــا چ رادەیەك نەبوونی سیســـتمی جیهانی لەســـەر تێکڕای جیهان لە سەدەی بیست و یەکدا مەترسی دروست دەکات؟**

- لە ناوەڕاســـتی سەدەی بیســـتەمەوە تا هەنووکە ئەو مەترســـییەی ئێســـتا رووبەڕووی سیســـتمی جیهانی بۆتەوە، باڵاترین مەترسییە، کە کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان و ناکۆکییـــە چەکدارییە ناوخۆییەکان بە شـــێوەیەکی بنەڕەتـــی بەرەنگاری ئـــەو چەمکانـــە بوونەتەوە — کـــە کەتوونەتە بـــەر تاقیکردنـــەوەی رۆژگارەوە- وەك «دەوڵەت»، «دەوڵەتداری» و «بێدەوڵەتی»، سیستمی کۆمەڵایەتی، بێ نیزامی و پشێوی. شارەزای یاسای نێودەوڵەتی ئینیس، ئێل کلاود نووسیویەتی: «(سیستمی جیهانـــی) بەنـــدە لەســـەر نەبوونی جەنـــگ، یاخود ترساندن بەهۆی هەڕەشەی پەنابردنەبەر ناچارکردنەوە. ئەگەر بە روونی گوزارشـــتی لێ بکەین، سیســـتمی جیهانی هـــەل و مەرجێکە کە ئەگـــەری گەورە هەیە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان تێیدا بە شێوەیەکی ئاشتییانە بەڕێوەدەبردرێن. واتە ئەو پێشـــنیاری رێسا دەکات، نەك پشێوی، شێوازی جێگیری رەفتارکردن نەك هەڵسوکەوتی پیشـــبینی نەکراو، بڕیارگەلێك کە رێککەوتنیان لەسەر کرابێت، نەك بڕیای ســـەپێندراو.» (National Security Law، JOHN NORTON MOORE، (Carolina Academic Press (لا٣١-٣٢) بەتایبەتی ئـــەوەی پێی دەگوترێت دەوڵەتی ئیســـلامی لە عێراق و شام (داعش)، هێزێکن نەك تەنها بۆ سیستمە هەرێمییەکە، بەڵکو بۆ سیستمی جیهانیش بێئەندازە ناسەقامگیرکارن.

*** دەوڵەتی ئیســـلامی لە عێراق و شـــام (داعش) دوو جەنگی بەرپا کردووە لە عێراق و سووریادا. بەڵام تەنها هێزەکانی پێشمەرگە بوون کە توانییان شکست بە داعش بهێنـــن و بەر بە پێشـــڕەوییەکانیان بگرن، گەرچی ئەم هێزە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان نین و بەشـــێکن لە عێراق. لێرەدا دەمانەوێت پرســـیاری ئەوە بکەین، پێویستە چۆن مامەڵە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەدا بکرێ بۆ ئەوەی شکستپێهێنانی تیرۆریزم لێرەوە دەست پێبکات؟**

- کورد رووبەڕووی هەڕەشەیەکی وجوودی راستەوخۆ و ساتەوەخت بوونەتەوە و بوێرانە شەڕیان کردووە بۆ بەرگرتن بە پێشـــڕەوییەکانی داعش بەرەو هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردســـتانە. لە ١٤ی ئابی ٢٠١٤دا، هاوشان بە گورزە ئاســـمانییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، هێزە کوردییە زەمینییەکان گەمارۆی داعشیان لەسەر چیای شەنگال شکاند، کە بواری بۆ ئاوارە ئێزیدییەکان کردەوە تاوەکو لە دەســـتی مەرگ رزگاریـــان بێت. ئەمریکا گۆڕینی تەرکیزی خـــۆی راگەیاند بۆ چەکدارکردنی کـــوردەکان و پێچەوانەکردنـــەوەی دەســـتکەوتەکانی داعش، کە بەو رووداوانە گەیشـــتن کە ئەمرۆ (٢٦ی کانونی دووەمی ٢٠١٥) لەلایـــەن کەناڵی ئەلجەزیرەوە بڵاوکرانـــەوە: بە گوێـــرەی چالاکوانە ســـوورییەکان و بەرپرســـێکی کوردی ســـووری، هێزە کوردییەکان نزیك بوونەتەوە لە کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی شاری کۆبانێ — کە شەڕێکی سەختی لەسەر کرا- دوای ئەوەی توانرا چەند شوێنێکی سەرەکی لە داعش وەربگیرێتەوە.

*** هاوپەیمانێتـــی نێودەوڵەتی وەك بەشـــێك لە عێراق هەڵسوکەوت لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەدا دەکات، ئەمە لە کاتێکدا ســـوپای عێراق لەبەردەم داعشـــدا هەرەسی هێناوە و ناتوانن لە ئێســـتادا شـــەڕی داعش بکەن. تا چ رادەیەك ئەم رەفتـــارەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لە ئاســـت هێزەکانی پێشمەرگەدا، شەڕی دژە تیرۆر لە دژی داعش دەخاتە مەترسییەوە؟**

- شەڕی دژ بە داعش لە رووی قەوارەوە بەهێزتر دەبێت و لە رووی کاریگەرییەوە سەرکەوتوو دەبێت. لە ئەیلوولی ٢٠١٤دا ئەمریـــکا رایگەیاند کە «هاوپەیمانێتیەکی» پێکهێنـــاوە کـــە ٣٠ دەوڵەت تێیدا بوونەتـــە ئەندام، کە هەڵســـاون بە ئەنجامدانی گورزە ئاسمانییەکان لە دژی داعش و پتر لە ١٠٠٠ ســـەربازیان لەسەر زەوین مەشق بە هێزەکانـــی هەرێمی خۆبەڕێوبـــەر (ئۆتۆنۆمی)ی کوردی و ســـوپای عێراق و دیپلۆماتکارەکانیان دەدەن و راوێژیان پی دەکـــرێ. هەروەها لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤یش ٦٠ شاند لە برۆکسل، بەلجیکا پێکەوە کۆبوونەوە لەسەر بانگهێشتی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جۆن کیری بۆ ئەوەی لە دانیشـــتنێکدا لەسەر ئاستی وەزیرەکانی هاوپەیمانێتییـــە جیهانییەکە گفتوگۆیەکی بابەتییانە بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، بەم دواییە لە مانگی کانوونی دووەمدا حکومەتی سویدی رایگەیاند کە بەنیازی رەوانەکردنی کارمەندی سەربازییە بۆ عێراق بۆ ئەوەی هاوکار بن لە مەشـــقپێکردنی هێزی پێشمەرگە لە شەڕەکەیاندا دژی داعش.

*** بەڵام ئەمریکا و وڵاتە رۆژئاواییەکان لەسەر ئاستێکی سنووردار هاوکار و یارمەتیدەری هێزەکانی پێشمەرگەن لە رووی دابینکردنی چەکەوە، هێزەکانی پێشمەرگەش**

**لە ریپۆرتاژی چەشنی ئەوەی ئێوە لە گۆڤاری هەفتانەی گوڵان و دەزگاکانی دیکەی راگەیاندن ئەنجامی دەدەن لە سەرتاسەری جیهاندا، پێویستە تەرکیز لەسەر ئەو نەهامەتی و ناهەمواریيانە بکەن کە داعش دروستی کردوون**

**تاوەکو ئێستا حکومەتی ئەمریکا چەکی قورس و ئۆتۆمبێلی زرێپۆشی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دابین نەکردووە، بەڵکو لە ئاستێکی سنووردار‌دا و دوای رەزامەندی بەغدا چەکی سووکی بۆ دەستەبەر کردوون**



کورد رووبەڕووی هەڕەشەیەکی وجوودی ڕاستەوخۆ و ساتەوەخت بوونەتەوە و بوێرانە شەڕیان کردووە بۆ بەرگرتن بە پێشڕەوییەکانی داعش بەرەو هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە

**توانـــای ئەوەیان هەیە تا ئاســـتێکی دیاریکراو بەر بە پێشڕەوییەکانی داعش بگرن. بە تێڕوانینی ئێوە تا چەند پێویستە ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵەکانیان چڕتـــر بکەنەوە بـــۆ دابینکردنی چەکی پێویســـت بۆ هێزەکانی پێشـــمەرگە بۆ ئەوەی لە ناوچەکانی خۆیاندا شکست بە داعش بهێنن؟**

-تاوەکـــو ئێســـتا حکومەتی ئەمریـــکا چەکی قورس و ئۆتۆمبێلی زرێپۆشـــی بۆ هێزەکانی پێشـــمەرگەی کوردستان دابین نەکردووە، بەڵکو لە ئاستێکی سنووردااردا و دوای ڕەزامەندی بەغدا چەکی سووکی بۆ دەستەبەر کردوون، ئەمریکا کەمپی ســـەربازی مەشقپێکردنی لە هەولێر و عەین ئەل ئەســـەدی لـــە پارێزگای ئەنبار و کامپی تاجی و بیســـمایە لە نزیك بەغـــدا کردووەتەوە کە تێیاندا شارەزا ســـەربازییە ئەمریکییەکان مەشق بە هێزەکانی عێراق و هێزی پێشـــمەرگە دەکەن لەگەڵ ئەو چەکانـــەی کە بەکاری دەهێنن بـــۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش. ئـــەوەی مانایەکـــی زۆر هەڵدەگرێت، ئەوەیە کە ئەندامێکی کۆنگرێســـی ئەمریکا (ئید ڕۆیســـە) ســـەرۆکی ئەنجومەنی کاروباری دەرەوە پڕۆژەیاســـای ژمـــارە ٥٧٤٧ی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا پێشـــکەش کرد. پڕۆژە یاســـایەکە بۆ ئەوە بووە راســـتەوخۆ چەك بە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بدرێت. ئەم یاسایە دەســـەڵاتێکی کاتی دەداتە ســـەرۆك ئۆباما بۆ ئەوەی راســـتەوخۆ چەك بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بدرێت بۆ شـــەڕکردن و بەرەنگاربوونەوەی داعش لەسەر زەوی. ئەگەر ببێتە یاسا ئەوا:

ا: دەبێتە سیاسەتی ئەمریکا کە هاوکاری راستەوخۆ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین بکات بۆ شەڕکردن لە دژی داعش.

ب: کـــورد وەك شـــەریکێکی متمانەپێکراو وجێگیر بۆ ئەمریکا دەستنیشان دەکرێت.

ج: پێشمەرگە وەك هێزێکی ئەمنی و ڕەسمیی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەناسرێت، کە بە گوێرەی دەستووری عێراقی ڕێکخرابێت.

د: گەیشـــتنە بەو راســـتییەی کە تێکشکاندنی داعش کاریگـــەری یەکلاکەرەوەی دەبێت لەســـەر پاراســـتنی عێراقێکی یەکگرتووی هەمەلایەن.

هـ: جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی داعش هەڕەشەیەکی تیرۆریســـتی گەورەیە کە رەنگـــە پتر لە ٤٠٠٠ پارچە چەکی قورس، ١٥٠٠ ئۆتۆمبێلی زرێپۆش و ٥٠ تۆپی قورس بەکار بهێنێت کە بەدەستی هێناوە.

و: درێژەدان بەو چاودێرییەی کە ئێستا کۆنگرێس پێی هەڵدەستێت بۆ هەر گواستنەوەیەکی گەورەی چەك.

ح: دوای سێ ساڵ کۆتایی پێدێت، بە حوکمی ئەوەی ئەمە دەسەڵاتێکی باری نائاساییە.

***پتر لە یەك ملیۆن و نیو ئاوارە و پەنابەر هەن کە روویان کردۆتە هەرێمی کوردستان، حاڵی حازر کەش و هەوای زســـتان ڕەوشەکەی ســـەختتر کردووە، بەڵام هاوکارییە**

پەرەسەندنەکان لە هەرێمی کوردستان لە رووی بەهێزکردنی ڕەوشی ئەمنی و سیاسی و ئابوورییەوە زۆر جێی سەرسوڕمانن، ئەمەش بۆتە مۆدێلێک بۆ نەتەوەکانی دیکە



**رۆڵی پێشمەرگە و لایەنەکانی دیکە لە شەڕکردن لە دژی داعش نەک هەر بۆ ئاسایشی ئیقلیمی، بەڵکو بۆ ئاسایشی جیهانیش بێئەندازە گرنگە**

**نێودەوڵەتییەکان سنووردارن و لە ئاستی پێویستدا نین. پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانن هاوکارییە مرۆییەکانیان زیاتر بکەن بۆ ئاوارەکانی ناوخۆی سووریا و عێراق کە حاڵی حازر نیشتەجێی کامپەکانن لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا؟**

- ئەم قەیرانە مرۆییەی ئێستا کاریگەرییەکی تایبەتی لەسەر من هەیە، لەبەر ئەوەی من بەشێك بووم لە هەوڵەکانی -ئۆپەراسیۆنی نەوای ئارام لە ساڵی ١٩٩١-، ئەو ئۆپەراسیۆنەی کە هاوکاری پتر لە نیو ملیۆن ئاوارەی کوردی کرد بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆیان بکەن، کاتێك لە دەست سەرکوتکارییەکانی سوپای عێراق هەڵدەهاتن لە دوای جەنگی کەنداوی فارسییەوە، هەروەها هاوکاری مرۆیی بۆ ئەو کەسانە دابین کرد کە پێویستیان پێی بوو، ئەو کاتە من لە هێزی تایبەتی دەیەمین بووم، کارمان دەکرد بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خەڵك و هاوکاریکردن لەگەڵ پێشمەرگە و سەرکردە مەدەنییە کوردییەکاندا وەك ئەزموونێکی لە یادنەکراو دەمێنێتەوە لە ماوەی دوو دەیەی خزمەتی سەربازیمدا. من هەرگیز یادەوەری ئەو کوردە باش و بوێرانە لە بیر ناکەم کە چاوم پێیان کەوت، لەگەڵ دیمەنە دڵڕفێنەکاندا لە ماوەی گەشتە زەمینی و ئاسمانییەکانمدا لە ماوەی نەوای ئارامدا.بە شێوەیەکی ڕەسمی و بە هاوکاری لەگەڵ شەریکە سەربازییەکانماندا، سوپای ئەمریکا لە ئێستادا وەڵامی داخوازییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەداتەوە، هەمو کارێك دەکەین بۆ دەستەبەرکردنی خواردن و ئاو و شەڵتەر بۆ ئەو کەسانەی کاریگەر بوون بە قەیرانە مرۆییەکان. بەڵام هێشتا پێویستییەکی زیاتر لە ئارادایە و زۆرێك لە پێویستیەکانیش دەستەبەر نەکراون. شەڕەکەی سووریا بە تەنها قەیرانێکی مرۆیی گەورەی دروستکردووە و پتر لە ١٩١،٠٠٠ کەس گیانیان لە دەست داوە، ئاوارەبوونی ٧ ملیۆن کەس و کاولکاری بەربڵاوی قوتابخانە و نەخۆشخانە و پەرستگاکان و ژێرخانی گواستنەوە و پەیوەندیکردن. زیاتر لە ٥ ملیۆن کەس پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی هەیە لە عێراقدا، و زیاتر لە دوو ملیۆن کەس لەلایەن داعشەوە ئاوارە بوون لە ساڵی ٢٠١٤دا.

لە ڕیپۆرتاژی چەشنی ئەوەی ئێوە لە گۆڤاری هەفتانەی گوڵان و دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندن ئەنجامی دەدەن لە سەرتاسەری جیهاندا، پێویستە تەرکیز لەسەر ئەو نەهامەتی و ناهەمواریيانە بکەن کە داعش دروستی کردوون، لەسەر تەنگژەی ئەو کەسانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەم ڕەوشە خراپەوە، هەروەها هانی ئاژانسە حکوومی و ناحکوومییەکان لەسەرتاسەری جیهاندا بدەن بۆ ئەوەی ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە مرۆییەکان و گەڕاندنەوەی سیستمی هەرێمایەتی لەو ناوچانەدا کە داعش دەستێوەردانی تێدا کردووە.

**هەلومەرج و هۆکاری شەڕکردن لەگەڵ داعشدا زۆر ڕوونە، ئەوان دوژمنی خەڵکانێکی زۆر و ئایدیۆلۆجیایەکی زۆر و دژی ئایینگەلێکی زۆریشن**

# کاریگەری یا فاکتەرێ ئاین ل سەر پەیوەندیێن نێڤدەولەتی یێن تورکیایا نو



سەردارشەریف سندی *

ب هاتنا سەر دەسەڵات، ئاکەپە ل ٢٠٠٢ هیوا و گەشبینی یەك مەزن کەڤتە دلێ گەلەك هاوولاتی یان ل تورکیا. ب پەیرەو کرن ژ سیاسەتێن ریفورمێن ئابوری، ئیداری و یاسایی ئێك ژ مەزنترین کێشەیێن تورکیا کو گەندەلی بو، ئاکەپێ شیا هەستا جەماوەری بو لایێ خوەڤە بکێشیت. ئەردوغان نەك تەنێ تورکیا ژ « مایەپوچی» رزگارکر، بەلکو بویە هوی بهێزبونا کەسایەتی یا تورکیا ل سەر ئاستێ جیهانی، ژ وان تایبەتمەندی یان ژی لاوازکرنا دەسەڵاتێ لەشکەری ل سەر دارشتنا سیاسەتا ناڤخو و دەرڤە. و ب گرتنە بەرا رێوشونێن دادگایکرنا تایبەت ب کێشەیا ئەرگەنەکون، ئاکەپە شیا مەزنترین گورز ل هێزێن ڤەشارتییێن دەوڵەتێ بدەت. ل ئالی دی، ئاکەپە ل سەر ئاستێ سیاسەتا دەرڤە وەرچەرخانەك دیرۆکی دەست پێکر. ب پەیرەوکرن ژ بنەماییێن سیاسەتا دەرڤەی یا تورگوت ئوزال، هەولێن جیدی هاتنە داین پێگەها خوە ل روژهەلاتا ناڤین و وەلاتێن موسلمان بهێز بکەت.

شك دڤێ دا نینن ئاکەپە هەمی هەولان ددەت تورکیا نوی بگەهینیت ئاستێ ئیمپراتوری یا ئوسمانی، ئەڤ نەك خەونە بەلکو ل سەر ئاستێ پەیوەندیێن دەرڤە ب تایبەتی ئەو جوغرافی یا گرێدایێ مێژویا دەسەڵاتداری یا ئیمپراتوری یا ئوسمانی و ب مفا وەرگرتن ژ فاکتەرێن دینی و کەلتوری، پێگەها خوە بهێز بکەت. دروستکرنا پەیوەندییێن کەلتوری، ئابوری کو ئامرازێن سەرەکیێن دەسەڵاتێ نەرموکە د ڤی بواری ل سەر بنەمایەك ناو هاوسەنگ هاتینە ئاڤاکرن. ئیرو ل سەر ڤێ جوغرافی یایێ کومەك وەلاتان هاتینە دروستکرن کو خاوەن پەیوەندییێن بهیزن د گەل جیهانا روژئاڤا ب تایبەتی ئەمریکا، بریتانیا و فرانسا و هەتا رادەیەك بەرفرە ژی ئاڵمانیا و ئیتاڵیا. لەورا دژوارە ئەڤ وەلاتێن موسلمان مالئاڤای ژ بەرژەوەندییێن ستراتیژیك د گەل جیهانا روژئاڤا بکەن ل پێناڤ گەهیشتنا تورکیا و ئەردوغان، کو سەرۆکاتی یا جیهانا ئیسلامی بکەت. بەرنامە و ستراتیژی یا ئەردوغان و ئاکەپە بو تورکیا ٢٠٢٣ێ گورانکاری یا بنەرتی یە د شێواز و سیستەما سیاسی و سەر ژ نوی بونیاتنان هاوشێوەی ئیمپراتوری یا ئوسمانی یا هەلوەشاییێ. واتە ناسنامە و کەسایەتی یەك نو.

هاوتەریب د گەل ڤێ، گرینگی دان ب فاکتەرێن ئیسلامی د سیاسەتا ناڤخو و دەرڤە و ژ وان دروسکرنا پەیوەندییێن بهێز د گەل هێز و رێکخراوێن وەکی حەماس و ئیخوان موسلمین، و هێرش کرن بو سەر دەسەڵاتدارێن ئیسرائیل، مسر سوریا و هەتا ڤێ دوماهیکێ ژی ئێراقێ، پالپشتی یەك گشتگیر د سیاسەتا ناڤخویا تورکیا دا نینن. ئاکەپە و ئەردوغان ب هەمی شێوەی دخوازێن بالا جیهان و شەقامێ ئیسلامی بو لایێ خوە ڤە بکێشن. ل ئالی دی ڤە ب پشتەڤانی کرن ژ دەسەڵاتداری یا فەلەستین و دژایەتی کرنا سیاسەتا دەوڵەتا ئیسرائیل بەرامبەر بە نەتەوەیا فەلەستین، کەفتە کێبەرکێ د گەل ئیرانێ. ل سەر ڤی بابەتی و شیا سوز و هاودەردی یا شەقامێن ئەرەبی بو لایێ خوەڤە بکێشت. بوهارا عەرەبی وەرچەرخانەك نوی د ئاستێ سیاسەتا روژهەلاتا ناڤین بو تورکیا دروست کر، و د ڤی بواری تورکیا توشی کێشەیێن مەزن بویە و نەشیا هاوسەنگی یا سیاسی بپارێزیت . هەرچەندە پرانی یا دەوڵەتێ روژهەلاتا ناڤین ئیسلامی و موسلمانن بەلێ دەسەڵاتدارێن روژهەلاتا ناڤین هاوشێوەی تورکیا پشتگیری ژ بوهارا عەرەبی ناکەن.بەروڤاژی دڤێت لایەنێن سیاسی و هەڤالبەندێن تورکیا ل سەر ئاستێ جیهانێ ب چ شیوەیەك ل تورکیا بنێرێن؟

دروستکرنا پەیوەندییێن بهێز د گەل رێکخراوێن کو دەستەواژەیا «Jihad” بنەمایەك سەرەکی یە د

پرینسیپ و پروگرامێن سیاسی یێن وان، جهێ پرسیارە. هەلبەت ب تێکەلکرنا فاکتەرێ دینی و ئیسلامی د سیاسەتا دەرڤە تورکیا مەبەستە چەند نامەیان بو جیهانێ بهنێریت، یەکەم، بو جیهانا ئیسلامی بێژیت کو سەردەمێ « عەلمانی یەتێ» ل تورکیا ب دوماهیك هات، و ئێك ژ وان ستراتیژی یان هەلبژارتنا زمانێ ئوسمانی د پروگرامێ خواندنێ دایە. مەزندە تێتە کرن د سالێن داهاتی بیتە بابەتەك سەرەکی د سیستەما پەروەردەی یا تورکیا. دویەم، نامەیا تورکیا بو جیهانی روژئاڤا یە، ئێدی تورکیا پێویستە وەکی ئەکتەرەك بهێزێ ئیسلامی لێ بێتە نێرین ول سەر ئاستێ سیاسی گرینگە بوچونێن وێ بێنە وەرگرتن! ئەگەر فاکتەرێن ناڤخویێ ( پەیوەندی یا هێزێن ئوپوزیسیون و سەروك کومار) وەکی کاریگەر ل سەر پێگەها تورکیا ل دەرڤە بێتە نێرین، ل گور تیروەك وەها و ب ئاماژە پێکرن ب لاوازی یا پەیوەندیێن هێزێن ئوپوزیسیون د گەل سەروك کومار، کو هەتا نوکە پارتێن وەکی CHP، MHP سەرەدانا کوچکا نوی یا سەروك کوماری نەکرینە. دبیت بێتە گوتن، کو چالاکیێن سیاسی یێن ئەردوغان ل سەر ئاستێ ناڤخوی تورکیا خاوەن کاریگەری یەك نیگاتیڤن ل سەر پێگەها تورکیا ل دەرڤە. ب شێوەیەك هەم سەروك حکومەت داود ئوغلو و هەم ژی وەزیرێ دەرڤە توشی سەرێشی و سەرگێژی کری یە و هەتا نوکە ژی نەشیانە خوە ژ بن سێبەرا هەیمەنە و کاریگەری یا سەروك کومار ئەردوغان بینن دەر.

## ● کی داریژەرێ سیاسەتا دەرڤەیە!

هاتەریب د گەل بابەتێ ئاماژە پێکری ل سەری، رەخنەیا سەروکێ پێشی یێ رێکخراوا بازرگانێن (TÜSİAD) د ڤی بواری خاوەن گرینگی یەك هێژایە. توسیاد کو ئێك ژ ئەکتەرێن سەرەکی یە د بوارێ بوژاندنا ئابوری یا تورکیا، خاوەن تایبەتمەندی یەك هێژایە د کومەلگەها تورکیا و بویە ئێك ژ ئەکتەرێن پەیوەندیدار و بەشدار د دارشتنا سیاسەتا دەرڤە یا تورکیا د ماوەی ٢٠ سالێن بوریێن، دژوارە بو حکومەتا ئاکپارتی کو رەوانگەها رێکخراوەك وەها گرینگ ل بەر چاڤ نەگریت. رەخنەیێن دژبەری گورینا سیستەما سیاسی یا تورکیا و هەلسوکەوتێن ئەردوغان.

تێرور و داعش، شەرێ دژی میدیا و دەولەتا هاوتەریب کێشەیێن سەرەکی نە تورکیا پێڤە دنالیت. د شەرێ جیهانیێ دژی داعش، بەروڤاژی زوربەی وەلاتێن روژهەلات، تورکیا بێ خەم و بێ هەلویست بویە. تورکیا وەسا نیشان ددەت ل شەرێ دژی تیرورغەدر ل تورکیا هاتییە کرن .مەبەست شەرێ پارتی یا کرێکارێن کوردستانێ پ.ك.ك. یە. بەلێ دڤێت ئەڤ ژی بێتە بیرا تورکیا ئەگەر هاریکاری یا روژئاڤا نەبویا، سەروکێ پ.ك.ك یێ عەبدوللا ئوجەلان نوکە ژی دا ئازاد بیت. بو روژئاڤا ئەڤ بالکێشە: ل ئالی یەکێ تورکیا دەست ب پروسا ئاشتی یا کوردی د گەل پ.ك.ك. کری یە، بەلێ داخوازێ ژ روژئاڤا دکەت هاوکار بیت ل شەرێ دژی پ.ك.ك.! دەرئەنجام هەمی بابەتێن پەیوەندیدار ب شێوەیەك جدی کارتێکرنەك نیگاتیڤ ل سەر پەیوەندیێن تورکیا کری یە. بەشداری کرنا داود ئوغلو د « مەشا پشتەڤانی و هاوسوزی» یا پاریس ل فرانسا د هێرشا سەر «چارلی هێبدو» بالکێشە. پێشوازی یا سەروك کومارێ فرانسا ژ داود ئوغلو د ئورفێن دیپلوماسی دا نامەیەك بهێز و گرینگە بو تورکیا. فرانسا ب شێوەیەك راستەخو نامەیەك بو تورکیا هنارت کو کات هاتییە ئەو دەستبەرداری پشتەڤانی رێکخراوا داعش بیت. بەروڤاژی فرانسو هولاند وەکی بەرپرسێن تورکیا خوە هندە تەنگاڤ نەکر، بەلکو ب ئاماژە پێکرن ب « تیروریستێ فرانسی» ژ بلی ئاماژە ب « تیروریستا ئیسلامی»، ئاستێ تێگەهیشتن، بەرزی و هەست کرن ب پێگەها فرانسا د دیپلوماسی یا جیهانی، ب تایبەتی پەیوەندیێن تایبەت کو فرانسا د گەل جیهانا ئیسلامی هەیە، نیشان دا. ئەمریکا ئەو دەولەتە کو خاوەن کاریگەری بهێزە ل سەر پرانی یا دەولەتان، و رون و ئەشکەرەیە دەولەتێن روژهەلاتا ناڤین ئامادە نینن پێخەمەتا بەرژەوەندیێن تورکیا مەودایەکێ بێخنە ناڤ پەیوەندیێن خوە د گەل ئەمریکا. پشتی سالا ٢٠٠٣ێ گورانکاری یەك د رەوانگەها ئەمریکا بەرامبەری تورکیا دروست بویە. روژ ب روژ درزێن نوی دکەڤێن سروشتێ پەیوەندی یان. ئاکەپە ب هەلبژارتنا مێتودێن نوێن پەیوەندی یا د مێژویا هاوچەرخ یا تورکیا، ب گرتنە بەرا سیاسەتا خوە دویرخستن ژ ئەمریکا و روژئاڤا گورانەکا جەوهەری د سیاسەتا دەرڤە و ئاسایش دروست کری یە. ئەگەرێن وێ ژی بهێز بونا پێگەها ئابوری یا تورکیەیە، وەکی فاکتەرەك هێز، تورکیا ب هەست کرنا ب بهێزبونا پێگەها سیاسی و ئابوری یا خوە ل سەر جوغرافی یای نێزیك هەولێن جدی ددەت د بوارێ ئاسایش و سیاسەتا دەرڤە سەربخوە بیت. ل سەر ئاستێ روژهەلاتا ناڤین، تورکیا بەرەڤ گوشەگیری بهێز دچیت. دروستکرنا کێشەیێن جیاواز، ئاکەپە، خستی یە رەوشەك بەر تەنگ.

---

*تویژەری دکتورا لە پەیوەندییە نێودەولەتییەکان- زانکوی دهوك

**رون و ئەشکەرەیە دەولەتێن روژهەلاتا ناڤین ئامادە نینن پێخەمەتا بەرژەوەندیێن تورکیا مەودایەکێ بێخنە ناڤ پەیوەندیێن خوە د گەل ئەمریکا**

**تورکیا ب هەست کرنا ب بهێزبونا پێگەها سیاسی و ئابوری یا خوە ل سەر جوغرافی یای نێزیك هەولێن جدی ددەت د بوارێ ئاسایش و سیاسەتا دەرڤە سەربخوە بیت**



## ویلّ والدرۆف

تایبەتمەند لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# کێشەی داعش و ئۆکرانیا لە ٢٠١٥ بەردەوام دەبێت و کۆتاییان نایەت

**پرۆفیسۆر ویڵ والدرۆف ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی وەیك فۆرست لە ویلایەتی کارۆلینای ئەمریکا و تایبەتمەندە لە مافەکانی مرۆڤ و سیاسەتی دەرەوەی هێزە گەورەکان، بۆ قسەکردن لەسەر مەترسی و تەحەددییەکانی ساڵی ٢٠١٤ کە لە سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان دروستی کردوون، هەروەها ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠١٥ جیهان چۆن لەگەڵ ئەو مەترسی و هەڕەشانەدا مامەڵە دەکات، لەو چوارچێوەیەدا ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر والدرۆف ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** شارەزایان پێیانوایە لە دوای کەوتنی دیواری (بەرلین)ـەوە هیچ کاتێك هێندەی ساڵی ٢٠١٤ پشێوی باڵی بەسەر جیهاندا نەکێشاوە و ئەمەش درێژبۆتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٥ـەش، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا جیهان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پشێویە سیاسییانەدا دەکات؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە گۆڕانکاری و جیاوازییەکانی ساڵی ٢٠١٤ـەوە هەبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە ساڵی ٢٠١٤ هەڵگری گۆڕانکاری بوو لە پەیوەندی بە سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ساردەوە. واتە بە شێوەیەك لە شێوەکان گەڕانەوە بوو بۆ ئەوەی- من پێی دەڵێم: (سیاسەتی نێودەوڵەتی ئاسایی)، ئەمە ئەگەر لە مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بڕوانن، دەبینن بیست ساڵ پێش ئێستا سامویل هانتگتۆن وتارێکی نووسی لەبارەی جیهانی تاکجەمسەری کە تێیدا تاکە هێزێکی مەزن هەیە کە ئەمریکایە، ئینجا کۆمەڵە هێزێکی ئیقلمی و کۆمەڵە پرسێکی ئیقلیمیش هەن، واتە هێز پتر دابەش بووە لە شێوەی فرەجەمسەریدا، ئەمەش جۆرێکە لە پشێوی و ئێستاش ئێمە گەڕانەوەی ئەو پشێوییە بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی بەدی دەکەین، کە ڕەنگە زۆر تەبا بێتەوە لەگەڵ ڕەوتی مێژوودا. لەبەر ئەوە من هاوڕام کە ساڵی ٢٠١٤ ساڵێکی بایەخدار بوو لە رووی ڕوودانی گۆڕانکارییەوە. گۆڕانکاریش بریتی بوو لە گەڕانەوە بۆ حاڵەتی ئاسایی. لە پەیوەندی بەوەی کە ئەم گۆڕانکارییانە درێژبوونەتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٥، من وێنای ئەوە دەکەم کە قەیرانی ئۆکرانیا بەردەوام بێت لە ساڵی ٢٠١٥دا و ڕەنگە گرەو لەسەر ئەوە بکەم کە وەك دۆخێکی بە بنبەست گەیشتوو دەمێنێتەوە. ئایا ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ئەورووپا هاوکاری سەربازی ئۆکرانیا دەکەن؟ بۆ من جێی سەرسوڕمان نابێت ئەگەر ئەوە روونەدات، ئیدارەی ئۆباما زۆر دوودڵ بوو لەوەی ئەم کارە لە ئاست سووریادا ئەنجام بدات، بەڵام دەشکرێت و ئەگەر روویدا ئەوا بە بنبەست گەیشتنی زیاتر بە دوای خۆیدا دەهێنێت. بەڵام ئەو پرسە بەردەوام دەبێت،چونکە رووسیا وڵاتێکە هەوڵدەدات پێگەی جیهانی خۆی جێگیر بکات. لەبەر ئەوە پێموایە ئەو قەیرانە بەردەوام دەبێت و باوەڕم وانییە بە راددەیەکی گەورە خاو بێتەوە لە ئەمساڵدا. ئەگەر بێینەسەر ڕەوشی سووریا و عێراقیش ئەوا ئێوە پتر پێی ئاشنان و لە نزیکەوە ئاگادارن، بەڵام لە روانگەی منەوە ئەو شەڕەی ئێستا لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیدا دەکرێت، بەردەوام دەبێت لە ساڵی ٢٠١٥دا. هەروەها هەڵسەنگاندنی من ئەوەیە کە لە ئەمساڵدا ڕەنگە ڕەوشەکە وەرچەرخانێکی گرنگی تێدا رووبدات، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دڵڕەقی و دڕندەییەی ئەم دواییە لە پەیوەندی بە فڕۆکەوانە ئەردەنییەکەوە روویدا، ڕەنگە وەرچەرخانەکە بەرەو ئەوەبێت کە کاراکتەری ئیقلمیی زیاتر بەشدار بن لە شەڕەکەدا بۆ کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتی ئیسلامی. ڕەنگە سەحوەیەکی سوننی بە چەشنی ئەوەی لە عێراقدا هاتەئاراوە بۆ شەڕکردن لە دژی ئەلقاعیدە لە ٢٠٠٧ کە لە سەردەمی بوش دروستکرا، ئێستاش ئیدارەی ئۆباما ئومێدی ئەوە دەکات ئەمە رووبدات. هەرچۆنێك بێت، ئەمە شەڕێکی بەردەوام و درێژخایەنە و چارەسەرکردنی کاتێکی زۆری دەوێت.

*** بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەوەمان دی کە خەڵکانێك لە ئەورووپاوە روویان کردە دەوڵەتی ئیسلامی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چ پێشبینییەکەتان هەیە لە پەیوەندی بە بەرفراوانبوونی دەوڵەتی ئیسلامی و ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئەورووپادا دێنە ئاراوە لە پەیوەندی بە توندڕەوەکانەوە؟**

- دووبارەی دەکەمەوە کە بەدڵنیاییەوە ڕەنگە ڕووداوێکی وەك فڕۆکەوانە ئەردەنییەکە، یاخود ڕووداوی وەك چارلی ئەبدۆ ببنەهۆی ئەوەی ڕۆژئاوا- بە مانا جیهانییەکەی کە ڕەنگە ژاپۆنیش لە خۆبگرێت و هەروەها ئەمریکا- بە گوڕوتینێکی زیاتر بەشداری شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی بکەن. بۆ من جێی سەرسوڕمان نابێت کە هەندێ گەنجی پەراوێزخراو لە ئەوروپا، یان ئەمریکا سەرنجیان بۆ لای دەوڵەتی ئیسلامی رابکێشرێت و بچنە نێوی، بۆی هەیە ڕوودای دیکە لە ناو ئەوروپا و ڕەنگە لە ناو

**سنوورەکانی ناوچەکە بە شێوەیەکی دەستکرد لەلایەن هێزە ئیمپریالییەکانەوە دروستکراون**

**تورکیا بە ئاشکرا هەڵوێستێکی گرتۆتەبەر کە وادەربکەوێت پتر تەبا بێت لەگەڵ رای گشتیدا، لە کاتێکدا بە پەنهانی و بە بێدەنگی هەندێ کاری کردووە کە ئاسانکاری بکات بۆ ئەمریکا لە هەوڵەکانیدا دژ بە داعش**

**توخمێکی ئایدیۆلۆجی پەیوەندیدار بە شەڕی ساردەوە لەم ڕەوشەدا دیار نییە، واتە بارگرژی ڕوودەدات، بەڵام پێموانییە بگەڕێینەوە بۆ شەڕی سارد**

**هێز پتر دابەش بووە لە شێوەی فرەجەمسەریدا، ئەمەش جۆرێکە لە پشێوی و ئێستاش ئێمە گەڕانەوەی ئەو پشێوییە بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی بەدی دەکەین**

ئەمریکاشدا ڕوودات. ڕەنگە بەردەوامبوونێك لە چوونی ئەو ڕادیکاڵانە لە ئەورووپا و ئەمریکاوە بۆ شەڕکردن لە سووریا و عێراق هەبێت. بەڵام پێموایە ڕوودانی ئەو هێرشانە لە ئەورووپا و ئەمریکا زەحمەتە، بە چەشنی ئەوەی ئەنجامدانی ئەو هێرشانە لە دۆخی دوای ١١ی سێپتەمبەری ئەمریکا زەحمەت بوو، ئەویش بەهۆی ئەو ڕێوشوێنە ئەمنییانەی گیراونەتەبەر. تێڕوانینی من لە دوورەوە- کە کەسانێکی زۆریش باس لەم پرسە دەکەن و هەروەها شارەزایانی ناوچەکەش لێرە باسیدەکەن- ئەوەیە کە تاوەکو دەوڵەتی ئیسلامی دڵڕەقانەتر بێت و پتر دڕندەیەتی بنوێنێت، ئەوا زیاتر ئەوە دەسەلمێنێت کە نوێنەرایەتی ئیسلامی ڕاستەقینە ناکات، باوەڕم وایە ئەمە بە توندی دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی، ئەویش لە هەڵگەڕانەوەی خەڵکانێکی زیاتر لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبی لە دژیان، هەروەها لە سووربوونی زیاتری ئەمریکا و ئەورووپا بۆ دژایەتیکردنیان.

***دەوڵەتی ئیسلامی گۆڕانکاری جیوپۆلەتیکی دروستکردووە، ئایا ئێستا ئەو گۆڕانکارییە جیوپۆلەتیکییانەی لەسەر دەستی داعش دروست بوون، هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایش و ئاشتی لە جیهاندا؟**

- پێموایە ئەم کێشەیە دوو لایەنی هەیە، یەکەمیان دەوڵەتی ئیسلامی وەك لقێکی ڕادیکاڵی ئیسلام، یان ئیسلامی سوننە، هەروەها کێشەیەکی قووڵتر، ئەویش بریتییە لەوەی سنوورەکانی ناوچەکە بە شێوەیەکی دەستکرد لەلایەن هێزە ئیمپریالییەکانەوە دروستکراون، ئەمەش مانای ئەوەیە دوو کێشە هەیە، پێموایە لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پتر تەرکیزی لەسەر کێشەی یەکەمیانە، کە تەحەددای داعشە. کە ئێستا بەهێزبوونی هاوپەیمانێتیەکە دەبینین کە کوردستان و هەروەها بەغداش لەخۆ دەگرێت لە پەیوەندی بەوەی سەرەتا مامەڵە لەگەڵ داعشدا بکرێت. بەلای منەوە ئەوە ئەو سیناریۆیەیە کە ئەگەری ڕوودانی لێدەکرێت کاتێك باس لە ساڵی داهاتوو دەکرێت، پێموایە لە ساڵی ٢٠١٥دا ئەمە زۆربەی زۆری گفتوگۆکان داگیردەکات. واتە کاتێك ئەو کێشەیە یەکلا دەبێتەوە، یان تا ڕاددەیەك داعش کۆنترۆڵ دەکرێت، ئەوا کێشە لاوەکییە قووڵترەکە دەردەکەوێتەوە، پرسی ئایندەی کوردستان دێتە پێشەوە لە سیاقی پرسی گەورەتردا لە پەیوەندی بە سنوورەکان و کێشەی تایەفەگەرییەوە، ئەوەش کێشەیەکی ئاڵۆزە و ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێین ئەوا چارەسەرکردنی زەحمەتە. بەتایبەتی کە تورکیا و وڵاتانی دیکەش ڕۆڵیان دەبێت تێیدا.

*** ململانێیەکی هاوشان هاتۆتەوە ئارا، کە ڕووسیا هەوڵدەدات جێپێی خۆی لە سەر شانۆی جیهان جێگیر بکات، ئێستا ململانێیەك لە نێوان ڕووسیا و چین لەلایەك و ڕۆژئاوا بەگشتی لەلایەکی دیکەوە دروست بووە، ئایا پێشبینی هاتنە ئارای شەڕی سارد دەکەن؟**

- وەڵامی کورتی من ئەوەیە شەڕێکی ساردی دیکە نابینینەوە، ڕۆژگاری شەڕی سارد بێوێنە بوو، کە دوو هێزی مەزن هەبوو، دوو ئایدیۆلۆجیای لێکجیاوازی ململانێکار هەبوون کە ئەندازەیەکی گەورەی ترس و سڵەمینەوەیان دروستکردبوو. لە سەرووی ئەوانەشەوە هەڵکشانی هێزی چین بەلای کەمەوە لە مەودای نزیکدا جیاواز دەبێت لە هەڵکشانی هێزی ڕووسیا، لەبەر ئەوەی چین بەرژەوەندی هاوبەشی هەیە و پەیوەندیی بازرگانی هەیە، هەروەها لە پەیوەندیدا بە پرسی کۆریای باکوورەوە ئەوا دەکرێت هاوکاری بکات لەئەمساڵدا بەتایبەتی کە لە ڕاپۆرتەکان باس لە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان دەکرێت لەبارەی کێشەی ئەتۆمی کۆریاوە. کەواتە ئەگەرچی چین هێزێکی هەڵکشاوە، بەڵام بەرژەوەندیی هاوبەشی لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەیە، هەروەها چین وەك هێزێکی ئابووری ئەم کارە دەکات نەك وەك هێزێکی سەربازی،. بەڵام ڕووسیا وەك هێزێکی سەربازی ئەو کارە دەکات لە ئۆکرانیا، ئەگەرچی هێشتا هێزێکی مەزنە، بەڵام هێندەی هێزی یەکێتی سۆڤیەت پتەو نییە. لێرەدا دەگەڕێمەوە بۆ ئەو خاڵەی لێیەوە دەستمان پێکرد، ئەوەی ئێستا بەدی دەکەین بریتییە لە سیاسەتی هێز، لەلایەك وڵاتێکی وەك ڕووسیا هەیە کە هەست بەوە بکات سووکایەتی پێکراوە لە دوای شەڕی ساردەوە و هەوڵدەدات جێپێی خۆی جێگیر بکات لەسەر شانۆی جیهان و ڕەنگە لە کۆنترۆڵکردنەوەی کریمیادا هەندێ بەهای ستراتیژی بەدەستهێنابێت کە بریتییە لە کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو کەنداوە. کەواتە ئەوەی پێویستە سیاسەتدارێژەران لە هزری خۆیاندا بیچەسپێنن، ئەوەیە کە توخمێکی ئایدیۆلۆجی پەیوەندیدار بە شەڕی ساردەوە لەم ڕەوشەدا دیار نییە، واتە بارگرژی ڕوودەدات، بەڵام پێموانییە بگەڕێینەوە بۆ شەڕی سارد.

*** ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە بەرژەوەندیی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا چونیەك نییە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خودی ئەمریکا خۆیدا، بۆ نموونە ئەگەرچی قەتەر و تورکیا بەشێکن لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، بەڵام بە تەواوەتی بەشدارییان نەکردووە لە لێدانی داعش و ئەوە گرێ دەدەنەوە بە ڕووخاندنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەڵوێستی جیاوازی تورکیا وەك ئەندامی ناتۆ و وەك**



**ئەندامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی چۆن لێك دەدەنەوە؟**

- بەلای کەمەوە ئەوەندەی من تێدەگەم تورکیا بە ئاشکرا هەڵوێستێکی گرتۆتەبەر کە وادەربکەوێت پتر تەبا بێت لەگەڵ رای گشتیدا، لە کاتێکدا بە پەنهانی و بە بێدەنگی هەندێ کاری کردووە کە ئاسانکاری بکات بۆ ئەمریکا لە هەوڵەکانیدا دژ بە داعش. ئەمە جێی سەرسوڕمانی من نییە، چونکە لە کەیسی دیکەشدا هاوپەیمانی ئەمریکا هەبووە کە بەشێکیش بووە لەگەڵ ناتۆ، بەڵام هاوڕا نەبووە لەگەڵ خواستەکانی ئەمریکادا، ئەگەر لە کەیسی عێراق بڕوانن، ئەوا بەشێکی زۆری ناتۆ پشتیوانی هەوڵەکانی ئەمریکایان نەکردووە. لەبەر ئەوە هەڵوێستی تورکیا تەبایە لەگەڵ بەشێك لەو شێوازی دیموکراسییەی کە ناتۆی لەسەر بنیاتنراوە. ئەوەی پەیوەندی هەبێت بەوەی ئەمریکا دەخوازێت لە دژی داعش بەدەستی بهێنێت، ئەوا باشترە ئەگەر تورکیا پتر هاریکاری و زیاتر پشتیوان بێت و رەنگە بەشدارییەکی گەورەتر بکات، بەڵام تورکیا وەك ئەندامێکی ناتۆ مومارەسەکردنی مافی ئەوە دەکات کە زۆر چالاك نەبێت لەم پرسەدا، ئەوە تێگەیشتنی منە.

*** ئەو هێزەی بە شێوەیەکی راستەقینە و لەسەر زەمین شەڕی داعش دەکات بریتیە لە هێزەکانی پێشمەرگە، ئایا پێویستە چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار لەسەر هاوکاریکردنی پێشمەرگە بکەن؟**

- پێشمەرگە رۆڵێکی زۆر پێویست دەبینین لەم دەستپێشخەرییەدا و هێزێکی شەڕکەرن کە ئەمریکا خوازیارە وەك مۆدێلێك لێی بڕوانێت بۆ ئەوەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش بەو شێوەیە هەوڵبدەن مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیدا بکەن. لە پلانی ئەمریکادا- نەك رەوانەکردنی هێزی زەمینی، بەڵکو دۆزینەوەی چارەسەری ئیقلیمی بۆ پرسی ئیقلیمی- گرنگە و لەوەش پێشمەرگە رۆڵێکی زۆر پێویستی هەیە، پێموایە ئەوەی ئەمریکا تا ئێستا ئەنجامی داوە، ئەوا بەردەوام دەبێت لە دابینکردنی سەرچاوەکان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، کە پێویستیشە ئەو کارە بکات لە شەڕکردنیاندا لە دژی داعش. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئەمریکا ئومێدی ئەوە دەکات وڵاتانی دیکەش هەمان ئەو پابەندبوونە بخەنە ئەستۆی خۆیان- کە من پێموایە ئەمە زیاتر ئەگەری روودانی لێدەکرێت-. لەبەر ئەوە من شتێکی دیکەم نییە، جگە لەوەی بڵێم رۆڵی پێشمەرگە پێویستیەکی بە پەلەیە بۆ هەر بەرەوپێشچوونێك لە بەرەکانی شەڕدا دژی داعش و تێکشکاندنیان.

**پێشمەرگە رۆڵێکی زۆر پێویست دەبینین لەم دەستپێشخەرییەدا و هێزێکی شەڕکەرن کە ئەمریکا خوازیارە وەک مۆدێلێک لێی بڕوانێت بۆ ئەوەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش بەو شێوەیە هەوڵبدەن مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیدا بکەن**

# هەڵمژینی قەیران لە خاکی ئیسلامدا

**یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە پرۆسەی هەڵبژاردن لە وڵاتانی خاکی ئیسلامدا بەتاڵدەکاتەوە بریتییە لە ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە وەک وەڵام بە قەیران. واتە ئەوەی هەڵبژاردن دروستدەکات، هەلومەرجێکی ئاسایی و مەدەنی و دیموکراتیک نییە، بەڵکو زنجیرەیەک قەیرانن کە لە کۆتاییدا دەکرێت بمانبەنەوە سەر گریمانە قابوسییەکە (گۆمی خوێن)، یان بمانبەنەوە سەر گریمانەی خۆبەرهەمهێنانەوەی ئۆتۆریتاریزم لە بەرگیدیکەدا.**



**دکتۆر عادل باخەوان***

**تایبەت بۆ گولان دەینووسێت**

کرانەوەی سیاسی یەکێکە لەو سێ ستراتیژییەی کە ڕژێمە ئۆتۆریتێرەکانی خاکی ئیسلام، لەبەرامبەر هەر یەکێك لەو سێ ڕووداوە گەورەیەدا کە پێشتر ئاماژەمان پێدا (١٩٩٠ داگیرکردنی کوێت، ٢٠٠١ هێرشەکانی ئەلقاعیدە بۆسەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ٢٠١١ شۆڕشەکانی جیهانی عەرەبی) بەکاریدەهێنن. بۆ نموونە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردووەوە، ١٩٨٩ لە ئوردنی شا حوسەین، ١٩٩٢ لە لوبنان، ١٩٩٢ لە کوێت، ١٩٩٣ لەیەمەن، ١٩٩٦ لە فەلەستین، تەنانەت سووریای ئەسەد و عێراقی سەدام حوسەینیش، کە وەك توندترین ڕژێمی ئۆتۆریتێری خاکی ئیسلام ناسرابوون، لە ژێر کارایی ڕووداوەکاندا «جۆرێکی تایبەت» لە کرانەوە بەسەر پرسی هەڵبژاردندا بەرهەمدەهێنن؛ لە

١٩٩٠ دا سووریا هەڵبژاردن ئەنجامدەدات و ساڵێك دواتریش عێراق هەمان پرۆژە و بە هەمان مۆدێلی سوورییەوە جێبەجێدەكات. لە میسری موبارەكدا، هەڵبژاردنەكان بەشێوەیەكی ڕێكخراو ئەنجامدەدرێن لە سعودیە و عومانیشدا و بۆیەكەمجار شتێك بەناوی ئەنجومەنی شورا دروستدەبێت[1].

ئەم تەوژمە لە هەڵبژاردن، حەماسەتێكی بەهێزی لای چەندین دیپلۆماتی ئەوروپی، چەندین توێژەر، چەندین ڕێكخراوەی كۆمەڵگەی مەدەنی لە سەر ئاستی جیهان دروستكرد. هەر یەكێك لەم ئەكتەرانە خەونی بەوەوە دەبینی كە، وڵاتانی خاكی ئیسلامیش، وەك هەر یەكێك لە ڕووبەرە كەلتوریەكانی دیكەی جیهان (ئەمریكای لاتین، ئەوروپای ڕۆژهەڵات، یابان)، پشتبكەنە ڕژێمی ئۆتۆریتاریست و دیموكراسی وەك ڕژێمی بەڕێوەبردنی دەوڵەت قبوڵبكەن. لەڕێگای ئەم دەرهاویشتەوە (هەڵبژاردن، یان دەستنیشانكردنی ئەنجومەنی شورا)، ئەم ئەكتەرانە ئومێدی گەورەیان لەسەر داهاتووی ڕووبەری وڵاتی خاكی ئیسلام هەڵچنی. هەمان ئەم هەڵچنینە لە چركەساتی شۆڕشەكانی جیهانی عەرەبیشدا دووبارە دەبێتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا، ئەوەی ڕژێمە ئۆتۆریتێرەكان كردیان، تەواو پێچەوانەی ئەم ئومێدانە بوو. كۆی ئەم هەڵبژاردنانە تەنها دەستكاریكردنی چۆنیەتی بەڕێوەبردن و حكومەتكردنی بیناكراو لەسەر ئۆتۆریتاریزم بوون، نەك كرانەوە بەسەر دیموكراسیدا. بە زمانێكی دیكە، هەڵبژاردن لە وڵاتانی خاكی ئیسلامدا، ئەوەندەی لە پێناوی قووڵكردنەوەی دەسەڵاتە ئۆتۆریتێرەكان، سەقامگیركردنیان، بەردەوامییان، كشانیان، بەهێزكردنیان و شەرعیەت پێبەخشینیاندایە، نیو ئەوەندە لە پێناوی كرانەوەی ڕاستەقینەی سیاسی و دیموكراسی سیاسیدا نین. سوڵتان قابوسی عومان، دوور لە هەر پێچاوپێچێك و بە ڕوونی گوزارشت لەم واقیعە دەكات و دەڵێت:

«ئێمە تا ئێستاش لەم جیهانە نوێیەدا كۆمەڵگەیەكی خێڵەكین. بەخشینی دەسەڵات بەشێوەیەكی خێرا بەم كۆمەڵگە خێڵەكییە كارەساتی گەورەی لێدروستدەبێت. ئێمە چەندین وڵات دەبینین كە پاش پرۆسەی هەڵبژاردن ڕووباری خوێن هەڵدەسێت. ئایا ئەمەیە دیموكراسی؟ ئایا ئەمەیە مافدان بە گەل؟ ئەمەیە ڕێزگرتن لە گەل؟ من بە توندی دژایەتی ئەو بۆچوونە دەكەم كە دەیەوێت وڵاتەكەم بكات بە گۆمی خوێن[2]».

ئەم گوتارەی قابوس هەمان گوتاری بەشێكی زۆر لە ڕژێمەكانی خاكی ئیسلامە و هەر لە مەغریبی پادشاوە تا دەگاتە ئێرانی ئایەتوڵڵا، بە میسری ژەنەڕاڵ و ماریشاڵەكانیشەوە دووبارەی دەكەنەوە. لێرەوە پرۆسەی هەڵبژاردن، یان دەستنیشانكردنی ئەنجومەنی شورا، دەبێت بە گەڕان بە دوای ئۆكسجینی نوێ بۆ ئەم ڕژێمانە كە تا بینەقاقایان لەنێو قەیراندا چەقیون؛ گەڕانە بەدوای تازەكردنەوەی ئەو شانۆیانەی كە ڕژێم بە دەموچاوی تازەوە دەردەخەن؛ گەڕانە بەدوای میكانیزمی نوێی خۆشاردنەوە لە ڕیفۆرمە ڕەگوڕیشەییەكان.

یەكێك لەو هۆكارە سەرەكییانەی كە پرۆسەی هەڵبژاردن لە وڵاتانی خاكی ئیسلامدا بەتاڵدەكاتەوە بریتییە لە ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە وەك وەڵام بە قەیران. واتە ئەوەی هەڵبژاردن دروستدەكات، هەلومەرجێكی ئاسایی و مەدەنی و دیموكراتیك نییە، بەڵكو زنجیرەیەك قەیرانن كە لە كۆتاییدا دەكرێت بمانبەنەوە سەر گریمانە قابوسییەكە (گۆمی خوێن)، یان بمانبەنەوە سەر گریمانەی خۆبەرهەمهێنانەوەی ئۆتۆریتاریزم لە بەرگیدیكەدا. لە جەزائیری ١٩٩١ دا هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت، بەڵام بە كۆدەتایەك كۆتایی پێدێت و نزیكەی ١٠ ساڵ جەنگی ناوخۆ دار و بەردی وڵات دەسووتێنێت. لە كوردستانی ١٩٩٢ هەڵبژاردن دێت و غەرقی گریمانە قابوسییەكەمان دەكات و تەواوی شار و شارۆچكە و گوندەكانی كوردستان وەردەگێڕێتە سەر مەیدانی جەنگی برادوژمنەكان. لە میسری پاش موبارەكدا، محەمەد مورسی، سەرۆكی هەڵبژێردراو، دەخرێتە زیندانەوە و كوچە و كۆڵانەكانی وڵات دەبن بە جۆگەلی خوێن. لە مەغریب و ئێران و توركیاشدا، هەڵبژاردنەكان چەند تۆكمەكردنی بنەماكانی ئۆتۆریتاریزمن، نیو ئەوەندە كرانەوەی ڕاستەقینە بەسەر دیموكراسیدا نین.

**هەڵبژاردن لە وڵاتانی خاكی ئیسلامدا، ئەوەندەی لە پێناوی قووڵكردنەوەی دەسەڵاتە ئۆتۆریتێرەكان، سەقامگیركردنیان، بەردەوامییان، كشانیان، بەهێزكردنیان و شەرعیەت پێبەخشینیاندایە، نیو ئەوەندە لە پێناوی كرانەوەی ڕاستەقینەی سیاسی و دیموكراسی سیاسیدا نین**

1. Olivier Dabène, Vincent Geisser, Gilles Massardier, Autoritarisme démocratique et démocratie autoritaire au XXI siècle, La Découverte, Paris, 2008.
2. Valeri Marc, « Autoritarisme et stratégies de légitimation dans le golfe Persique à l>heure du «Printemps arabe», Revue internationale de politique comparée 4/ 2012 (Vol. 19), p. 111-133

* **سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانكۆ لە پاریس**

### ئەیاد جەمالەدین بیرمەندی ئایینی بۆ گوڵان:

# ئەگەر بەپەلە ریفۆرم لە فیکر و فیقهی ئیسلامی نەکرێت ئەم داعشەش نەمێنێت، خراپتر لەو دروست دەبێتەوە

قسەکردن لەسەر ئیسلام وەك ئاییینێکی ئاسمانی یەکگرتوو، جیاوازە لەگەڵ دابەشکردنی ئیسلام بەسەر مەزهەبە جیاوازەکاندا، کەواتە باسکردنی ریفۆرمی ئاییینیش، گەڕانەوەیە بۆ دەقی قورئان و خوێندنەوەی قورئانە بۆ تێگەیشتن لە ماناکەی پیادەکردنی بە شێوەیەکی راست لەنێو هەموو مەزهەبەکاندا، ئەم ئاراستەیە بەرەو ئەوەمان دەبات، مەرجەعەکانی فیکری ئیسلامی لە ئەزهەری شەریف و نەجەفی ئەشرەف و هەموو مەرجەعەکانی ئایینی ئیسلام پێکەوە کۆببنەوە و شۆڕشێك بەرپا بکەن هاوشێوەی شۆڕشەکەی مارتن لۆسەر کە ریفۆرمی لە ئایینی کریستیانی دروستکرد و کریستانی توندڕۆ و خوێنڕێژی گۆڕی بۆ کریستیانی میانڕۆ و لیبراڵی، بۆ ئەوەی ئەو فیکر و فیقهەی ئێستا تیرۆریستانی داعش و بەرەی نوسرە و شەباب و بۆکۆحەرام و چەندین توندڕۆی دیکە بەرهەم دەهێنێت، بگۆڕێت بۆ ئەوەی چۆن ئیسلام بە ئاییینی ئاشتی ناسراوە، ئاواش ئاشتیخواز و ئازادیخواز بەرهەم بهێنێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئایەتوڵڵا ئەیاد جەمالەدین سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



*** وەك زانایەکـــی ئایینی چۆن پێناســـەی داعش دەکەیت؟**

- داعـــش لای من لوتکەی چیایەکی ســـەهۆڵینە، داعش پشـــت بە مەنزومەیەکی فیکری و فیقهی و تەفسیرێکی تایبەتی بۆ ئایین دەبەستێت، چەکدارانی داعش لەهەر چوار لای ئـــەم گۆی زەوییەن، بەڵام ئەمانە هەمووی لەلایەك، لەلایەکی دیکە پشتگیری ئەو دەوڵەتانەیە کە لە داعشـــی دەکەن، ئەمەش وەك ئامرازێك بەکار دەهێنن بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان، بۆیە بە رێگەی داعـــش زیاتر لەچەند ئامانجێك لە عێراق و ســـووریا بەدیدەهێندرێـــت، لەوانە ئامانجی ئابـــووری و ســـتراتیژی و ســـەرەنجامیش عێراق و ســـووریا لاواز دەکەن و ئاراســـتەی شەڕەکەش بەرەو ئاراستەیەکی مەزهەبگەرایی و تەواوی کەمینەکانی ناوچەکـــە دەبەن، داعش تەنها دژی شـــیعە و کورد نییە، بەڵکو ســـوننە و کریستیان و ئیزیدی و هەموو ئایینەکانی دیکە بە ئامانج دەگرێت، واتە پارچەیەکن لـــە رق و کینـــەی ئایینی و ئەوەی ئـــەوان بڕوایان پێیەتی ئەنجامی دەدەن، ئەو قەسابخانە و تاوانانەی دژی برایانـــی ئێزیدی لە شـــنگال ئەنجامیان دا، بەڵگەن لەسەر ئەوەی تاوانەکانیان لە سەرچاوەی رق و کینـــەی ئەو ئایینەوە دەیکەین کە بڕوایان پێیەتی،

**فراوانبوونی ئیسلام بۆ هەموو ناوچەکان بە زەبری شمشێر بووە، لەسەر ئەو بنەمایە بووە، یان دەبیتە ئیسلام، یان دەتکوژم، ئەوروپاش بەو قۆناخەدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەوروپا هەوڵیدا بە جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت ئەو کێشەیە چارەسەر بکات**

**چۆن جیهان دژی نازییەت راوەستا، ئەوا پێویستە ئەنجوومەنی ئاسایش بە رێگەی بڕیارە مولزەمەکانی دژی ئەو فەتوایانە رابوەستێت کە تیرۆر بەرهەم دەهێنێت**

**ئەگەر موسڵمانان و سەنتەرەکانی ئایینی و زانایانی ئایینی و بیرمەندان و رۆشنبیران و میدیاکاران هەنگاوێکی راستکردنەوەیان بە دەستپێشخەری بۆ بەرهەمهێنانی شۆڕشێکی راستکردنەوە و ریفۆرمخوازی لە بواری فیکر و فیقهی ئیسلامی، ئەوا وڵاتانی ئیسلامی دەبنە گەورەترین بەرهەمهێنەری تیرۆریستان لەجیهاندا**

ئێمە گوێمان لێ نەبووە خەڵکێکی ئێزیدی خۆی تەقاندبێتەوە و زیانی بە کەس گەیاندبێت، ئەوانیش بیر و باوەڕی خۆیان هەیە کە بۆیان ماوەتەوە، هەروەك چۆن موسڵمان و کریستیان و جوولەکەش بیر و باوەڕی خۆیان بۆ ماوەتەوە. ئێزیدییەکان کۆمەڵکوژکران و ژنەکانیان کرانە سەبایە، لەبەر ئەوەی داعشیەکان ئەو بیر و باوەڕەیان هەبوو کە لە دڵیاندا بوو، ئەگەرنا ئێزیدییەکان هیچ تاوانێکیان ئەنجام نەداوە، بۆیە من پێموایە ئەم شەڕە وا زوو لەگەڵ داعش کۆتایی نایەت و فیکری داعش و ئەو دەوڵەتانەی پشتگیریی داعش دەکەن هەر دەمێنن، لەمەش زیاتر هەتا ئەگەر بەسەر داعشیشدا زاڵ بن، لەبەر ئەوەی فیکری داعش و ئەو دەوڵەتانەش کە پشتگیری ئەو فیکرە دەکەن، بوونیان هەیە، ئەوا بە ناوێکی دیکە داعشێکی خراپتر دروست دەبێتەوە، واتە دووبارە بە ناوێکی دیکە خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە، وەك ئەوەی قاعیدە و بۆکۆحەرام و تاڵیبان و ئێستاش داعش و جەبهەی نوسرە و هاوشێوەکانیان بوونیان هەیە، بۆیە هەتا پارە و پشتگیری بۆ ئەم گرووپە تیرۆریستییانە هەبێت، هەردوو دەوڵەتی عێراق و سووریا بە شیوەکی گشتی لاواز دەبن، داعش و هاوشێوەکانیشی دەوڵەتانی لاواز دەکەنە پەناگەی خۆیان و تێیدا گەشە دەکەن، ئەوجا ئەو دەوڵەتە لاوازە هەر دەوڵەتێك بێت، هەروەك بارودۆخی سۆماڵ، لیبیا، نیجیریا، مالی و چەندانی دیکە، بۆیە لاوازیی دەوڵەت زەمینە خۆش دەکات بۆ دروستبوونی ئەو جۆرە تیرۆریستانە، ئەمە سەرباری ئەوەی هەندێك دەوڵەت سوودمەندە لەم گرووپە تیرۆریستانە و بە پارە و چەك و بڕیاری سیاسی و دەزگا هەواڵگرییەکانیان پشتگیرییان دەکەن، بۆیە من دڵنیام عێراقییەکان بەشێوەیەکی گشتی رووبەڕووی داعش دەبنەوە و تێکیان دەشکێنن، بەڵام ئایا ئەمە مانای ئەوەیە تێکشکانی داعش دەبێتە هۆکاری ئەوەی لاپەڕەیەکی تازە هەڵبدرێتەوە و بۆ هەتا هەتا تیرۆر کۆتایی پێ بێت؟ من دەڵێم نەخێر، تیرۆریستان لە ژێر ناو و دەموچاوی تازە دروست دەبنەوە.

*** ئەگەر بێینە سەر فیکری ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی، هەست دەکەین سەرچاوەی ئەم فیکرە ئێستا تەنها دەوڵەتانی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، بۆیە لە وڵاتانی رۆژئاواش تیرۆریستان دروست دەبن و لەوێوە رەوانە دەکرێنە ناوچەکانی دیکە، ئایا پێتوانییە فیکری ئیسلامی پێویستی بە نوێخوازی و چاکسازی هەیە؟**

- من سەد لە سەد لە گەڵ ئەوەم دەبێت چاکسازی و نوێخوازی نەك تەنها لە فیکری ئیسلامیدا، بەڵکو لە فیقهی ئیسلامیشدا ئەنجام بدریت، لەبەر ئەوەی داعش شتێکی تازەی لە بواری فیقهی ئیسلامیدا دروست نەکردووە، بەڵکو ئەوەی جێبەجێکردووە کە هەیە، بۆ نموونە ئەوەی بەرامبەر ئێزیدییەکان کردوویانە، حوکمی فوقەهایە و جێبەجێکردنی ئەو حوکمەیە بەسەریاندا کە یان دەبێت ببنە موسڵمان، یان دەبێت بکوژرێن، بۆیە پێش ئەوەی داعش بوونی هەبێت، پێش ئەوەی محەمەد عەبدلوەهاب لەدایك بێت، کە داعش لە رووی فیقهەوە دەگەڕێتەوە سەر مەزهەبی وەهابی کە محەمەد عەبدلوەهاب دامەزرێنەریەتی و ئەم پرسە کۆنە، بۆیە پێویستە موسڵمانان بە سوننە و شیعەوە پێش ئەنجامدانی گۆڕانکاری فیکری، گۆڕانکارییەکی فیقهی دروست بکەن، ئەو فەتوا تاوانکارییانەی کە مرۆڤ لەسەر بنەمای ئەو بیروباوەڕە ئایینییە پۆلێن دەکات کە پێڕەوی بکەن، ناچاریان دەکات، یان دەبێت ببنە ئیسلام، یان دەکوژرێن، ئەم پرسە کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی کەنیسە و ئایینەکانی دیکەش مرۆڤیان لەسەر بنەمای ئایینەکەی پۆلێن دەکرد، بەڵام ئێستا دنیا پێشکەوتووە و سەردەمەکە گۆڕاوە، بۆیە هیچ چارمان نییە دەبێت شۆڕشێکی فیقهی بۆ راستکردنەوە بەرپا بکەین، ئەم شۆڕشە دەبێت لە ئەزهەری شەریف و نەجەفی ئەشەرەف هەموو مەرجەعە ئایینییەکان لە هەرکۆیەك بن، دەست پێبکات، سەبارەت بەو گەنجە موسڵمانەش کە ئاماژەتان پێکرد لە ئەوروپا و رۆژئاوا دەژین و توندوتیژی بەرهەم دەهێنن، ئەم گەنجانە خۆ لە رۆژئاوا خەریکی ئەوە نین فیکری تازە و خوێندنەوەی تازە بۆ ئیسلام بەرهەم بهێنن، بەڵکو ئەوانیش وەڵامدەرەوەی ئەو ئەفکارانەن کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە پێیان دەگات، بۆیە گەنجێکی موسڵمان لە ئەمریکا بێت، یان ئەوروپا، یان ژاپۆن، یان روسیا، ئەو واتێگەیشتووە ئەوە ئیسلامە کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پیادە دەکرێت، ئەمەش واتە ئیسلام بریتییە لەوەی کلاشینکۆفێك هەڵبگرێت، یان بۆمبایەك بتەقێنێتەوە و ئەوەی لەگەڵ ئایینەکەی یەکنا گرێتەوە، بیکوژێت، سەرنج بدەن بەپێی فیقهی ئیسلامی بە سوننە و شیعەوە هیچ کەسێك لە سەر گۆی زەوی مافی ژیانی نییە، بێجگە لەوەی پێڕەوی ئایینەکەی بکات، ئەوجا ئەو کەسە کریستیان

بێت، یان جوولەکە، یان زەردەشتی، یان هەر ئایینێکی دیکەی هەبێت، گەر نەبێتە ئیسلام، دەبێت بکوژرێت، ئەمەش دانیشتووانی چین و هیندستان و هەر چوار گۆی زەوی دەگرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا موسڵمانان بەپێی دانیشتووانی گۆی زەوی کەمینەن، بۆیە دەڵێم: پێویستمان بە راستکردنەوەی بنەماکانی فیقهی ئیسلامی هەیە کە داعش پشتی پێ بەستووە.

*** بەڵام زۆربەی بیرمەندانی ئیسلامی بەو جۆرە سەیری ئیسلام ناکەن وەك ئایین، بەڵکو وەك مەزهەب سەیری دەکەن، بۆیە قورئان تاکە مەرجەعە بۆ هەموو ئیسلام، ئایا ئێستا ناتوانرێت دووبارە قورئان بۆ ئەم سەردەمە تەفسیر بکرێتەوە و لە سەرووی مەزهەبەکانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێتەوە؟**

- قورئانی پیرۆز سەرچاوەی یاسادانانە، فوقەهائەکانی ئیسلام پشت بە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) و هەندێك سەرچاوەی دیکە دەبەستن بۆ ئەوەی فەتوا بدەن، بۆیە لەم روانگەیەوە دەتوانین بنەمای ئەو فەتوایانە راستبکەینەوە، بۆ نموونە ئەو فەتوایەی رێگە دەدات ئێزیدی، یان بوزی، یان مولحید بکوژرێت، ئەمە فەتوایەکی نەگۆڕە، باشە بۆچی بکوژرێت؟ واتە مولحید، یان دەبێت ببێتە ئیسلام، یان بکوژرێت، ئەم جۆرە فەتوایانە ئیشکالیەتی تێدایە، هیچ بنەمایەکی لە قورئانی پیرۆزدا نییە، بەڵکو ئەمە قسەی فوقەهایە، بێگومان ئەم قسانە لەوە قورسترن کە بتوانم لە دیمانەیەکدا چڕیان بکەمەوە، بۆیە دەڵێم جیهان بەگشتی و موسڵمانان بەتایبەتی پێویستیان بە شۆڕشێکی راستکردنەوەی فیقهی هەیە، بۆ ئەوەی ئەو جۆرە فەتوایانە بگۆڕدرێن، کە خۆی لە خۆیدا بنەمایەکی زۆر پتەوە بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر، هەروەها دەبێت چەمکە عەقائدییەکانیش راستبکرێنەوە، ئێمە شانازی بە خۆمانەوە دەکەین کە موسڵمانین، بەهەمان شێوەی موسڵمان، ئێزیدییەکیش شانازی بەخۆی دەکات کە ئێزیدییە، بوزییەك هەمان شانازی دەکات و مولحیدێکیش شانازی بە ئیلحادی خۆیەوە دەکات، بۆیە پێویستمان بەوەیە نەخشە بۆ ژیانێکی ئاشتی دابڕێژین لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون، هەر وەك چۆن پێشتر دەژیان، هەموو پێکهاتەکان بوونیان هەبوو، پێشتر ئێزیدی و کریستیان و شەبەك و جوولەکە، سوننە و شیعە و کورد و عەرەب و تورکمان لەم کۆمەڵگەیە هەبوون و هەمووشیان پێکەوە ژیاون. بە درێژایی هەموو مێژووی عێراق شەڕێکی ناوخۆیی لە نێوان پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە لەسەر بنەمای نەتەوە و ئایین روویندداوە، ئێستا ئەم فیتنە و و خوێنڕێژییە دروست بووە، لەبەر ئەوەی ئەو دەنگانە بوونیان هەیە کە شوێنکەوتووی قسەی فوقەهائەکانن و شوێنکەوتوانی بزاڤە ئسلامییەکانی داعش و هاوشێوەکانی داعشن. بۆیە دەڵێم ئەگەر دەمانەوێت فیکری داعش لە ریشەوە هەڵبکێشین، دەبێت بنەما فقهییەکان راستبکرێنەوە. کە تیرۆریستان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان پشتی پێدەبەستن.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەی فیکری داعش و تیرۆریستان، کە وەك ئاماژەت پێکرد، دەگەڕێتەوە بۆ فیکری وەهابی، پێشتر رۆژئاواش هۆکارێك بووە بۆ برەودان بەم فیکرە، بەڵام ئێستا بۆ خودی رۆژئاوا و جیهان بۆتە سەرچاوەی مەترسی، وەك زانایەکی ئایینی ئیسلام راتان لەسەر ئەم ئیشکالیەتە چۆنە؟**

- ئەوەی دەڵێن تیرۆریستان و ئەو چەکدارانەی کە لە سەردەمانی شەڕی سارد لەلایەن ئەمریکاوە بۆ دژایەتیکردنی یەکێتی سۆڤیەت پشتگیری دەکران، بۆ ئەوە بووە کە ئەوان لە هەناوی رۆژئاواوە دروستکران بۆ ئەوەی شەڕ لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بکەن، بەڵام دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، ئەم تیرۆریستانە بڵاوبوونەوە، لە ئەفغانستانەوە لەژێر چەتری ئەمریکا گوازرانەوە بۆ بۆسنە و هەرسك بۆ ئەوەی لەوێ شەڕ بکەن، دوای ئەمە رێکخراوی قاعیدە لە دامەزرێنەرانی هەڵگەڕایەوە و ئەم چیرۆکەش ئاشکرایە، بۆیە من دەڵێم بەکارهێنانی ئیسلام بەشێوەیەکی سیاسی، هەروەها بەکارهێنانی بزاڤە جیهادییەکان بۆ نەهێشتنی نەیارانی سیاسی، ئاکامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە، هەروەك چۆن ئێستا داعش و هاوشێوەکانی داعش و بۆکۆحەرام و تاڵیبان و بەرەی نوسرە لە ناوچەکە دەبینین، بڵاوبوونەوەی ئەم تیرۆرە و بڵابوونەوەی گوتاری رق و کینە کە گوتاری تیرۆریستانە توانای ئەوەی هەیە سەرنجی خەڵك رابکێشێت، ئەمە بێجگە لەو پشتگیرییە ئیقلیمییەی هەیانە، هەر بۆ نموونە هاووڵاتییەکی ئاسایی ناتوانێت لە وڵاتێکەوە بچێت بۆ وڵاتێکی دیکە، ئەگەر فیزەی پێ نەبێت، بۆیە پرسیار ئەوەیە چۆن لە هەر چوار لای گۆی زەوییەوە چەکدارانی ئەم گرووپە هاتوچۆ دەکەن؟ چۆن دەتوانن بگەنە موسڵ یان رەقە؟ ئایا لە فرۆکەخانەی هەولێر و بەغدا دێن و دەچنە ئەو شوێنانە، یان لە وڵاتانی دەوروبەرەوە

**ئێستا سعودیە لە هەڵوێستێکی دژواردایە، لەلایەک خۆی وەک دەوڵەت ئەندامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتییە دژی داعش، لەلایەکی دیکەوە مزگەوتەکانی سعودیە فیکری وەهابی بەرهەم دەهێنن**

**هەڵگرانی فیکری وەهابی لە سعودیە لە رووی فیکرەوە تیرۆریستن، بەڵام خۆیان تیرۆریست نین، راشکاوانەتر ئەمانە فیقهێک بەرهەم دەهێنن و بانگێشەی بۆ دەکەن کە لە جێبەجێکردنیدا تیرۆریست بەرهەم دەهێنێت**

**بەکارهێنانی ئیسلام بەشێوەیەکی سیاسی و هەروەها بەکارهێنانی بزاڤە جیهادییەکان بۆ نەهێشتنی نەیارانی سیاسی، ئاکامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە**

**بەپێی فیقهی ئیسلامی بە سوننە و شیعەوە هیچ کەسێک لە سەر گۆی زەوی مافی ژیانی نییە، بێجگە لەوەی پێڕەوی ئایینەکەی بکات، ئەوجا ئەو کەسە کریستیان بێت، یان جوولەکە، یان زەردەشتی، یان هەر ئایینێکی دیکەی هەبێت، گەر نەبێتە ئیسلام، دەبێت بکوژرێت**

**دەبێت چاکسازی و نوێخوازی نەک تەنها لە فیکری ئیسلامیدا، بەڵکو لە فیقهی ئیسلامیشدا ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوەی داعش شتێکی تازەی لە بواری فیقهی ئیسلامیدا دروست نەکردووە، بەڵکو ئەوەی جێبەجێکردووە کە هەیە، بۆ نموونە ئەوەی بەرامبەر ئێزدییەکان کردوویانە، حوکمی فوقەهایە**

**دەبێت بزانین تیرۆر دژی دەوڵەتە، بۆیە دەبێت هەوڵبدەین دەوڵەتی هاوچەرخ بونیاد بنێین، کە جیاوازی نەکات لە نێوان هاووڵاتیەکانی لەسەر بنەمای ئایین و نەتەوە و نەژاد، بە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە بە شێوەیەکی کاتی لە تیرۆر رزگارمان دەبێت، بەڵام رزگاربوونی تەواومان لە راستکردنەوەی فیکر و فیقهی ئیسلامی تەواو دەبێت**

دەچن؟ دیارە ئەم ناوچەیەش داخراوە و لەسەر دەریا نییە، بۆیە هەر لەو سنوورانەوە دێن، بەڵام چەكیان چۆن بۆ دەچێت و چۆن تەمویل دەكرێن؟ دیسان دەڵێم دەوڵەت هەن پشتگیری داعش دەكەن و هەتا ئێستاش پشتگیرییان دەكەن، بۆیە پێموایە لەوانەیە بەمزووانە داعش تێكبشكێت، بەڵام چەندین داعشی دیكە بە ناو و دەموچاوی تازە دروست دەبنەوە.

*** دیارە سەرچاوەی فیكری وەهابییەت لە عەرەبستانی سعودییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئایا لەم بارودۆخە پێویست نییە ریفۆرم و چاكسازی هەر لەسعودیەوە دەست پێبكات؟**

- مەسەلەی فیكری وەهابییەت وەك كەشتییەك، یان شمشێرێك لەلایەن بنەماڵەی (ئال سعود)ـەوە بەكارهێنراوە بۆ ئەوەی پێی بگەنە دەسەڵات، كە دامەزراندنی دەوڵەتی سعودیەی هاوچەرخە، دوای دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە هاوچەرخە و یەكگرتنی لەژێر سەركردایەتی شا فەهد بن عەبدولعەزیز، ئیتر لەو كاتەوە شای سعودیە بووە دەوڵەمەتدار و دەسەڵاتدار، نەك پیاوێكی ئایینی، بۆیە جارێكی دیكە فیكری وەهابییەت گەڕێندرایەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی سەرچاوەی گرتبوو، فیكری وەهابییەت گەڕێندرایەوە بۆ مزگەوتەكان و پێیانگوتن بچن لە مزگەوتەكاندا ئەم فیكرە جێبەجێ بكەن، بۆیە ئەم فیكرە هەتا ساڵی ١٩٨٠ كە سۆڤیەت ئەفغانستانی داگیركرد، هەر لەمزگەوتەكان كاریگەری هەبوو، هەتا ئەمریكا داوای لە سعودیە كرد، جارێكی دیكە فیكرەی وەهابییەت بژێنێتەوە و چالاكی بكات، ئەویش ئەم فیكرەیەی ژیاندەوە و چالاكی كردەوە، بۆیە لە ئێستا لە فیكرێكی وەهابی زیاتر هەیە، وەهابی سعودی گرێدراوەتەوە بە حوكمڕانیی سعودییەوە، هەڵگرانی فیكری وەهابی لە سعودیە لە رووی فیكرەوە تیرۆریستن، بەڵام خۆیان تیرۆریست نین، راشكاوانەتر ئەمانە فیقهێك بەرهەم دەهێنن و بانگێشەی بۆ دەكەن كە لە جێبەجێكردنیدا تیرۆریست بەرهەم دەهێنێت، بەڵام وەهابیەكی دیكەیە هەیە لە دەرەوەی دەسەڵاتی شانشینی عەرەبستانی سعودیەیە، وەك ئەو وەهابییەتەی داعش و بەرەی نوسرە و ئەوانی دیكە پیادەی دەكەن، بۆیە ئەمانە هیچ پەیوەندییەكیان بە سیستمی حوكمڕانیی سعودیەوە نییە، بەڵام لە فیكر و مەزهەب و فیقهدا هاوبەشن، لەبەر ئەمە ئێستا سعودیە لە هەڵوێستێكی دژواردایە، لەلایەك خۆی وەك دەوڵەت ئەندامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتییە دژی داعش، لەلایەكی دیكەوە مزگەوتەكانی سعودیە فیكری وەهابی بەرهەم دەهێنن، ئەمەش وایكردووە خەڵك حكومەتی سعودیە بەوە تۆمەتبار بكەن كە لە پشت تیرۆریستانە، بەڵام حكومەتی سعودیە نەك پشتی تیرۆریستانی نەگرتووە، بەڵكو خۆی بەشدارە لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ شەڕكردن لەگەڵ تیرۆریستان بە شێوەی سەربازی، بەڵام بەداخەوە مزگەوت و میدیاكانی سعودیە هەتا ئێستاش فیكری داعش و وەهابیزم بەرهەم دەهێنن، بۆیە دەوڵەتی عەرەبستانی سعودیە گرنگە زۆر بە جدی هەوڵبدات فیكر و فیقهی وەهابی بگۆڕێت، لەبەر ئەوەی فیكر و فیقهی وەهابی سەرچاوەی هەموو ئەو گرووپە تیرۆریستیانەیە هەر لە بۆكۆحەرام و شەبابی موسلم لە سۆماڵ، داعش لە نەیجیریاوە تا پاكستان و لە هەموو شوێنێك بڵاو بۆتەوە، هەموویان بیروباوەڕەكانی محەمەد بن عەبدولوەهاب جێبەجێ دەكەن.

*** وەك ئاگادارن لە كۆتایی سەدەكانی ناوەڕاست لە ئەوروپا ریفۆرم لە ئایینی كریستانی كرا، ئەمەش بووە هۆكاری سەرهەڵدانی كریستیانی لیبراڵی، ئایا لەو بڕوایەدای ئەمەش لە جیهانی ئیسلامی روودات؟**

- هیچ چار نییە و دەبێت ئەم ریفۆرمە لە جیهانی ئیسلام روودات، ئەگەر موسڵمانان و سەنتەرەكانی ئایینی و زانایانی ئایینی و بیرمەندان و رۆشنبیران و میدیاكاران هەڵنەستن بە دەستپێشخەری بۆ بەرهەمهێنانی شۆڕشێكی راستكردنەوەو ریفۆرمخوازی لە بواری فیكر و فیقهی ئیسلامی، ئەوا وڵاتانی ئیسلامی دەبنە گەورەترین بەرهەمهێنەری تیرۆریستان لەجیهاندا، ئەمەش زیانی گەورە بە پەرەپێدان و سەقامگیری لە هەموو جیهان دەگەیەنێت. بۆیە هەموو جیهان چاوەڕوانی ریفۆرمخوازە موسڵمانەكانە، بۆ ئەوەی ریفۆرمی فیكر و فیقهی ئیسلامی بكەن و بەرهەمهێنانی تیرۆریستان رابگرن.

*** ئایا رۆژئاوا هاریكاری بیرمەندان و فوقەهای ریفۆرمخوازی موسڵمانان دەكات، بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە سەركەوتوو بێت؟**

- رۆژئاوا ناتوانێت ئەم كارە بكات، بەڵام دەكرێت نەتەوە یەكگرتووەكان و ئەنجومەنی ئاسایش گوشار بخاتە سەر دەوڵەتانی ئیسلامی، بە رێگەی بڕیارەكانی ئەنجوومەنی ئاسایش بەوەی ئەو فەتوا تیرۆریستیانە وەك تاوان بناسێنن، لەبەر ئەوەی تیرۆریستان لەسەر

بنەمای فیکر و فیقهی ئیسلامی ئەو گوتاری رق و کینەیە بەرهەم دەهێنن، ئەم گوتارەش زۆر لە گوتاری نازییەت ترسناکترە، بۆیە چۆن جیهان دژی نازییەت راوەستا، ئەوا پێویستە ئەنجوومەنی ئاسایش بە رێگەی بڕیارە مولزەمەکانی دژی ئەو فەتوایانە رابوەستێت کە تیرۆر بەرهەم دەهێنێت، هەروەها لە هەر دەوڵەتێکەوە گوتاری رق و کینە سەرچاوە بگرێت، دەبێت بەپێی ئەو بڕیارە مولزەمانە ئەو دەوڵەتە بەرپرسیاریەتی هەڵبگرێت، ئەوجا ئەو گوتاری رق و کینەکە فیکری بێت، یان فیقهی، یان بە قسە بێت. بۆیە جیهان بەم رێگەیە دەتوانن هاوکاری موسڵمانان بکەن، بەڵام بێجگە لەم رێگەیە ناتوانن هیچ بکەن.

*** بۆچی لەم سەردەمەی ئێستا توندوتیژی و کۆمەڵکوژی و شەڕ زیاتر لە وڵاتانی ئیسلامی روودەدەن، موسڵمانان موسڵمان دەکوژن، راستە ئەمە چەند سەدەیەك پێش ئێستا لە رۆژئاواش بوونی هەبووە، بەڵام ئەوان چارەسەریان کرد، ئایا هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مێژووی ئیسلام مێژووی شمشێر و خوێن بووە؟**

- بێگومان بەڵی، چونکە فراوانبوونی ئیسلام بۆ هەموو ناوچەکان بە زەبری شمشێر بووە، لەسەر ئەو بنەمایە بووە، یان دەبیتە ئیسلام، یان دەتکوژم، ئەوروپاش بەو قۆناخەدا تێپەریوە، بەڵام ئەوروپا هەوڵیدا بە جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، ئەمەش واتە ئایین لە شوێنەکانی خۆی رێزی هەیە، بەڵام دەوڵەت وەك یەك چاودێری هەمووان دەکات، ئەم دەوڵەتە هاوچەرخەش بەرهەمی ئەوروپایە، بۆیە وەك دەبینین ئێستا لە ئەوروپادا کێشە و ململانێ لەسەر بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری هەیە، نەك لەسەر ئایینەکان، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە ئەگەر دەوڵەتانی ئیسلامی هەوڵنەدەن هەڵمەتێکی ریفۆرمخواز بۆ راستکردنەوەی فیکر و فیقهی ئیسلامی دەست پێبکەن، ئەوا دەبنە گەورەترین بەرهەمهێنەری تیرۆر و تیرۆریستان لە هەموو جیهاندا، دەبێت بزانین تیرۆر دژی دەوڵەتە، بۆیە دەبێت هەوڵبدەین دەوڵەتی هاوچەرخ بونیاد بنێین، کە جیاوازی نەکات لە نێوان هاووڵاتیەکانی لەسەر بنەمای ئایین و نەتەوە و نەژاد، بە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە بە شێوەیەکی کاتی لە تیرۆر رزگارمان دەبێت، بەڵام رزگاربوونی تەواومان لە راستکردنەوەی فیکر و فیقهی ئیسلامی تەواو دەبێت.


**ئەیاد جەمالەدین ساڵی ١٩٦١ لە شاری نەجەف لەدایك بووە و لە بنەچەدا خێزانەکەی دانیشتووی شاری ناسریەی باشووری عێراق بوون، ساڵی ١٩٧٩ عێراقی بەجێهێشتووە و لەوێشەوە چووە بۆ ئێران، لە ئێران بۆ ماوەی ٨ ساڵ زانستی ئیسلامی و کۆڕسی فەلسەفە و سۆفیگەری وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٩٥ لەسەر بانگهێشتی شیعەکانی ئیمارات چۆتە ئەو وڵاتە و ساڵی ٢٠٠٣ دوای رووخانی رژێمی بەعس گەڕاوەتە عێراق و بەشداری پرۆسەی سیاسی عێراقی کردووە و بۆتە پەرلەمانتار لە لیستی ئەلعیراقیە و نوێنەری پارێزگای زیقار بووە، ئەیاد جەمالەددین لەگەڵ ئەوەی خۆی پیاوێکی ئایینییە، بەڵام بڕوای بە تێکەڵاوکردنی ئایین و سیاسەت نییە، هەروەها بڕوای بە حوکمڕانیی ولایەتی فیقهی لە مەزهەبی شیعە نییە، ئەو بڕوای بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سکۆلاری هەیە کە ئایین و دەوڵەت لە یەکتری جیابکرێتەوە و لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیانی بکات، هەروەها رەخنەی توندی لە دەوڵەتانی عەرەبی هەیە بەوەی ئیسلامیان کردووە بەو دۆزەخەی کە هانی تیرۆر دەدات و پشتگیری لێدەکەن.**



# ئیسلام
# لە گۆشەنیگای فەلسەفەی ئایینەوە

## جیهانی ئیسلام و جیهانی ڕۆژئاوا

بەشی سێیەم



ئازاد قەزاز

بۆ گوڵان دەینووسێت

لەم سەردەمەدا و بە تایبەتیش لە ڕۆژئاوا، دەرەنجامی ئەو گۆڕانەی بە سەر ئاستی بیرکردنەوەی مرۆڤدا هات، ئەو ڕۆڵەی کە زانست و فەلسەفە گێڕای بەرامبەر بە تێگەیشتن بە جۆرێکیتر لە ئایین، وای لە مرۆڤ کرد لە بیرکردنەوەی ئایینیدا، جۆرێک لە ئازادی وەرگرێت. واتە مرۆڤ تا ڕادەیەک توانی لە بیرکردنەوەی ئاییندا سەربەخۆ بێت و لە دەرەوەی دامەزراوە ئایینییە تەقلیدییەکان بیربکاتەوەو هەناسەی ئازادی هەڵمژێت. لێرەوە ئیدی زاراوەیەک ڕەوایەتی خۆی لەناو کایەی ئاییندا وەرگرت کە جۆرێکە لە گوزارش کردن لە ڕۆحیگەری لە سەردەمێک کە بە پۆستمۆدێرن ناسراوە.
لەم سەردەمەدا گرنگە لە شوێن و جێگەی ڕۆحیگەری وردبینەوە، تاوەکو لەوە تێبگەین تا چ ئاستێک لایەنێکی گرنگی مرۆڤ کە ڕەنگە گرنگترین بنەمای بوونی مرۆڤی لە خۆگرتبێت، لەم دۆخەدا بایەخی مابێت، یان بە پێچەوانەوە ئەم دۆخە وای لە مرۆڤ کردبێت، کە گرنگترین توخمی مرۆڤبوونی خۆی لە دەست دابێت. دەبێ ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین، پۆستمۆدێرن وەک دۆخێک کە زۆر لایەنی تاک و کۆمەڵگە و کەلتوور و سیاسەتی ئەورووپای گرتۆتەوە، مانای ئەوە نییە ئیدی سەرتاپای جیهانی گرتبێتەوە و بە گشت کۆڵان و قوژبنێکی دنیادا وەک یەک بڵاو بووبێتەوە. ئەمە نەک تەنها بۆ وڵاتانی غەیرە ئەورووپی ڕاستە، بەڵکو بۆ ئەورووپا خۆیشی هەر ڕاستە، چونکی مەرج نییە گشت ئەورووپییەک لە دۆخێکی پۆستمۆدێرنیسمیدا بژی. خۆ ئەگەر لە کۆمەڵگەی وڵاتانی لەمەڕ خۆمان بڕوانیت، دەبینیت

نەک نە گەیشتۆتە دۆخێکی پۆستمۆدێرنییی، بەڵکو هێشتا نەگەیشتۆتە دۆخی مۆدێرنیتیش، بەواتایەکی تر، جیهانی ئیسلامی لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەژی. دەبێ ئەوەش بڵێم و زۆریش بە گرنگی دەزانم کە جیهانی ئیسلامی ئیمڕۆکە هێشتا لە ڕووی ماریفییەوە لە ئاستی سەدەکانی ناوەڕاستی جیهانی ئیسلامیشدا ناژی. دەتوانین لەو سەردەمە ئاماژە بۆ چەندین زانا و بیرمەندی مەزن بکەین کە تیا دەرکەوتوون، وەلێ ئێستا جیهانی ئیسلامی ئەوەش بەرهەم ناهێنێت. جیهانی ئیسلامی ئیمڕۆکە و سەدەی ناوەڕاست تەنها لەو ڕووەوە لەیەکتر دەچن، کە ئایینی ئیسلام وەک هەقیقەتێکی ڕەها دەبینن و ئایینەکانیتر وەک ناهەقیقەتێک دەبینن. خاڵێکی گرینگ کە جیهانی ئیسلام و ڕۆژئاوا لە یەکتری جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە جیهانی ئیسلام هێشتا لە کتێبەوە، واتە لە دەقەوە لە جیهانی واقع دەڕوانێ و دەیکاتە پێوەرێ بۆ ناسینەوەی هەقیقەت و دەروازەی فراوانی واقیع و ئەقڵیان داخستووە و بەندیخانەی هەقیقەتی ڕەهایان بۆخۆیان دامەزراندووە.

لە سەرەتادا گرینگە بزانین ئەو دوو تێرمە: واتە ڕۆحیگەری و پۆستمۆدێرن، لە پشتیانەوە چ مەبەستێک دەبێ هەبێت و بەهۆی چییەوە داهاتبن، دەکۆشم ڕوونیان بکەینەوە. بۆئەوەی لەو مەبەستە تێبگەین، بە پێویستی دەزانم ئەو پرسیارەی فەیلەسوفێکی هۆڵەندی ناسراو بە(بارت فۆرسلاوس) لێرەدا بخەمە بەرچاو؛ کاتێ کە دەپرسێت: ئەگەر پێناسەی باوی پۆستمۆدێرن ئەوەبێت کە کۆتایی بە چیرۆکە مەزنەکان هاتبێت، دەبێ ئەم چەمکە چ پێوەندییەکی بە ڕۆحیگەرییەوە هەبێت؟ ڕۆحیگەری پۆستمۆدێرنانە، چ واتایەک بە ئێمە دەخشێت؟ هەروەک خۆی لە وەڵامی خۆیدا دەڵێ: ئەمەشیان واتە پۆستمۆدێرنیسم، پەیوەندی بە مۆدێرنیسمەوە هەیە. ئاخۆ ئەمەیان چ مانایەک ببەخشێت؟[1]

ئەگەر ئێمە توانیمان لە مۆدێرنە بگەین، هەڵبەت لە پۆستمۆدێرنەش باشتر تێدەگەین. هەرچەندە مۆدێرنە سەردەمێکی تایبەت لە مێژووی فیکردا دەگرێتەوە، بەڵام ئەو ناوەی بە باڵایدا بۆیە هەڵگرتووە، لەبەر ئەوەیە کە ئەو سەردەمە سروشتێکی تایبەتی لە خۆی گرتووە. کەواتە ئەگەر مۆدێرنە سەردەمێکی تایبەت بێت و ئەدگاری خۆی هەڵگرتبێت، بنەڕەتی ناسینەوەی ئەو سەردەمە لە کوێدا و بە چیدا دەردەکەوێ؟ ئەوەی کە زۆر باوە و دەوترێ سەبارەت بە مۆدێرنە، ئەوەیە کە: سەردەمێکە پاش سەدەی ناوەڕاست لە ڕۆژئاوادا سەرهەڵدەدات، ئەو سەردەمە تیایدا بە چەشنێکی ئەوتۆ زانست گەشە دەکا و پەرەدەستێنێ، بەتایبەتی زانستی سروشتی بەجۆرێک سەردەردەهێنێ، کە گشت کایە و بوارەکانی ژیان داگیر دەکات. وەک دەڵێن گەشەسەندنی زانست بە ئاستێکدا دەڕوات، کە پەردە لەسەر ئەفسانەی هەقیقەت لادەبات یان بە واتایەکی تر ئازادبوون لە وەهم بەرپا دەکات.[2] لەو سەردەمەدا بە چەشنێک زانست دەسەڵاتدار دەبێت کە نەک هەر دەست وەردەداتە سروشت، بەڵکو ئەو دیو سروشتیش بۆ خۆی قۆرخ دەکات و دەیکاتە جێگەی مشتومڕ و دەستی بۆدەبات. بە واتایەکی دی، زانستی سروشتی هێندە پەل دەهاوێت، ئایین و فەلسەفەش دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە... فەلسەفە و ئایین لە نێوەندی تەوژمی مۆدێرنەدا بە چەشنێک کەوتبوونە ژێر کاریگەری زانستی سروشتییەوە، تا بۆ ئەوەی مافی بوونیان لە دەست نەدەن، بە ناچاری لە تەک ئەو جۆرە ئەقڵگەراییە زانستییەدا خۆیان دەگونجاند و دەستیان لە هەندێ مافی خۆیان هەڵدەگرت.[3] پێویستە لەوەش ئاگاداربین کە کاریگەری زانستی سروشتی پەلی بۆ جیهانی ئیسلامیش بە جۆرێک هاویشتبوو، کە زاناو بیرمەندانی جیهانی ئیسلامیشی ناچار کردبوو، تا ئەوانیش ئیعجازی زانستی بۆ قورئان و حەدیس بەرهەمبهێنن.

ئەگەر مۆدێرنە ئەو سەردەمە بێت کە لەپێشەوە ئاماژەمان دایە، ئەی دەبێت مەبەست لەوە چی بێت کە پۆستمۆدێرنە کۆتایی هێنانە بە چیرۆکە مەزنەکان؟ چیرۆکە مەزنەکان چین؟ هەر کەسێ ناوی پۆستمۆدێرنەی هێنابێت، ئەوە بووە کە کۆتایی بە ئایدیۆلۆژییە مەزنەکان هاتووە. «چیرۆکە مەزنەکان کۆتاییان هاتووە» گوتەیەکە لە دەمی فەیلەسوفی فەرەنسی (لیۆتارد) ەوە داهاتووە. واتە کۆتاییهاتن بووە بەو لێکدانەوە گشتگیریانەی وەک مارکسیزم، مەسیحیەت و ڕۆشنگەری کە بۆ هەقیقەتیان ئەنجام دابوو. مەبەست لەوەیە کە هەقیقەت بەتایبەتی هەقیقەتی مێژوویی، لەم ئایدیۆلۆژیایانەدا، وەک یەک یەکەی واتابەخش شرۆڤەکراوە، ڕەوتی مێژوو بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا جووڵاوە و دەجووڵێ و ئامانجێکی سەرتاپاگیر بە دەستدەهێنێت. پۆستمۆدێرن پێیوایە کە ئەو یەکە پڕ واتایەی مێژوو، لە شرۆڤەکردنی پۆستمۆدێرنیدا، کۆتایی هاتووە. بەڵام لە هەمان کات پۆستمۆدێرنیسمی ئەو باوەڕەشی بووە کە مرۆڤ بە هۆی ئەم دۆخەوە، لە قەیرانێکدا خۆی بینیوەتەوە؛ قەیرانێک کە بەها مەزنەکان، بەهای خۆیان لە دەستداوە.

**جیهانی ئیسلامی ئیمڕۆکە و سەدەی ناوەڕاست تەنها لەو ڕووەوە لەیەکتر دەچن، کە ئایینی ئیسلام وەک هەقیقەتێکی ڕەها دەبینن و ئایینەکانیتر وەک ناهەقیقەتێک دەبینن**

**بە پێویستی دەزانم ئەو پرسیارەی فەیلەسوفێکی هۆڵەندی ناسراو بە(بارت فۆرسلاوس) لێرەدا بخەمە بەرچاو؛ کاتێ کە دەپرسێت: ئەگەر پێناسەی باوی پۆستمۆدێرن ئەوەبێت کە کۆتایی بە چیرۆکە مەزنەکان هاتبێت، دەبێ ئەم چەمکە چ پێوەندییەکی بە ڕۆحیگەرییەوە هەبێت؟**

بناغەی هەقیقەت هەر لە دێرەوە وابووە کە لە میتافیزیکادا بۆی گەڕاون. هەر جۆرە بیرکردنەوەیەک کە یەکەیەکی واتاداری هەڵگرتبێت، ناوی میتافیزیکای لێنراوە. هەر لەبەرئەوەشە ئەو ناوەی بە بەرا بڕاوەتەوە، چونکی پرسیارەکانی میتافیزیکا، بە گشتی پرسیارگەلێ بوون کە لە بنەڕەتی هەقیقەت یان لە هەقیقەتی هەقیقەت کۆڵاونەتەوە، بۆیە پرسیاری لەم چەشنە کە مرۆڤ دەریدەبڕێت، بە پرسیاری بناغەیی دانراون. پوختەی قسە ئەوەیە ئەو میتافیزیکایەی، کە ڕەگ و ڕیشەکەی لە فکری کلاسیکی یۆنانی، ئایینی مەسیحی و زانستی نوێگەریدا دەبینێتەوە، پۆستمۆدێرنیسم، دەستی بەسەردا گرت.[4]

لێرەوە ئیتر دەبێت پرسیار لە ڕۆحیگەری بکەین و بزانین چ پێوەندییەکی دەبێ بە پۆستمۆدێرنەوە هەبێت. ئەگەر پۆستمۆدێرنە ئەو دۆخە بێت کە تیایدا یەک ئایدیۆلۆژیای مەزن نەمابێت تا هەقیقەت بۆ خۆی قۆرخ بکات، هەروەک ئایینە مەزنەکانی جیهان قۆرخیان کردووە، ئەگەر زانستیش ئەو دەسەڵاتەی لەدەست دابێت کە بتوانێ دەست بۆ هەموو شوێنێکی مرۆڤ بەرێت، مانای وایە ڕێژەگەری (ڕێلاتیڤیسم) دێتە ئاراوە کە گشت بۆچونێک یان ئایدیۆلۆژیایەک، دەتوانێ مافی بوونی خۆی هەبێت و لەم دۆخە ڕێژەگەرییەدا، ڕەوایەتی خۆی وەربگرێت. بە مانایەکیتر ئەم ڕێژەگەرییە، فرەییگەریش(پلۆرالیسم) دەخاتە ناو بازاڕی ئایدیۆلۆژیاوە. لێرەوەیە کە فەیلەسوفێکی ئینگلیزی وەک (پەیتەر بێرگەر) باوەڕی وایە لە سەردەمی پۆستمۆدێرنیسمیدا گشت ئایینێک ڕەوایەتی خۆی وەردەگرێتەوە و بوار دەلوێت تا ئایین خۆی وەک ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەوادار نیشان بداتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیە، ئەویش دەڵێ؛ پۆستمۆدێرن دۆخێک دەهێنێتە ئاراوە، تیایدا ئایین، ئەو ئایینەی کە مۆدێرنە فەرامۆشی کردبوو، جارێکیتر جێگەی بێتەوە.[5]

دەبێت ئەوەمان لا ئاشکرا بێت کە ئایین لە بۆچوونی ئەو زانا و فەیلەسوفانەدا، ئایینێکی تایبەت و ناسراو ناگرێتەوە، ئایین لە ڕووە فراوانەکەیەوە دەگرێتەوە، ئایین بەو مانایەی کە مرۆڤ بە دووی شتێکی سەرو خۆیەوە وێڵە، دەگرێتەوە، ئایین وەک ڕێبازێک بۆ ژیان کە مرۆڤ بە دەرەوەی خۆیەوە دەبەستێتەوە، مەبەست لەو خۆزگەیەی مرۆڤە، کە وەک دەڵێن بیری مۆدێرنە لە چوارچێوەیەکی ئەقڵگەرایی و زانستی ئەوتۆدا گیری دابوو، هیچ بوارێکی بۆ ئەو خۆزگەیەی مرۆڤ وەک مرۆڤ نەهێشتبۆوە. واتە لێرەدا مەبەست لە ئایین، قسەکردنە لەسەر شوێنێکی مرۆڤ، یان چاو گرتنە لە دۆخێکی مرۆڤ کە تیایدا مرۆڤ هەست بە بوونی خۆی دەکات وەک مرۆڤ، ئەو لایەنە شاراوەیەی مرۆڤە کە مرۆڤ لەوێوە خۆی دەناسێتەوە، مرۆڤ لە وێدا خۆی دەبینێتەوە. بێگومان مەبەستمان لەو شوێنەی مرۆڤە کە ناوی ڕۆحی لێنراوە، مەبەستمان لەوەیە کە لە کەشوهەوای پۆستمۆدێرنەدا ڕۆحیگەری کە بنەڕەتی مرۆڤە، دەژییێتەوە. ئیتر لێرەوە گرنگە بزانین، ڕۆحیگەری چییە؟!

ڕۆحیگەری خەریکبوونێکی مرۆڤە بە شوێنێکی خۆیەوە کە بەردەوام چاوی لە شوێنێکی ترە، شوێنێک هەمیشە دەیبات بەرەو دەرەوەی یان سەرەوەی یان ئەودیو خۆی. ئەزموونێکی بێدەنگی مرۆڤە، کە پەیوەندی جەستە و ڕۆحی مرۆڤ دیاریدەکات، مێشک و ئەقڵی مرۆڤ لەوێدا گەمەی خۆی دەکات، لەو گەمەیەدا مرۆڤ هەستێک بە بوونی خۆی دەکات، چونکی لەو گۆڕەپانەدا کە مێشک و ئەقڵ گەمە دەکەن، یەزدان لەوێدا خۆی ئاشکرا دەکات، مرۆڤ لە وێدا لە بوونی خۆی هۆشیار دەبێتەوە و بە بوونی خۆی دەگاتەوە، خودا لە وێندەرێ بە مرۆڤ و مرۆڤیش لەو کاتەدا بە خودا دەبێتەوە، ئەوە ئەو ساتانەیە کە خودا بە دیوێکداو مرۆڤیش بە دیوەکەی تردا خۆی تێدا دەهێنێتەوە. مەبەستم لێرەدا لەوەیە کە جیهانی ئیسلامی پێویستی بەم کرانەوەیە دەبێت، تا لە گرتووخانەی ڕەها خۆی ڕزگار بکات.

بە پاشخانی هزریی فەلسەفەی ئایینەوە، دەکۆشین لەمەوپاش تیشکێک بخەینە سەر ئایینی ئیسلام. لەسەرەتادا بە چەمکی خودا لە نێوەندی پێناسەکانی مێژووی مرۆڤ دەستپێدەکەین و پاشان تیشک دەخەینە سەر پەیامبەر موحەمەد(د.خ) هەم وەک پەیامبەر و هەمیش وەک مرۆڤ، کۆتایی بابەتەکە بە باسی کتێبی پیرۆز دەهێنین و لە گۆشەیەکەوە لە قورئانیش دەڕوانین، تا بتوانین دەروازەیەک بە ئاراستەی ڕێژەگەری، بۆ جیهانی ئیسلام واڵا بکەین.

**پۆستمۆدێرنیسمی ئەو باوەڕەشی بووە کە مرۆڤ بە هۆی ئەم دۆخەوە، لە قەیرانێکدا خۆی بینیوەتەوە؛ قەیرانێک کە بەها مەزنەکان، بەهای خۆیان لە دەستداوە**

**ئەگەر زانستیش ئەو دەسەڵاتەی لەدەست دابێت کە بتوانێ دەست بۆ هەموو شوێنێکی مرۆڤ بەرێت، مانای وایە ڕێژەگەری (ڕێلاتیڤیسم) دێتە ئاراوە کە گشت بۆچونێک یان ئایدیۆلۆژیایەک، دەتوانێ مافی بوونی خۆی هەبێت و لەم دۆخە ڕێژەگەرییەدا، ڕەوایەتی خۆی وەربگرێت**

سەرچاوەکان:
1. Bart Voorsluis, Spiritualiteit en postmodernisme, Amsterdam, p.7.
٢. لابردنی پەردە لەسەر ئەفسانە یان سیحری هەقیقەت، پێناسەیەکە لە ماکس وێبەرەوە داهاتووە, لەبەرامبەر وشەی ئینگلیزی (Dise-chantment)و وشەی هۆڵەندی (Onttovering) دانراوە.
٣. ئازاد قەزاز، فەلسەفە و خەم، سلێمانی، ٢٠١٢، پ. ٢٥٤
4. Bart Voorsluis, Spiritualiteit en postmodernisme, Amsterdam, p.8.
5. Steve Bruce, God is Dead, Oxford 2003, p.233.



پرۆفیسۆر عەبدوڵڵا نەگراشی لە زانکۆی ئوردن بۆ گوڵان:

# ڕەفتاری تیرۆریستانی داعش ناوچەکە بەرەو گۆڕانکارییەکی گەورەی جیۆسیاسی دەبات

**پرۆفیسۆر عەبدوڵلا نەگراشی هەتا ساڵی ٢٠٠٩ راگری کۆلێژی ئەمیر حسێن بن عەبدوڵلا بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی بووە لە زانکۆی ئوردنی و ئێستاش پرۆفیسۆرە لە دیراساتی نێودەوڵەتی هەمان زانکۆ و ئەندامی بۆردی سەنتەری ستراتیژی زانکۆی نێودەوڵەتییە. بۆ قسەکردن سەبارەت بە دیاردەی داعش و هەوڵەکان لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە بۆ ریفۆرمی ئایینی ئەم وتویژەمان لەگەڵ سازکرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانن، بەتایبەتی کە دووچاری هەڕەشە و مەترسیی تیرۆریستانی داعش بۆتەوەو ئەو گۆڕانکارییانەی هاتوونەتە ئاراوە چ خوێندنەوەیەکتان بۆی هەیە؟**

- بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئێستا و پێش دروستبوونی داعشیش هەر لە رەوشێکی ئاڵۆزدابووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییانەی لە ئێستادا دادەمەزرێن و بەشێوەیەکی سەیر کارلێك دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەم پەیوەندییانەی ئێستا دەرئەنجام و ئاکامی ئەو رەوشەن کە تێیدا بناغەی پەیوەندییە کۆنەکان لە ماوەی دەیەی رابردوودا لە نێوان هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا هەرەسیان هێناوە. بە مانای ئەوەی چیتر ئەو بنەما ئیقلیمییە جێگیرانە لە ئارادا نەماون کە جووڵەی کۆمەڵگەکان رێکدەخەن. ئەم گۆڕانکارییانە بوونە هۆی ئەوەی دووبارە هەلومەرجی ناوچەکە دابڕێژرێتەوە. بەو پێیە پەیوەندی نوێی هێز دروست بووە و پەیوەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ هاتوونەتەئاراوە، لەو کەشەدا بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی بە جۆرە جیاوازەکانیانەوە دروست بوون، کە دواتر ئەم رەوتانە هەوڵیاندا گوزارشت لە بوونی خۆیان بکەن بۆ ئەوەی تێڕوانینە جیاوازەکانی خۆیان بسەپێنن. کەواتە لەلایەك سیستمگەلێکی سیاسی تەقلیدی هەن کە دەیانەوێت بەرهەڵستی بزووتنەوەکانی گۆڕانکاری بکەن، هەروەها بزووتنەوەی سیاسی جۆرواجۆر هەن کە دەیانەوێت دیدی جیاوازی خۆیان بسەپێنن و لە هەمان کاتدا پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دروست بوون کە هەوڵ دەدەن کاریگەر بن، کە هەموو ئەمانە لەگەڵ یەکدا تەفاعول دەکەن، چونکە ناوچەکە چۆتە دۆخی شڵەژانەوە و هێز، یان سیستمێکی نێودەوڵەتی توانای ئەوەی نیە رێکیبخات و سیستمێکی ئیقلمیش نییە بتوانێت رێکیبخات. تاوەکو هێزیکیش نەبێت توانای یەکلاکردنەوەی ئەم دۆخەی هەبێت لە بەرژەوەندیی خۆی، ئیدی هێزێکی رەسمی، یان جەماوەری، یان نێودەوڵەتی بێت، ئەوا بەم شێوەیە کارتەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەبن، بەو پێیە دەبێت کات تێپەڕێت تاوەکو بارودۆخەکان جێگیر دەبن و هەڵوێست و پەیوەندییەکانیش بە تەواوەی گەڵاڵە دەبن و بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا یەکلا ببنەوە. کەواتە تێکەڵ و پێکەڵییەك هەیە لە کارتەکان و فرەیاریزانییەك هەیە و بەرژەوەندیگەلێکی زۆریش لە خۆدەگرێت کە هەندێ جار پێکناکۆن و هەندێ جاریش چونیەکن، هەروەها تێڕوانین و دیدگای جیاوازیش هەن. بەتایبەتی ئەم کۆمەڵگەیانە داواکاری مێژووییان هەیە، وەك رزگاربوون و ئازادی و هێنانەدی دیموکراسی و بنەمای ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات، کەواتە کارلێکی نێوان داواکارییە دێرینەکان و خواستە هاوچەرخەکان و تێڕوانینەکان بۆ ئایندە پێکەوە ئەم پشێوییە گەورەیەیان دروستکردووە کە ئێستا بەدیدەکەین. لێرەوە پێویستە پێداچوونەوە بکرێت بەلای کەمەوە بۆ ئەوەی لەم قۆناغەدا هەل و مەرجەکان جڵەو بکرێن، ئەمەش پێویست بە هاتنەئارای سیستمی سیاسی و هێزی سیاسی نوێ و هۆشیاری هەیە و کە رق و ناکۆکییە مێژوویە کەڵەکەبووەکان تێپەڕێنێت، کە ئێستاش ئەمە لە ئارادا نییە، یاخود هەر بوونی نییە کە جێی داخە بارۆدخەکە زیاتر بەرەو ئاڵۆزی دەبات.

*** باس لەوە دەکرێت کە دیاردەی ئیسلامی سیاسی توندڕۆ بۆتە مەترسییەکی گەورە بۆ ناوچەکە، ئەم هێزانە سەروەریی وڵاتانیان لەناو بردووە، چۆن دەکرێت ئەوە بارودۆخی نوێی بۆ بخوێندرێتەوە؟**

- سەرەتا دیاردەی ئیسلامی سیاسی دیاردەیەکی نوێ نییە، واتە پتر لە دوو تا سێ دەیەیە بوونی هەیە، لە نێو هەر دەوڵەتێکدا هێزێکی کۆمەڵایەتییە و لە ئارادایە، راستە لە حوکمڕانیدا نەبووە، بەڵام وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوونی هەبووە لە رێی رێکخراوەکانی و لە رێی پێکهاتەکانی و بەشدارییەکانیەوە. ئەم دیاردەیەش بەهۆی ئەوە هاتەئاراوە کە لە ماوەی رابردوودا لە دەیەکانی شەست و حەفتاکاندا بە شێوەیەکی عەمەلی بیرۆکە پتر نویخوازییەکان، وەك بیرۆکە نەتەوەییەکان، یان بیرۆکە لیبراڵییەکان شکستیان هێنا، ناوچەکەش خرایە ژێر ئەو سیستمانەی پێی دەوترێت سیستمی کۆنترۆڵکردن (نظم السیطرة) بە مانای کۆنترۆڵکردنی هەمو حاڵەتەکان و هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و سیستمەکان بەرەو سەرکوتکاری چوون، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی

**ناوچەکە بەرەو رووی گۆڕانکاری جیوسیاسی و گۆڕانکاری پەیوەندی هێز بۆتەوە کە دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ واقیع و ئایندە و شێوەی خۆی پێکدەهێنێت**

**لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی موسڵمان و کۆمەڵگەیەکی ئاییندار هەبێت، لەگەڵ بوونی دەوڵەتێکی هاوچەرخدا کە سیستمەکەی عەلمانی و مەدەنی بێت**

**ئێمە پێویستمان بە بەرهەمهێنانی ئیسلامێکی مەدەنی هەیە کە باوەڕی بە بوونی کۆمەڵگەیەکی موسڵمان و دەوڵەتێکی مەدەنی هەبێت**

هێزە نوێیەکان، کەواتە دیاردەی ئیسلامی سیاسی پەیوەندی بە پێویستییەکی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و ئەمە مەسەلەیەکە تەمەنی لە هەزار و چوار سەد ساڵ زیاترە و ئەم بیروباوەڕە گەشەی کردووە لەلایەن پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە کە بە گوێرەی قوتابخانە فیقهییەکان جیاواز بوون. بەڵام لە کۆتاییدا ئەمە حاڵەتێکە لە بنەڕەتیدا و بە شێوەیەکی مێژوویی بوونی هەبووە لە ناوچەکەدا و پێشتریش سازدان و جۆشدانی ئوسووڵی بوونی هەبووە، وەك وەهابیەت و سنوسی و مەهدیە، کەواتە دیاردەی ئیسلامی سیاسی لە دێرزەمانەوە بوونی هەبووە، هەروەها بە سروشتی خۆی سنوورەکان دەبڕێت. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە دەوڵەتە عەرەبییەکان و دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە ماوەی نزیکەی ١٠٠ ساڵدا شکستیان هێناوە لە خوڵقاندنی حاڵەتێکی سیاسی تەندروستدا، چونکە بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی و هاوچەرخ ئەوا پێویستە پتر نزیك بێت لە دەوڵەتێکی عەلمانی و پەیوندی سیاسی هاوچەرخ گرێ بدات و نزیك بیت لە دیموکراسییەوە، دەوڵەتە قەومییەکانی عەرەب لەمەدا شکستیان هێنا، دەوڵەتی قەومی نەگۆڕا بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ، بەڵکو هەر وەك دەوڵەتە تەقلیدییەکە مایەوە لەسەر بنەمای پەیوەندییە خێڵەکیی و تایەفەگەرییەکان و....هتد، کەواتە دەوڵەتی هاوچەرخ شکستی هێنا، سیستمە سەرکوتکارییەکان ناوچەکەیان لە هەموو مانایەکی بیرۆکە نوێیەکان بەتاڵ کردەوە.لەبەر ئەوە دیاردەی ئیسلامی سیاسی سەریهەڵدا، دیاردەی ئیسلامی سیاسیش بە سروشتی خۆی فرەسەرچاوە و سنووربڕە، لەبەر ئەوە دەبوو بەم شێوەیە گوزارشت لە خۆی بکات، ئەمە مەترسییەکی راستەقینەیە لەسەر سەرجەم بونیادی ناوچەکە کە چیتر وەك بونیادێکی قبووڵکراو لێی ناڕواندرێت. کەواتە ئێمە کەوتینە بەردەم بژاردەی قورس، کە دەبوو چارەسەریان بکەین و پێدەچێت پێویست بێت قوربانی بدەین و رووبەڕووی رۆژگارێکی دوور و درێژی ناسەقامگیری ببینەوە، تاوەکو پەیوەندییەکانی هێز جێگیر دەبن و دەکرێت ئەو کاتە رەوشێك دروست بێت کە پتر گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستییەکانی رۆژگاری هاوچەرخدا، هەروەها رەوشی سیاسی پەسەندکراو بێتەئاراوە کە پتر نزیك بێت لە دیموکراسییەوە، لەگەڵ سیستمی سیاسی پەسەندکراو کە نزیك بێت لە مۆدێرنەوە (حداثة)، و هەر دەبێت بچینە نێو ئەو تاقیکردنەوەیەوە.

*** واتە ئێوە لەگەڵ ئەوەدان بە شێوەیەکی نوێگەرانە مامەڵە لەگەڵ ئیسلامدا بکرێت و بە شێوەیەك تەفسیری ئیسلام بکرێت کە میانڕەوی بەرهەم بهێنێت نەك توندڕەوی، ئەمەش واتە بەرەی ناوخۆیی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئیسلامی سیاسی، با بپرسین چۆن ئوردن لەسەر ئاستی ناوخۆیی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا دەکات؟**

- ئەو سیستمە سیاسییەی لە ئوردن لە ئارادایە، کە بە درێژایی نزیکەی هەشتا ساڵ سیستمێکی توندوتیژ نەبووە و مەیلی بۆ پێکدادان نەبووە کە حاڵەتێکی میانڕەوەی لە ناو خەڵکدا دروست کردووە، ئەوە راستە کە هەر دەوڵەتێك بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە، هەلومەرجی ئوردن رێگە نادات بە پێکدادانی راستەوخۆ و توندوتیژی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها لە نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان و سیستمەکەدا. واتە گرێبەستێکی مێژوویی و لێکتێگەیشتنێك لە نێوان سیستمەکە و کۆمەڵگەکە دروستبووە کە سەقامگیری گرنگترین هۆکار و سەقامگیری گرنگترین پێدراوی ژیانی دەوڵەتە لە ئوردن. لەلایەکی دیکەوە پێویستییەك هەیە بە شەرعییەتی ئایینی کە وەك پاساوێکی ئیسلامی مایەی قەناعەتپێهێنان بێت. ئەو بزووتنەوە ئیسلامییانەش کە لە ئوردن دروست بوون، هەڵگری هەمان خەسڵەت بوون، توندوتیژ نەبوون و خوازیای پێکدادان نەبوون و بواری کارکردنیان پێدرابوو، رەوشەکەیان رەچاو کرد و دەوڵەتیان دووچاری ئیحراجی نەکرد، لەبەر ئەوە دۆخەکە وەك خۆی درێژەی کێشا. ئێستا ئەوەی پەیوەندی بە پرسی ئیسلامی نوێوە هەبێت، لە راستیدا پێویستمان بە دووبارە خوێندنەوەی ئیسلام هەیە بۆ بەرهەمهێنانی ئیسلامێکی نوێ لە سەدەی بیست و یەکدا، ئەمە کارێکە پێویستی بە کۆششی کەسانێکی زۆر لە فەیلەسووف و بیریار و رۆشنبیران هەیە بۆ بەرهەمهێنانی چەمکگەلێك کە لەگەڵ رۆژگارەکەدا بگونجێت. ئێمە دەزانین کە بە درێژایی چەند سەدەیەك بزووتنەوەی ئیجتیهاد و رۆشنگەری راوەستاوە، بەڵکو ئیجتهیادی سەلەفییەکان هاتووەتەئاراوە، لەبەر ئەوە ئەمانە چیتر لەگەڵ پێدراوەکانی رۆژگاری هاوچەرخەدا یەکناگرنەوە. ئێستا ئێمە پێویستمان بە بەرهەمهێنانی ئیسلامێکی مەدەنی هەیە کە باوەڕی بە بوونی کۆمەڵگەیەکی موسڵمان و دەوڵەتێکی مەدەنی هەبێت.

*** بەڵام رۆشبیران و رۆشنگەران لە جیهانی عەرەبیدا ژمارەیان کەمە و کەوتوونەتەبەر هەڕەشەی یاسایی «الردة» وەك نەسر حامد ئەبو زەید و محەمەد جابری. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم بارودۆخەی ئێستا بگۆڕین؟**

- نەسر حامد ئەبو زەید جیاواز بوو لە محەمەد عابد جابری، مەسەلەکە پێکدادان نییە، پێویستە بە رۆحییەتی پێکدادان و رەتکردنەوەی گفتوگۆ دیراسەتی مەسەلەکە

**بە درێژایی چەند سەدەیەك بزووتنەوەی ئیجتیهاد و رۆشنگەری راوەستاوە، بەڵکو ئیجتهیادی سەلەفییەکان هاتووەتەئاراوە، لەبەر ئەوە ئەمانە چیتر لەگەڵ پێدراوەکانی رۆژگاری هاوچەرخەدا یەکناگرنەوە**

**پێویستمان بە دووبارە خوێندنەوەی ئیسلام هەیە بۆ بەرهەمهێنانی ئیسلامێکی نوێ لە سەدەی بیست و یەکدا، ئەمە کارێکە پێویستی بە کۆششی کەسانێکی زۆر لە فەیلەسووف و بیریار و رۆشنبیران هەیە بۆ بەرهەمهێنانی چەمکگەلێك کە لەگەڵ رۆژگارەکەدا بگونجێت**

**دیاردەی ئیسلامی سیاسی لە دێرزەمانەوە بوونی هەبووە و هەروەها بە سروشتی خۆی سنوورەکان دەبڕێت**

نەکرێت. بە مەزەندەی من توانای ئەوە هەیە بە شێوەیەکی نوێگەرانە ئیسلام بخوێندرێتەوە، وەك ئەوەی مەسەلەی ئیمان پرسێك بێت لە نێوان تاکەکەس و یەزدانی خۆیدا، لەگەڵ دروستکردنی سیستمێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە هەندێ ریشەی لە مەرجەعیەتی ئیسلامیدا هەبێت، هاوشان بە تەبەنیکردنی هەندێ بیرۆکەی هاوچەرخ لەبارەی ئەم پرسانەوە. مەسەلەکە ئەوە نییە هەموو شتێك رەتبکەینەوە، یان هەموو شتێك قبووڵ بکەین، یاخود لەگەڵ هەموو شتێکدا دژایەتی بکەین، پێموایە لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی موسڵمان و کۆمەڵگەیەکی ئاییندار هەبێت، لەگەڵ بوونی دەوڵەتێکی هاوچەرخدا کە سیستمەکەی عەلمانی و مەدەنی بێت، ئەوە مومکینە. من دەزانم هەندێ دیاردەی ئوسوولی لە ئارادان، بەڵام ئەم دیاردە ئوسوولییە توندڕەوانە دیاردەیەکن لە پەراوێزدایە و لە چەند کەسانێکی دیاریکراودا کورت بۆتەوە و پێموایە تێدەپەڕێت و دەڕەوێتەوە.

*** داعش لە عێراق و سووریا سنووری نەهێشتووە، هەروەها بە ناوی ئیسلامەوە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام داوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا داعش بەشێکە لە ئیسلام، یان پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە؟**

- بە راستی من نازانم ئایا داعش بەشێکە لە ئیسلام، یان پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە، یاخود رێکخراوەکانی دیکەش، من زانیاری ئەوەم نییە کە داعش حاڵەتێك بێت، سەرتاپا حاڵەتێکی ئیسلامی بێت، من ئەوە دەزانم ئەوەی کومەڵکوژی بکات بە حاڵەتێکی ئیسلامی دانانرێت، ئەوەی کاری قەدەغەکراو ئەنجام دەدات، ئیدی داعش بێت، یان غەیری داعش، ئەوا بە لای منەوە حاڵەتێکی ئیسلامی نییە.

*** بەڵام ئەو تاوانانەت بینیوە کە دژی ئێزیدییەکان و دژی مەسیحییەکان و لە کوردستاندا ئەنجامی دەدات؟**


- ئەوەی تاوان دژی هەر مرۆڤێك و هەر هاووڵاتیەك ئەنجام بدات، بەتایبەتی دژی بێتاوانەکان، ئەوا بەلای منەوە حاڵەتێکی ئیسلامی نییە، من ئەوە بە حاڵەتێکی ئیسلامی دەزانم کە بگونجێت لەگەڵ خێرخوازی و لۆژیك و رێزگرتن لە خەڵك و خوا و ...تاد، بەڵام چەند رژێمێك هەن کە بانگەشەی ئەوە دەکەن شەڕ لەگەڵ داعش دەکەن، کەچی خۆیان هەمان رەفتاری قەدەغەکراو ئەنجام دەدەن. من بەم شێوەیە سەیری مەسەلەکە دەکەم. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، هەر بزووتنەوەیەك کە لەسەر بنەمای ئایینی یان عەقائیدی دروست بووبێت، ئەوا سنووربڕە، لەبەر ئەوەی بە سروشتی خۆی ئایین سنوورەکان دەبڕێت. کەواتە داعش بێت، یان غەیری داعش ئەوا سنوورەکان دەبڕن، ئەگەر ئەم بزووتنەوانە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دەدەن، ئەوا ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بە ئایینەوە نییە. داعش بێت، یان غەیری داعش، لەو رژێمانەی بە ناوی ئایینەوە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دەدەن و سەرکوتکاری و پێشێلکاری و وێرانکاری لە ژیانی خەڵکدا دەکەن، ئەوا هەمان حاڵەت و هەمان دۆخیان هەیە.

*** باس لەوە دەکرێت گۆڕانکارییەکی جیوسیاسی رووی کردۆتەوە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە و ئایا ئەو گۆڕانکارییانە چۆن دەکەونەوە؟**

- گۆڕانکاری جیوسیاسی لە ئارادایە، بەو مانایەی ئەوەی ئێستا دۆخێکی ململانێ هەیە، کە رەنگە بەرەو ئاڵۆزی و هەڵکشان بچێت و زیاتر لێکبترازێت. واتە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان- ئیدی لەبەر هەر هۆیەك بێت- دەکەونە ململانێوە لە پێناوی دروستکردنی پەیوەندیی هێز لەسەر ئەرزی واقیع. ئەو پەیوەندییانەی هێزیش کە دێنە ئاراوە دەبنەهۆی هێنانە ئارای جوگرافیای سیاسیی ناوچەکە دوای کۆتاییهاتنی حاڵەتی ململانێکە، ئەمەش مەسەلەیەکەو پێویستی بە کاتە، بەڵام چۆن یەکلادەبێتەوە، رەنگە هۆکاری ناوخۆیی رۆڵ ببینێت و رەنگە هۆکاری دەرەکی رۆڵ ببینێت. هەرچۆنێك بێت، ناوچەکە بەرەو رووی گۆڕانکاریی جیوسیاسی و گۆڕانکاریی پەیوەندی هێز بۆتەوە کە دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ واقیع و ئایندە و شێوەی خۆی پێکدەهێنێت.

**ئەوەی کومەڵکوژی بکات بە حاڵەتێکی ئیسلامی دانانرێت، ئەوەی کاری قەدەغەکراو ئەنجام دەدات، ئیدی داعش بێت، یان غەیری داعش، ئەوا بە لای منەوە حاڵەتێکی ئیسلامی نییە**







پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

# گفتوگۆ لەگەڵ ژاک دێریدا

# ڕەهەندە مەحاڵەکەی لێبوردن

**لە فەرەنسا دوو رۆشنبیری دیارمان هەیە کە رۆڵی تەواو گرنگ و گەورەیان گێڕا، ئەوانیش یەکەم: ئالان تۆرێنی سۆسیۆلۆگ بوو. تۆرێن لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا باسی گەڕانەوەی ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی دەکرد، بیرمەندی دووەم: میشێل فۆکۆ بوو، کە جاران وەک دوایین فۆکۆ دەمانناسی و وەک دوایین فۆکۆ باسمان دەکرد، لەبەر ئەوەی جیاوازیی نێوان دوایین فۆکۆ و فۆکۆی سەرەتای ببینین و بیدۆزینەوە، چونکە فۆکۆی ئەوەڵین بیرمەندێکە زیاتر سەروبەندی لەگەڵ بوونیەوییەتدا هەبوو، بەڵام فۆکۆی دووەم کە پێی دەڵێین دوایین فۆکۆ ئەو بیرمەندە بوو کە زیاتر هەڵگری ئیرادەیەکی بەهێزە بۆ ناسین و زانین.**

**(٢)**



من دەمەوێت کاتێگۆریەک بەکاربهێنم کە رەنگە ژاک دێریدا پێی خۆش نەبێت، بەڵام بۆ من تەواو شیاوە، من دەمەوێت باسی خودێتی بکەم (من) بکەم کە ژاک دێریدا لە دووەم بەشی ئەو چاوپێکەوتنەکەیدا باسی چەمکی لێبوردنمان بۆ دەکات، ئێستە من باسی ئەو (من)ە دەکەم کە دەتوانێت لەو شتانە ببورێت کە ناتوانیَ لێیان ببورێت، ئەمە وەک کردەیەکی مەحاڵ و ناموکین دەردەکەوێت، دەتوانی بە نموونە ئەو چیرۆکە بهێنینەوە ژێر لێکۆڵینەوە کە «دێسمۆند تیوتیو» نووسیویەتی و ژاک دێریدا دەربارەی ئەو چیرۆکە شیکردنەوەی خۆیمان پێدەڵێت. چیرۆکەکە بریتییە لە شایەتیدانی ژنێکی رەشپێست کە دەیەوێت لە دادگا شایەتی خۆی بدات لەسەر خودی خۆی وەک قوربانی، ئەو خانمە لە دادگا دەڵێت: «هیچ لیژنە و حکومت و دادگایەک ناتوانێت لەو تاوانبارە خۆش ببێت کە من قوربانی دەستی ئەوم، من بە تەنها دەتوانم بەخشندە ببم و لێی ببوورم».

من دەمەوێت دەربارەی خودێتیە بدوێم، لە کاتێکدا کە بیرکردنەوە و تیگەشتنی گلۆباڵ وەک کاتیگۆریەک دەیویست خۆی بەسەر فەزای زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بسەپێنێت، لە هەمان کاتدا کاتیگۆریەکی دیکەمان هەبوو کە دەیویست بە هەمان شێوە خۆی بسەلمێنێت وەک کاتیگۆری خودیتی، هاوکات چالاکانە کاری خۆی دەکرد لە هەناوی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەمەش لە هەموو دنیا خۆی خستۆتە سەر شانۆ و دەرکەوتەکانی بەر چاو بوون، بەڵام لە فەرەنسا دوو رۆشنبیری دیارمان هەیە کە رۆڵی تەواو گرنگ و گەورەیان لەم بارەیەوە گێڕا، ئەوانیش یەکەم: ئالان تۆرێنی سۆسیۆلۆگ بوو. تۆرێن لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا باسی گەڕانەوەی ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی دەکرد، بیرمەندی دووەم: میشێل فۆکۆ بوو، کە جاران وەك دوایین فۆکۆ دەمانناسی و وەك دوایین فۆکۆ باسمان دەکرد، لەبەر ئەوەی جیاوازیی نێوان دوایین فۆکۆ و فۆکۆی سەرەتای ببینین و بیدۆزینەوە، چونکە فۆکۆی ئەوەڵین بیرمەندێکە زیاتر سەروبەندی لەگەڵ بوونیەوییەتدا هەبوو، بەڵام فۆکۆی دووەم کە پێی دەڵێین دوایین فۆکۆ ئەو بیرمەندە بوو کە زیاتر هەڵگری ئیرادەیەکی بەهێزە بۆ ناسین و زانین دەربارەی هەموو شتێك، نەك بە تەنها پیاوێکی بوونیەوی بێت، لە ناو هەمان سیاقی مێژووییدا فۆکۆ لە بەرپرسیارێتییەوە دەگاتە دڵنیایی

**چەمکی بیرکردنەوە هەوڵدەدات لە جیهانی بوون و گلۆباڵەوە دەرچێت و داخلی ناو شتە تاکەکەسییەکان و دنیای نهێنی تاکەکان بێت**

**پێشنیاری ئەوەم کردووە کە بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان گرنگی نەدەن بە چەمکی دژەمێژوو، دژەکۆمەڵگە و دژەرۆشنبیری، بەڵکو گرنگی بدەین بە کردە خودییەکانی تاک، بۆ بەشە رۆمانتیکییەکەی ئەم باسە باشییەکان لێکدەدەینەوە و واز لە خودێتی تاک دەهێنین**

**ئەگەر گرنگی بدەین بە خودێتی ئەو ئەکتەرەی کە هەڵدەستێت بە کردەی خراپە، دەتوانین سوود لە چەمکی دژەخودێتی وەربگرین**

خودێتی وەك بابەتی تیۆری، هەر لەسەرەتاوە دەبێت ئەوە بڵێین کە خودێتی لە ناو کۆمتێکستی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا وەك بابەتێکی گرنگ وەرگیراوە و تەماشاکراوە، جگە لەوەش من کاتێك باسی چەمکی خودێتی دەکەم، بە شێوەیەکی تایبەتی باسی دەکەم کە کەمێك سەیر دەبێت بەلاتانەوە، من بە شێوەیەکی رۆمانتیك بابەتەکە لێکدەدەمەوە وەك پرەنسیپێش بەتایبەتی دەمەوێت لەسەر باشییەکانی ئەم تێرمە بوەستم ‎.[ sujet ]‎ خودێتی بریتییە لەو توانایی و قودرەتەی کە بتوانێت ببێتە ئەکتەری کۆمەڵایەتی، بەڵام دوو گرفتمان دێتەرێگە، گرفتی یەکەم: چەمکی خراپە، دەتوانرێت چی بکرێت دەربارەی توندوتیژی، راسیزم، نەژادپەرستی و تیرۆریزم؟ ئەگەر گرنگی بدەین بە خودێتی ئەو ئەکتەرەی کە هەڵدەستێت بە کردەی خراپە، دەتوانین سوود لە چەمکی دژەخودێتی وەربگرین، وەك چەمك ئەگەر بمانەوێت ئەم ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەی پێ بخوێنینەوە کە زەبر و زەنگ بەرهەم دێنێت، دەتوانین لایەنە تاریکەکانی ئەم بابەتە لەسەر خودێتی بخوێنینەوە کە دەتوانێت تەواوی روانینمان لەسەر خودێتی بگۆرێت .گرفتی دووەم: بەپێچەوانەوە ئەوەیە کە دەبێت گرنگی بدەین بە خودێتی، کاتێك گرنگی دەدەین بە خودێتی کەواتە ئەمە دەبێتە بەخشینێکی ئەتروپۆلۆژیك کە هەموو کردەکانی مرۆڤ بەرجەستە دەکات، هەروەها تەواوی تەجروبەکانی ژیانیشیان بۆ ئێمە دەخاتە سەر شانۆ، ئەمە دەبێت بە جەوهەرێك کە دەبێتە ئەو پرەنسیپەی هاوکاریمان دەکات بۆ تێگەیشتن لە شتەکان، بێ ئەوەی گرنگی بدەین بە چیرۆکی هیچ تاکێکی کۆمەڵایەتی، بە هەمان شیوە گرنگی نادەین بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگە و تەنانەت گرنگی نادەین بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەو جیهانەدا کە تێیدا دەژین. من پێشنیاری ئەوەم کردووە کە بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان گرنگی نەدەن بە چەمکی دژەمێژوو، دژەکۆمەڵگە و دژەرۆشنبیری، بەڵکو گرنگی بدەین بە کردە خودییەکانی تاک، بۆ بەشە رۆمانتیکییەکەی ئەم باسە باشییەکان لێکدەدەینەوە و واز لە خودێتی تاک دەهێنین، بۆ بەشی نێگەتیڤی هەمان بابەت خراپەکانی تاك دەخوێنینەوە و لێی دەکۆڵینەوە. رەنگە بە هۆی ئەم پێشنیارەی منەوە پەیوەندیی نێوان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و پسیکەنالیزەکان بەرەو باشتر بروات، دەبێت ئەوە بزانین کە لە ٦٠ و٧٠کانی سەدەی رابردوودا پەیوەندییەکی پتەویان پێکەوە هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ پەیوەندی نێوان ئەم دوو قوتابخانە زانستییە بە تەواوەتی تێکچووە، یان هەر نەماوە، لە پەراوێزی ئەم قسانەدا دەمەوێت بڵێم کە ژاك دێریدا ئامادەباشییەکی بەردەوامی هەبوو لەگەڵ کۆنسێپتی پسیکەنالیز، لەم بارەیەوە کتێبێکی (دیریدا)م لە بیرە کە لە ساڵی ٢٠٠٠ بڵاو بوویەوە بە ناوی [Etats dame de la psychanalyse] کە لێرەدا دەربارەی حاڵی پسیکەنالیزەکان قسەی دەکرد. بە تەنها لە فەرەنسا نا، بەڵکو هەموو دنیا جۆرێك لە قسەکردن دەربارەی بەرگریکردن هەبوو لەسەر چەمکی خودێتی بە شێوەیەکی تایبەتی لەسەر کردەیی خودێتی و دژە خودێتی، پێموایە کە گرنگی تەواوی ئەم شتانە بریتییە لە جیاکردنەوەی جیاوازییەکانی بونیەوییەت، بە رای من رەنگە چەمکی پۆست بونیەوییەت لە جیاوازییەکانی بونیەوییەت تیۆرییە فەرەنسییەکان هاتبێتەدەرەوە. ئەوەی کە جێگەی پرسیار و بیرکردنەوەیە، بەتایبەتی لە فەرەنسا کە وڵاتی رۆشنبیرە باڵاکانی بونیەوییەتە، بریتییە لە رەتکردنەوەی چەمکی خودێتی، کە نەك بە تەنها دەیانویست ئەم چەمکە رەتبکەنەوە، بەڵکو دەیانویست لە ناویشی بەرن، لەبەر ئەوەی بە تەنها گرنگی بدەن بە بونیەوییەت و سیستەم و دەسەڵات و ئەجهیزات و شتگەلێکی زۆری دیکەشیان داوا دەکرد.

ژاك دێریدا دەیگوت خەون بە لێبوردنێکەوە دەبینێت بێ ئەوەی خاوەنی دەسەڵات و قودرەت بین، واتە بێ مەرج ببورین بێ ئەوەی خاوەنی هێزێکی بەر چاو بین، لێبوردنێك مومارەسە بکەین بێ ئەوەی دەسەڵات و هێزمان بە دەستەوە بێت بۆ مومارەسەکردنی بەخشندەگیمان، دیریدا دەڵێت: «لێبوردنێك کە خاوەنی رۆحێکی بەهێز و جوان بێت، یان لێبوردنێك کە لە دەسەڵات هێز و حکومەتەوە دێتە دەرەوە، ئەم جۆرە لە داوای لێبوردن کە ئاستێکی باڵای هەیە، تەنها ئەو کاتە دەتوانێت بکەوێتە سەرپێی خۆی کە لە هەموو لایەن و ئاستەکانەوە بەرز بکرێتەوە، دەبێت لە ناوەندی سیاسی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە خۆی بەیان بکات، نابێت بەخشندەیی وەك تەجروبە و کردەی تاکەکان بە تەنها کار بکات» .

لێرەوە بابەتێك بەرجەستە دەکەم کە بەلامەوە گرنگی خۆی هەیە لە ناو بابەتاکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا کە دەربارەی [subjectivité] خودگەرایی دەدوێت، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئایا (خودێتی) دەتوانێت پێش خۆی بوونی هەبووبێت، بە بێ ئەوەی لەم بارەوەیە هیچ شتێکمان کردبێت لە ناو هەلومەرج و تەجاریب و کردەکانی تاك، یان لە ناو خودگەرایی هاوبەشی نێوان تاکەکان؟

لەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ ژاك دیریدا دەبینین سەفەری خۆی دەست پێدەکات لە مۆندیالیزاسیۆنەوە بۆ ئەوەی بچێتە نێو قووڵایی تاکێکی خاڵسەوە، پێموایە دیریدا هاوبەشیدەکات لەم بابەتەدا لەسەر چەمکی بیرکردنەوە، چەمکی بیرکردنەوە هەوڵدەدات لە جیهانی بوون و گلۆباڵەوە دەرچێت و داخلی ناو شتە تاکەکەسییەکان و دنیای نهێنی تاکەکان بێت، هەروەها دەیەوێت زێدەتر لە نێو خودێتیدا قووڵ ببێتەوە، وەك دەیبینین لێرەدا تەنها بریارێك لەسەر چەمکی لێبوردن ئەوەیە کە خودێتی لە کۆنتێکستەکەی خۆی بچێتە دەرەوە و ببێتە شتێکی گشتی و جیهانی، بەڵام دەبێت دیسان لەسەر ئەم بۆچوونە بیر بکەینەوە و قسەی دیکەمان هەبێت.

---

*** سۆسیۆلۆگ، سەرۆکی دەزگای زانستە مرۆییەکان، پاریس. سەرۆکی رێکخراوی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیۆلۆژی**

# کاتێک زۆرینەی خەڵک وادەزانن بوون بە سیاسی



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

پێش (٧٩) ساڵ لەمەوبەر، واتە لە ساڵی (١٩٣٦)دا، (جۆرج دی هامێڵ)ی نووسەری فەرەنسی کە لە نێوان ساڵانی (١٨٨٤-١٩٦٦) ژیاوە، کتێبێکی بە نێوی (بەرگریکردنێك لە ئەدەب) نووسیوەو تێیدا ئاماژە بۆ مەترسیی ئەو دیاردەیە دەکات کە زۆرینەی خەڵك تەنها بەهۆی گوێبیستبوونیان بە هەواڵەکانی سیاسەتەوە، وادەزانن ئیدی دەبن بەسیاسەتمەدار و بەمەش کۆمەڵگە بە زەحمەت ئەوان و سیاسییە ئەکادیمییەکان لە یەکدی جیا دەکاتەوە.

ئەمڕۆکە زۆرن ئەوانەی بەدەیان ساڵ کاری سیاسیی نهێنی و دەیان ساڵ کاری حزبی و سیاسیی ئاشکرا و دانیشتن و ناسیاوی لەگەڵ دەیان سیاسەتمەداری ئەمریکی و ئەوروپی، هێشتا روویان نایەت خۆیان بە سیاسەتمەدار بناسێنین، کەچی خەریکە زۆرینەی خەڵك لای ئێمە وەك سیاسەتمەدار دەدوێن و قسە دەکەن، بێئاگا لەوەی کە راستە هەموو سیاسییەك هاووڵاتییە، بەڵام هەموو هاووڵاتییەك سیاسیی نییەو هەبوونی مافی دەنگدان و مافی خۆپاڵاوتنیش تەنها مەرج نین بۆ ئەوەی مرۆڤ بکەن بە سیاسەتمەدار.

بۆیە دەبینین لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیشدا زۆرینەی پاڵێوراوەکان وەك سیاسەتمەدار و بە زمانی سیاسەت قسە دەکەن، لە کاتێکدا نە لە رێگەی ئەکادیمییەوە، نە لە رێگەی ئەزموونی حزبییەوە، رۆژێك لە رۆژان لەسەر شانۆی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەك کاراکتەرێکی سیاسیی نەناسراون و دەرنەکەوتوون. ئەم دیاردەی خۆ بە سیاسیکردن و خۆ بە سیاسی نواندنە، پێشی سەدەیەك لە زۆر وڵاتی ئەوروپاش هەبووە، بەڵام دواتر بە تێپەڕبوونی رۆژگار و کەڵەکەبوونی ئەزموون خەڵك لە بازنەی تێوەگلان لە سیاسەت کشاونەتەوە و چوونەتەوە نێو بازنەی هاووڵاتیبوون و کار و پیشەی خۆیان.

بۆیە لە ساڵی (١٩٣٦)دا، (جۆرج دی هامێڵ)ی نووسەری فەرەنسی، لەو کتێبەیدا – کە ئاماژەمان بۆ کرد - دەڵێت: «ئەم دروشمی (سیاسەت لەپێشدا) ئێمەی تۆقاندووە، چونکە ئاڵوودەبوونی زۆرینەی هاووڵاتییان بە کاروباری سیاسەتەوە جۆرێکە لە چێژ وەرگرتنی خۆڕایی، کە هیچ پارەی تێناچێت».

ئەو خەڵك هاندەدات بۆ کتێب خوێندنەوە نەك گوێگرتن لەهەواڵ، بۆیە دەڵێت: «ئەو شوێنە خۆشە کە کتێبی تێدایە و کتێبی تێدا دەخوێندرێتەوە».

چونکە لەو سەردەمەش هەر رادیۆ هەبووەو هەواڵی زۆرو بۆری رووکەشی رۆژانەی بەخەڵك داوەو هەموو کاتی کوشتوون و مەشغوڵی کردوون بە شەڕی هەڵوێست وەرگرتن لەو هەواڵە سیاسییانە - وەك زۆرێك لەم کەناڵی تەلەفزیۆن سەتەلایت و میدیا کەم تفاقانەی ئەم سەردەمەی ئێمە - بۆیە دەڵێت : «ئەگەر دەتانەوێت خۆتان رۆشنبیر بکەن، خۆتان لە رادیۆ بەدوور بگرن».

پاشان وریامان دەکاتەوە کە ئەوەی هاووڵاتییان خۆیانیان پێوە مەشغووڵ کردووە، سیاسەت نییە، بەڵکو ئەوە نەخۆشی چێژ وەرگرتنە لە بینینی شەڕی سیاسییەکان، ئەو چێژەیە کە هەژاران لەو شەڕەی وەردەگرن کە پێیانوایە شەڕێکە و بۆ ئەوان دەکرێت.

بۆیە دەڵێت: «کاتێك دەبینین لەرز و تای سیاسەت گەیشتۆتە کەسانێك کە دەبوایە زۆر دوور بن لێوەی بەپێی کارەکانیان، ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە ناهاوسەنگییەکی مەترسیدار کەوتۆتە نێو ژیانی کۆمەڵایەتیمانەوە».

بۆیە (جۆرج دی هامێڵ) ئەو پێشنیازەی کردووە کە: «پێویستە سیاسەت ببێتە پیشەو بکەوێتە دەستی پیشەگەرانی سیاسەت لە چوارچێوەی دەستەیەکی باش بنیاتنراودا».

هەروەها دەڵێت: «دەبێت هاووڵاتیی ئاسایی هەموو بەیانییەك چەند کات بۆ لەبەرکردنی جل و بەرگەکانی تەرخان دەکات، هەر ئەوەندەش بۆ سیاسەت و هەواڵە سیاسییەکان تەرخان بکات». پاشان دەڵێت: «هەر گەلێك بەخۆشی خۆی بێت، یان ناچارکراو بێت کە باشترین کاتەکانی رۆژ و باشترین تواناکانی خۆی بۆ مەسەلەی سیاسەت تەرخان بکات، وای دەبینم کە ئەو گەلە روو لە هەڵوەشانە».

لە دواجاردا دەڵێت: «خۆهاویشتنە نێو سیاسەتەوە لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە، دەردێکی ترسناکە).

ئایا سوود لەقسەکانی دەبینین؟ یان چاوەڕێ دەکەین رۆژگار بۆمان بسەلمێنێت؟!



## لیوا مەلا فایەق چوچانی

فەرماندەی لیوای ١ی پاراستنی دامەزراوە نەوتیەکان بۆ گوڵان:

# بەرنامەو پلانەکانی سەرۆک بارزانی شەڕەکەی لە بەرگرییەوە گۆڕی بۆ هێرشکردن

**تا ئێمە لەم ناوچە کوردستانیانە بین جارێکی تر ڕێگا نادەین تیرۆریستان بێنەوە ئەم ناوچەیەو زیان بەگەلی کورد بگەیەنن**

**تیرۆریستانی داعش رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر لەبەردەم هێزی پێشمەرگە تێکدەشکێن، تەنانەت سەرجەم هەوڵەکانیان بۆ کۆمەڵکوژی کورد و وێرانکردنی ژێرخانی کوردستان شکستی هێناو ئێستاکە بێ ئومێدییەکی زۆریان پێوە دیارە، دوای دووبارە رێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، لەچوارچێوەی ئەو دووبارە رێکخستنەوەیەدا چەندین لیوای تری تایبەت بە وەزارەتی ناوخۆ بەشدارییان لەو شەڕەدا کردووە، میحوەری دوبزیش یەکێکە لەو میحوەرە گرنگانەی کە جگە لەوەی ناوچەیەکی گرنگی کوردستانییە، هاوکات بەناوچەیەکی دەوڵەمەندیش دادەنرێت، کە ژمارەیەکی زۆری کێڵگەی نەوتی و دامەزراوە نەوتیەکانی تێدایە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە تیمی گوڵان سەردانی میحوەری دوبزیان کردو لەدیمانەیەکدا لەگەڵ لیوا فایەق قادر حەمە ڕەشید ناسراو بە مەلا فایەق چوچانی فەرماندەی لیوای ١ی پاراستنی دامەزراوە نەوتیەکان بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** میحوەری دوبز یەکێکە لەمیحوەرە گرنگەکانی بەرەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەشەڕی داعش، هاوکات ژمارەیەکی زۆری کێڵگەی نەوت و دامەزراوە نەوتیەکانی تێدایە، ئایا سنووری ئەم میحوەرە کوێ دەگرێتەوە؟**

- ئەم میحوەرە (٨٠ تا ٩٠) کیلۆمەتر چوارگۆشە پێك دەهێنێت لەبن چیای قەرەچوغ درێژ دەبێتەوە تا حەفری بای حەسەنی باشوور کە عێراق پێی دەڵێت (جسری قائید)، کە ژمارەیەك ناوچەو پێگەی گرنگ لەخۆدەگرێت کە لێکتر دوورن وەکو(بای حەسەنی باشوور، بای حەسەنی باکور، سارەلوە، سەربەشاخ، داسانە، ئاڤانە، نمرە٨)، هەروەها لەرۆژئاوای زێی دوبزەوە ژمارەیەك گوندی ئاوەدانی تێدایە دانیشتووانی بەشی هەرە زۆریان خەڵکی کوردی رەسەنی ناوچەکەن، بەڵام لە بەشی رۆژهەڵاتی رووبارەکە کە بۆ خوارووی دوبز دەگرێتەوە، ژمارەیەك گوندی تێدایە کە زۆربەیان عەرەبن و هاوکارو پاڵپشتی تیرۆریستانی داعش دەکەن رق و کینێکی زۆریان بەرامبەر کورد هەیە، چونکە ئەوان خاکی کوردیان تاڵان کردووەو دەترسن رۆژێك بێت خاکەکە بگەڕێتەوە دەستی دانیشتووانە رەسەنەکەی کە کوردن.

*** وەکو بەڕێزتان ئاماژەتان پێدا ناوچەکەو میحوەری دوبز پێگەیەکی گرنگی هەیە، ئایا جگە لە پێگە جوگرافیا کوردستانیەکەی چی گرنگیەکی تری هەیە؟**

- ئەم ناوچەیە بۆ کوردستان لە رووی جوگرافیاو ئابوورییەوە زۆر گرنگە، بە بەردەوامیش دوژمنانی کورد هەوڵی تەعریب و دەربەدەرکردنی دانیشتووانە رەسەنەکەیان داوە، تاکو ئەمڕۆش بە ناو و ناونیشانی جۆراوجۆرەوە لەهەوڵی پەلاماردانی ئەم ناوچەیەدان، هێرشەکانی داعش باشترین بەڵگەن بۆ قسەکانم. ناوچەی دوبز پێگەیەکی گرنگە بۆ نەوت و دامەزراوە نەوتیەکان لەدوارۆژدا داهات و ئابوورییەکی باش بۆ کوردستان دابین دەکات، بەتایبەتی کە لە٦٠٪ی داهاتی کەرکوك لە دوبزە.

*** ئاماژەت بەوەدا کە ئێوە ئەرکی پاراستنی دامەزراوە نەوتیەکانتان پێدراوە دەتوانیت زیاتر باس لەهێزەکەی خۆتان بکەیت، ئایا چۆن پارێزگاری لەناوچەیەك دەکەن کە ژمارەیەك گوندی عەرەبی تێدایەو ئەگەری پاڵپشتی کردنی داعشیان لێدەکرێت؟**

- هێزی پاراستنی دامەزراوە نەوتیەکان کە لە٢ لیوا پێکهاتووە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیەو کار بۆ وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی کوردستان دەکەین، لیوای ١ کە ئێمەین بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆی کوردستان هاتووین بۆ پاراستنی کێڵگە نەوتیەکان و ئەرکی پاراستنی سامانە سروشتیەکانمان لە ئەستۆیە لە دوبز تا دەگاتە زاخۆ، لیوای ٢ ش لە رۆژهەڵاتی ئێمەوە لەو دیوی حەفری بای حەسەنی شیمالی دەست پێدەکات تا دەگاتە ناوچەی مەندەلی. راستە ئەو ناوچەیەی ئێمە ئەرکی پاراستنمان لە ئەستۆ گرتووە لە رووی نەتەوەوە تێکەڵاوە کە جگە لە کورد نەتەوەی عەرەب و تورکمانیشی تێدا نیشتەجێیە، گەرچی ناوچەکە بەگشتی کوردستانییەو خاوەنە رەسەنەکەی کوردە، بەڵام پرۆسەی تەعریب و تەرحیلکردنی دانیشتووانەکەی کە لەهەشتاکانەوە لەسەر دەستی سوپای عێراق ئەنجامدراوە، وایکردووە ژمارەیەکی زۆری گوندنشینی عەرەبی تێدابێت وەکو ئەو گوندانەی کەوتوونەتە دیوی رۆژهەڵاتی رووبارەکە، بەداخەوە هەمان هەڵوێست و ئامانجی تیرۆریستانی داعشیان هەیە تەنانەت بەشێکی زۆری ئەو گوندنشینانە سەر بە داعش و سەلەفییە ئیسلامییە توندڕەوەکانن و گەنجەکانیان دوای داعش کەوتون.

*** کەواتە لەو گوندانەوە ئێوە بەبەردەوامی لەبەردەم هەڕەشەی هێرشن بۆ سەر هێزەکانتان؟**

- گوندە عەرەبەکان بە پێچەوانەی گوندە کوردییەکان هاوکاریی و پاڵپشتی داعش دەکەن وەکو وتم لەتوندڕەوە سەلەفیەکانن تەنانەت لە هێرشەکانی داعش بۆ سەر گوندەکانی تەللوەردو مەلاعەبدوڵڵا داعشەکان لەم گوندانەوە هاوکارییەکی باش دەکرێن، بەڵام تا ئێستا نەیانتوانیوە زیان بەئێمە بگەیەنن، ئەم شەڕەی داعش

**بەشێکی زۆری گوندە عەرەبنشینەکانی ناوچەکە سەر بەداعش و سەلەفییە ئیسلامییە توندڕەوەکانن**

**هەر هێرشێکی داعش بۆ سەر ئەم میحوەرە بکرێت سەرکەوتوو نابێت و داعشەکان و قەومچییەکان تێک دەشکێنین**

**سەرۆک بارزانی رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە بەرزکردنەوەی ورەی هێزی پێشمەرگە و رێگرتن لەدووبارە بوونەوەی کۆمەڵکوژی و ئەنفالێکی تر**



هەمان شەڕی سوپای عێراق بوو لەدژی کورد کە پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و تەرحیلی دەرهەق بەگەلی کوردستان جێبەجێ دەکرد، هەربۆیە گرنگ نییە بەلای دانیشتووانی گوندە عەرەبەکانەوە تیرۆریستێکی وەکو داعش کە لەهەموو بەها مرۆیی و ئەخلاقیەکان دارِماوە بێتە ئەم ناوچەیە، گرنگ ئەوەیە کورد جارێکی تر تەرحیل بکات و قەتڵوعامی خەڵکی بێ گوناه و مەدەنی کورد بکەن. بەڵام داعشەکان و گرووپە چەکدارەکانی ترو هێزە قەومچیەکان ئەو راستیەیان لەیادچووە کە تا ئێمە لەم ناوچەیە بین جارێکی تر رێگا نادەین تیرۆریستان بێنەوە ئەم ناوچەیەو زیان بەگەلی کورد بگەیەنن تا دوا هەناسەمان بەرگری لەم ناوچەیە دەکەین. ئێمە بە وردی چاودێری هەموو جموجوڵێکی سەربازی تیرۆریستان دەکەین بەتایبەتی لەو شەوانەی تەمومژە کە ئەوان هەوڵ دەدەن سوودی لێببینن و لە هێزەکانی پێشمەرگە نزیك ببنەوە هەروەکو چۆن لە شەڕەکانی ئەم دواییەی لە میحوەری کەرکوك روویاندا، گەرچی ئێمە پۆلێك لە ئەفسەرو پێشمەرگەمان شەهید بووە، بەڵام بەدەیان لاشەی داعشەکان کەوتە بەردەستی پێشمەرگەو شکستێکی گەورەیان بەرکەوت. ئێمە گومان دەکەین هەمان پلان لەم میحوەرە دووبارە بکەنەوە، چونکە گوندە عەرەبەکان هاوکاری و پاڵپشتیان دەکەن و ناوچەکەشمان کەشوهەوایەکی ئاڵۆزی هەیەو هەندێکجار تەمومژاوییە، هەر بۆیە دەستمان کردووە بەتوندکردنی ئەو دەروازەو رێگایانەی کە ئەگەری دزەکردنیان لێوەدەکرێت، هێزەکانیشمان لەو پێگە سەربازیانە چڕتر کردۆتەوە ئەگەر پەلامارمان بدەن زۆر بە توندی تێك دەشکێن.

*** دوای داگیرکردنی ناوچەکانی دەشتی نەینەواو شنگال و کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، سەرۆك بارزانی خۆی بووە سەرپەرشتیارو پلاندارِێژەری بەرەکانی شەڕەکە، ئایا ئەمە تاچەند کاریگەری لەسەر ئێوە هەبووە.؟**

- ئەگەر جەنابی سەرۆك بارزانی خۆی لەبەرەکانی جەنگ نەبووایەو سەرپەرشتی و پلانی سەربازی دانەنایە، ئەوا نەدەتوانرا رووبەڕووی پێشڕەوی تیرۆریستانی داعش ببینەوە، ئەو تیرۆریستانەی هێندەی دەوڵەتێك چەکی پێشکەوتووی ئەمەریکای لە سوپای عێراق دەستکەوتووەو هەموو هێزە تیرۆریستیەکانی جیهان و قەومچیەکانی عەرەب پاڵپشتی دەکەن، تەنانەت بەرنامەو پلانەکانی سەرۆك بارزانی هۆکارێکی بنەڕەتی بووە کە پێشڕەوی لە تیرۆریستان گرت و شەڕەکەی لە بەرگری کردنەوە گۆڕی بۆ هێرشکردن، ئەمەش شتێکی ئاساییە بۆ سەرۆکێك کە خۆی پێشمەرگەو فەرماندە بووەو شارەزایی و ئەزموونی لە شەڕو پلانی سەربازی هەیە، ئەم پاڵپشتییە وا لە پێشمەرگەیەك دەکات بەدرێژایی ١٤ کاتژمێری شەو لەبەردەم باران و سەرمای زستان کە زۆر زەحمەتە هیچ کەس بتوانێت بەرگەی بکرێت

**پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان پشتگیریی لە سەرۆکەکەیان دەکەن کە لە پێشەوەی بەرەکانی شەڕ سەرپەرشتی هێزی پێشمەرگەو پاراستنی کوردستان دەکات**

**داعش لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە لەناو دەچێت چونکە ئێمە بەرگری لە خاک و نیشتمان و نەتەوەیەکی خۆڕاگر دەکەین کە لەقۆناغە مێژووییەکاندا کۆمەڵکوژ کراوە، تیرۆریستانی داعشیش کە بە وەحشیگەریی ناسراون لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا جێگایان نابێتەوە**

له واجبدا بێت بۆ پارێزگاریکردن لەخەڵکی کوردســـتان. وەکو بەرپرســـێکی ســـەربازی بەگرنگییـــەوە دەڕوانمە ڕۆڵی ســـەرۆك بارزانی بـــۆ بەرزکردنەوەی وەرەی هێزی پێشـــمەرگەو ڕێگرتن لە دووبارە بوونەوەی کۆمەڵکوژی و ئەنفالێکی تر، جەنابی ســـەرۆك بارزانی هێزو توانای بە هەموو هێزی پێشـــمەرگەی کوردستان بەخشی شەڕو ئاڕاستەی شەڕەکەی لە بەرگرییەوە گۆڕی بۆ ئازادکردن و ڕزگارکردنی هەموو ناوچە کوردســـتانیەکان، هەربۆیە بوونی سەرۆك بارزانی بۆ ئێمە هیواو ئومێدێکی گەورەیە جەنابی سەرۆك بارزانی بە بێ جیاوازی لەهەموو بەرەکانی شەڕ ئامادەیی تێدابووەو پاڵپشـــتی هێزی پێشمەرگەی کردووە، هەربۆیە پێمان خۆشـــە شەهید بین لەژێر سایەی ڕابەڕایەتی ســـەرۆك بارزانی، کە ئەمـــڕۆ پارێزگاری لەهەمـــوو پێکهاتەکانی کوردســـتان دەکات بێ ئەوەی جیاوازی لەنێوان نەتـــەوەکان بکات، ئەوەتا بینیمان چۆن پارێزگاری لە کریستیانەکان و ئێزیدییەکان و تەنانەت ئەو عەرەبە سوننەو شـــیعانەش بکات کە هانایان بردە بەردەم کوردستان. تا سەرۆك بارزانی بمێنێت پاراستنی کوردستان و هەموو پێکهاتەکانی زامنە.

*** کەواتە پلان و بەرنامەی سەربازی کە جەنابی سەرۆك بارزانی سەرپەرشـــتی دەکات ڕۆڵی گرنگی لەگۆڕینی ئاڕاستەی شەڕەکەو ئازادکردنەوەی ناوچە کوردستانیەکان هەبوو؟**

- بەڵێ ئەزموونـــی پێشـــمەرگایەتی و فەرماندەیی و دیپلۆماســـیەتی ســـەرۆك بارزانی وایکرد ڕێگا نەدرێت جارێکی تـــر کورد کۆمەڵکوژ بکرێتەوە، ئەمە قســـەی ســـەرجەم ســـەرۆك و بەرپرسانی سیاســـی و سەربازی وڵاتانی هاوپەیمانانن کە سەرســـامن بـــە خۆڕاگری و سەرکەوتنەکانی پێشـــمەرگە، پلانەکانی سەرۆك بارزانی و سەرپەرشـــتیکردنی بەرەکانـــی شـــەڕو ڕێکخســـتنی میحوەرەکانی بەرەی شـــەڕ وایکرد تیرۆریستانی داعش تووشـــی شـــۆك بن، هەربۆیە هەرچی پلانێك ســـەرۆك بارزانی دایڕێژێت ڕاســـتەوخۆ جێبەجێی دەکەین، چونکە دوای دیراســـەو توێژینەوەی ورد هاتووە، ئەوەتا بەشـــی هەرە زۆری ئەو شوێنانەی تیرۆریستانی داعش داگیریان کردبوو، ئێســـتا ئازادکراوە، ئەو بەشە کەمەی کە ماویشە ســـتراتیژییەت و پلانی سەربازی شـــەڕ وادەخوازێت کە پەلە نەکەین. بەمشـــێوەیە پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان پشـــتگیریی لە ســـەرۆکەکەیان دەکەن کە لە پێشەوەی بەرەکانی شەڕ سەرپەرشتی هێزی پێشمەرگەو پاراستنی کوردستان دەکات.

نامەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ وەزارەتی پێشمەرگە کە بۆ بەدامەزراوەیی کردن و یەکگرتنی تەواویی یەکەو هێزەکانی ناردبوونی بەڵگەیە بۆ خەمخۆری ســـەرۆك بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردیـــش وەکو هەموو نەتەوەکانی تری دنیا خاوەنـــی هێزێکی دامەزراوەیی نیشـــتمانی بێت و بەرگری لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکات، ئێمە چاوەڕوانین خاڵ بەخاڵی نامەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی جێبەجێ بکرێت کە دەبێتە بنەمایەك بۆ هێنانەدی خەونی مێژوویی کوردستان کە دەوڵەتی کوردستانە.

*** ئەگەر فەرمانتان پێ بدرێت دەتوانن پێشڕەوی بکەن و ناوچەیەکی فراوانی تر ئازاد بکەن؟**

- دڵنیام کە داعش لەســـەر دەســـتی هێزی پێشمەرگە لەنـــاو دەچێـــت، چونکـــە ئێمـــە بەرگری لـــە خاك و نیشـــتمان و نەتەوەیەکی خۆڕاگـــر دەکەین کە لەقۆناغە مێژووییەکاندا کۆمەڵکوژ کراوە، تیرۆریستانی داعشیش کە بە وەحشیگەریی ناسراون لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا جێگایـــان نابێتەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ســـەرکەوتنەکانی هێزی پێشـــمەرگە زیاتر دەبێت و بەپێچەوانەوە داعشەکان بەرەو شکســـت دەچن. ڕاســـتە ئەوان چـــەك و ئالیاتی دوو دەوڵەتیان لەبەردەســـتدایەو ڕەنگە چەندین دەوڵەتیش پاڵپشـــتیان بکات، بەڵام ئەگەر بەراوردی نێوان ئەو کاتە بکەین کە داعش لە پێشڕەویدا بوو بەرەو کوردستان لەگەڵ ئێســـتادا دەبینین جگە لە چەند ناوچەیەکی کەم نەبێت هەموو ناوچە کوردســـتانیەکانیان لێسەنراوەتەوە، ئێمەش ئامادەین بۆ جێبەجێکردنی هەموو فەرمانێکی ســـەروو خۆمان بە گیانی خۆمان پارێزگاری لەو سنوورە دەکەین کە خاکی کوردستانە، لە دەرەوەی سنووری کوردستانیش جەنابی ســـەرۆك بارزانی چـــی فەرمانێکمان پێ بکات جێبەجێی دەکەین.

*** هێزی هاوپەیمانان بۆ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە گرنگ بوو، ئایا ئەم ڕۆڵەی ئەوان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ڕۆڵـــی هاوپەیمانـــان بەتایبەتی لـــە بۆردومانکردنی داعشەکان بەرز هەڵدەسەنگێنین، بەڵام ئێمە دوو داواکاری ترمان هەیە کە بە تەئکید ســـەرکردایەتی کوردســـتان بە هاوپەیمانانی ڕاگەیاندووە، ئەویش پڕچەك کردنی هێزی پێشمەرگەیە بەچەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو بەتایبەت لە ڕووی چەکی قورس و پێشکەوتووەوە وەکو زرێپۆش و تۆپ و تانك و مووشەکی پێشکەوتوو، چونکە داعشەکان چەکە پێشکەوتووەکانی ئەمەریکاو وڵاتانی تری پێشکەوتووی جیهانیان دەســـتکەوتووە کە پێشـــتر لەبەردەستی سوپای عێـــراق بوو، لەلایەکی ترەوە ئەم شـــەڕە تەنیا شـــەڕی ئێمە نییە، بەڵکو شـــەڕێکی جیهانیەو تیرۆر هەڕەشەیە بۆ هەموو وڵاتانی جیهـــان، هەربۆیە کاتی ئەوە هاتووە هێزەکانی هاوپەیمانان بەهێزی وشکانی یارمەتیمان بدەن و کار بۆ ئازادکردنی تەواویی ئەو ناوچانە بکرێت کە لەژێر دەستی تیرۆریستانی داعشدایە.

**نامەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ وەزارەتی پێشمەرگە کە بۆ بەدامەزراوەیی کردن و یەکگرتنی تەواویی یەکەو هێزەکانی ناردبوونی بەڵگەیە بۆ خەمخۆری سەرۆک بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی تری دنیا خاوەنی هێزێکی دامەزراوەیی نیشتمانی بێت**

**داعشەکان و گرووپە چەکدارەکانی ترو هێزە قەومچیەکان ئەو ڕاستیەیان لەیادچووە کە تا ئێمە لەم ناوچەیە بین جارێکی تر ڕێگا نادەین تیرۆریستان بێنەوە ئەم ناوچەیەو زیان بەگەلی کورد بگەیەنن**


**گرنگ نییە بەلای دانیشتووانی گوندە عەرەبەکانەوە تیرۆریستێکی وەکو داعش کە لەهەموو بەها مرۆیی و ئەخلاقیەکان دارماوە بێتە ئەم ناوچەیە، گرنگ بەلایانەوە ئەوەیە کورد جارێکی تر تەرحیل بکات و قەتڵوعامی خەڵکی بێ گوناە و مەدەنی کورد بکەن**

### پاسەوانی نیشتمانی و سوپا لەریز حەشدی شەعبیدا...

# دەیان میلیشیای یاساغ دەچنە نێو پێکهاتەکانی حەشدەوە

گوڵان ـ بەغدا





دوای زیاتر لە مانگێك خۆڕاگری و بەرگریکردن تا لە کۆتاییدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان ونزیکەی ١٥٠٠ شەڕڤانی یەکینەکانی پاراستنی گەل و لەگەڵ سەدان هاووڵاتی سڤیلی خۆبەخش توانیان شاری کۆبانی لە چەکدارانی تیرۆریستی داعش پاك بکەنەوەو ئازادی بکەن، لەکاتێکدا کە شەڕڤانانی کورد تەنیا چەکی سووك و تەقەمەنییەکی کەمیان هەبوو، بەڵام لەبەرامبەریشدا دەبینین زیاتر لە ٢ ملیۆن چەکداری حەشدی شەعبی و هەزاران سەربازی سوپای عێراقی و بەقەد ئەوانیش لە هێزی پۆلیس نەیانتوانی و شکستیان هێنا کە شارو شارۆچکەکانی عێراق وەك پارێزگاکانی دیالەو ئەنبارو ناوچەکانی سامەڕاو بێجی و ڕۆژئاوای بەغدای پایتەخت لەدەست چەکدارانی داعش ئازاد بکەن.

چاودێران پێیانوایە کە جوگرافیا هۆکارێکە بۆ شکست و پاشەکشەی میلیشیا جیاجیاکانی عێراق ئەوانەی ڕووبەڕووی داعش دەبنەوە، بەڵام هەندێکی دیکە پێیانوایە کە ڕکابەرییە سیاسییەکان و بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و بەتایبەتیش سەپاندنی هێز بەسەر لایەنی دیکەدا، هۆکاری ئەو شکستەی هێزەکانی حەشدی شەعبییە کە دەیانەوێت بێنە ریز سوپای عێراقەوە.

● **هاوکێشەیەکی ژمارەیی**

ژمارەی هێزەکانی پاسەوانی نیشتمانی ١٢٠ هەزار چەکداری میلاکی هەمیشەییە، پڕچەککردنیان مامناوەندییە و ئاستی سەربازیشیان لە سوپای عێراقی کەمترە، کە ژمارەیان گەیشتۆتە ١٧٠ هەزار، وێڕای ٤٠٠ هەزاریش لە پۆلیسی ئیتحادی و سەدان هەزاریش لە کارمەندانی دەزگاکانی دیکەی ئاسایش، لە بەرامبەردا ژمارەی حەشدی شەعبی گەیشتۆتە ٢ ملیۆن کەس، ئەم بەراوردە ململانێی ئێستای عێراق دەردەخات لە نێوان سوننەو شیعەدا، کە ئەمەش هاندەرێکە بۆ ئەوەی ڕێژەی ٠،٥٪ی دانیشتوان ناویان وەك خۆبەخش تۆمار بکەن، ئەگەر پارێزگای ئەنبار بە نموونە وەربگرین کە ژمارەی دانیشتوانی ١،٦ ملیۆن کەسە کەواتە ژمارەی خۆبەخشی دەگاتە ٨ هەزار، بەم شێوەیە ڕێژەی سوننە ٥٠ هەزار دەبێت و ڕێژەی شیعەش ٧٠ هەزار، بەڵام بەپێی ئەو ژمارەیە دەبینین کە ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی لە ٨٠٪ زیاترە.

● **دروستبوونی حەشدی شەعبی.. چۆن و بۆچی؟**

حەشدی شەعبی دوای شکستەکەی موسڵ لە ١٠ حوزەیرانی ٢٠١٤ دامەزرا، کاتێك چەندین تیپ و پێکهاتەی سەربازیی عێراق لەبەردەم تیرۆریستانی داعش هەرەسیان هێناو خۆیان پێ ڕانەگیرا، کە دواتر ئەو تیرۆریستانە دەسەڵاتیان زیاتر کرد و شارو شارۆچکەی دیکەی عێراقیان داگیرکرد، بەڵام تەنیا پێشمەرگە لێیان هاتە دەست بێ ئەوەی هیچ لایەن وهێزێکی دیکەی عێراق لەبەرامبەر ئەو تیرۆریستانە بوەستن، هەر لەو کاتەشدابوو کە مەترسی گەیشتە دەروازەکانی بەغدا، ئەو کاتە تەنیا گوێمان لە دەنگی مەرجەعیەتی باڵا بوو کە فەتوای دا بۆ جیهادی کیفائی کە لە ئەنجام دا حەشدی شەعبی لێ بەرهەم هات، واتا ئەم حەشدە بەرهەمی فەتوای بانگەوازی ئاینییە بەڵام بە پاڵپشتییەکی سیاسیی ڕێکخراو لەلایەن نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووەوە، بێجگە لەمەش چەندین میلیشیای یاساغکراوی دیکە شوێنی خۆیان لەناو حەشددا کردەوە، وەك سریەکانی سەلام و هێزەکانی بدر و عەسائبی ئەهلی حەق و حزبوڵڵا-باڵی عێراق و چەندانی دیکە.

● **جوگرافیاو ملیشیاکان**

چاودێران پێیانوایە کە جوگرافیاو ڕێکنەکەوتن لەسەر ئەو لایەنە، بەپێی ئەو ناوچانەی کە نەتەوەو پێکهاتەکانی گەلی عێراقیان لەسەر دەژی، هۆیەکی سەرەکییە بۆ پاشەکشەی هێزەکانی عێراق و میلیشیاکانی نێو ئەو هێزانە، باسم عەوادی دەڵێت: ناکرێ بڕیاری یاسای پێکهێنانی هێزی نانیزامی بۆ شارو پێکهاتەکان بە بێ ڕێکەوتن لەسەر جوگرافیا قبوڵ بکرێت، هەروەها گوتی: ئەگەر مەسەلەی دەرکردنی یاسای پاسەوانی نیشتمانی سوودی نیشتمانی بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوا هەبێت ئەوا یاسای چاوخشاندنەوە بە سنووری ئیدارییی سوودی نیشتمانی بۆ بەغداو پارێزگاکانی فوراتی ناوەڕاست دەبێت، هەروەها ئەگەر یاسای پاسەوانی نیشتمانی بۆ ڕازیکردنی سوننە بێت، ئەوا چاوخشاندنەوە بە سنووری ئیداری بۆ ڕازیکردنی شیعەیە.

لەلای خۆیەوە ئەنوەر عەزیز نووسەری عێراقی لە هەندەرانەوە دەڵێت: یاسای چاوخشاندنەوە بە سنوور دوو لەسەر سێی کێشە یاساییەکانی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان چارەسەر دەکات، چونکە سوننە بەبێ کێشە و شەڕو شۆڕ ناوچەکانیان لەگەڵ کوردو لە ئایینەدشدا لەگەڵ شیعە بنیات دەنێن، ئەویش دوابەدوای پێکهێنانی فیدراڵییەکان لە داهاتوودا، هەروەها سوودی شیعەشی تێدایە چونکە قایلیان دەکەن بەوەی کە یاسای پاسەوانی نیشتمانی لەو ناوچانە بێ بەشیان ناکات کە کاتی خۆی ڕژێم دایبڕیبوون و خستبوونییە سەر پارێزگاکانی دیکەی عێراق لەسەر بنەمای تایفەگەریی، دیسان ئەم

**حەشدی شەعبی دوای شکستەکەی موسڵ لە ١٠ حوزەیرانی ٢٠١٤ دامەزرا، کاتێک چەندین تیپ و پێکهاتەی سەربازیی عێراق لەبەردەم تیرۆریستانی داعش هەرەسیان هێناو خۆیان پێ ڕانەگیرا**

یاسایە سوودی تێدایە بەوەی کە زەمینەیەك دەڕەخسێنێت تاکو لە ئایندەدا لەسەر فیدراڵییەکان ڕێکبکەون کە هەر لایەنێك قەبارەی سروشتی و یاسایی و دەستووریی خۆی وەربگرێت.

**● مەترسییەکانی حەشدی شەعبی**

زۆربەی چاودێران و سیاسەتوانان دوویاتی دەکەنەوە کە حەشدی شەعبی کۆی میلیشیا جیاوازەکانە کە پێشتر ڕێگەیان پێ نەدرابوو شەڕبکەن و چەك وەربگرن، بەڵام لە ئێستادا حکومەت هەوڵدەدات بیانهێنێتە نێو پێکهاتەکانی سوپاوە، بێ ئەوەی سەیری تێڕوانین و بۆچوونی توندڕەویی ئایینییان بکات لەبەرامبەر ئایینزاو کەمایەتییەکانی دیکەدا.

شێخ سەلمان جبووری کە سەرۆك عەشیرەتێکی قەزای میقدادیەیە دەڵێت: مەترسی هەیە لە دەسەڵاتی حەشدی شەعبی بۆ سەر ئەو ناوچانەو فراوانبوونی قەڵەمڕەویی لە قەزاکە، ئەمەش مانای کۆچپێکردن و ئاوارەکردنی خەڵکی قەزاکە دەگەیەنێت، هەروەها ڕێگەگرتنە لە خێزانە ئاوارەکان کە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە جێ و ڕێی خۆیان. ئاماژەشی بەوەکرد کە دەیان خێزانی قەزای میقدادیە، دەستیان کردووە بە کۆکردنەوەی کەلوپەلی پێویستی ناوماڵیان لە ترسی کۆچپێکردن و دەربەدەریی کە ئەم میلیشیایانە بە نیازن بەم نزیکانە لە قەزاکە ئەنجامی بدەن.

داواشی لە بەرپرس و ئەندامانی پەرلەمانی سەربە پارێزگاکە کرد کە بێ دەنگ نەبن بەرامبەر ئەو ستەم و مەینەتییانەی ڕووبەڕووی خەڵکی میقدادیە دەبنەوە و هەموو ئەو کێشەو دەستدرێژیانەی سەردەستی میلیشیاکان بەتایبەتیش حەشدی شەعبی بگوازنەوە بۆ جیهان، بەڵکو دەستێوەردانێکی نێودەوڵەتیی بەدوادابێت بۆ ڕاگرتنی ڕەفتاری ئەو میلیشیانە، دوای ئەوەی کە لە ڕێوشوێن و ڕێکارەکانی حکومەت بێ ئومێد بوون.

لەهەمان ڕوانگەوە، پەرلەمانتارانی بەغدا لە عەرەبی سوننە نیگەرانیی خۆیان لە دەستێوەردانی حەشدی شەعبی لە دۆسێی ئەمنیی پایتەخت خستەڕوو، ئەوان لە بەیاننامەیەکدا ڕوونیان کردەوە کە سەرسام بوون بە لێدوانی محەمەد ئەلغەبان وەزیری ناوخۆ کە سەرکردەیەکی ڕێکخراوی بەدرە سەبارەت بەوەی کە حەشدی شەعبی ڕۆڵیان هەبێت لە دۆسێی ئەمنیی بەغدا و بە نیازیشە دوو هەزار ژمارە بۆ ئۆتۆمبێلەکانی حەشدی شەعبی لە بەغدا تەرخان بکات، هەرچەندە خۆی و هەموو خەڵکیش چاك دەزانن کە ئەوەی پێی دەگوترێ (حەشدی سەعبی) لە چەند گروپێکی سەربازی پێکدێت کە سەر بە یەك پێکهاتەیە، لە کاتێکدا کە بەغدای پایتەخت شارێکی فرە ئیتنییە.

**● تێکچوونی بارودۆخی ئەمنیی عێراق**

تا ئێستاش بارودۆخی وڵات بەتایبەتیش لە بەغدای پایتەخت لە ئەنجامی کردەوە بەردەوامەکانی ڕفاندن و کوشتن و تیرۆرکردن وێڕای تەقینەوەکان کە خەڵکێکی زۆر دەکەنە ئامانج لە جاران خراپترە،، بەر لە چەند ڕۆژێك سێ تەقینەوە بەغدایان هەژاند یەکێکیان لە بابولشەرجی بوو کە کوشتن و برینداربوونی زیاتر لە ٢٠٠ کەسی لێکەوتەوە. لەلایەکی دیکەوە سەلمان سەباح شارەزای ئاساییش لە بەغدا ڕەخنەی لە پلانە ئەمنییەکان گرت کە لە سایەی بوونی سەدان سەربازو پۆلیس و کادیری ئەمنی جێبەجێ دەکرێن، ڕوونیشی کردەوە کە دەزگا ئەمنییەکان لەوەتەی ٢٠٠٣ وە و تا ٢٠١٥ بەدەست نەبوونی پلان و ستراتیژیی پێشوەختە دەناڵێنن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کەمیی شارەزایی بەرپرسان لە دۆسێی ئەمنی و هەست نەکردن بە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی وێڕای ئەو گەندەڵییەی کە لە ناو دامەزراوە ئەمنییەکان تەشەنەی کردووە.

لەلای خۆشیەوە نیکولای میلادینۆڤ نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەڵێت: کە لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤ تاکو مانگی تشرینی دووەم نزیکەی ١٢,٠٠٠ کەس کوژراون و ٢٢,٠٠٠ کەسی دیکەش بریندار بوونە، هەروەها گوتی: تا ئێستاش ڕۆژانە عێراقییەکان دووچاری مەینەتیی کوشتن و ڕفاندن و دەربەدەری و ئاوارەیی و هەژاری و شێوازەکانی دەمارگیری و ڕاوەدوونان و تیرۆر دەبنەوە.

**● ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان**

هەندێ ڕاپۆرتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی دوویاتیان کردۆتەوە کە چەندین کێشەی ئەمنیی جیدی لە ئارادان تایبەت بە کردەوە تیرۆریستی و تاوانکارییەکان و سیاسەتەکانی پاکتاوی تایفەگەری لە کوشتن و ڕفاندن و بەزۆر پارەسەندن لە خەڵك لەسەر ناسنامە کە چەکدارانی حەشدی شەعبی ئەنجامی دەدەن، لەوزاری بەرپرسانی عێراقیشەوە ئەوە دوویاتدەکرێتەوە کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن حەشدی شەعبییەوە بەردەوامە، بەتایبەتیش کە چەکی ئەمریکی دەگاتە عێراق و دەکەوێتە دەست میلیشیاکانی شیعە لە حەشدی شەعبی کە ئێران پشتیوانیی دەکات.

هەروەها محەمەد ئەلغەبان وەزیری ناوخۆ دان بەوەدا دەنێت کە چەکدارانی حەشدی شەعبی تاوانی کوشتن و ڕفاندنیان ئەنجام داوەو هەڕەشەی ئەوەش دەکات کە بە توندی بەرامبەر ئەو تاوانبارانە دەوەستێتەوە. هەر لەم ڕووەوە ئەحمەد ئەسەدی وتەبێژ بەناوی دەستەی حەشدی

**ئەگەر مەسەلەی دەرکردنی یاسای پاسەوانی نیشتمانی سوودی نیشتمانی بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوا هەبێت ئەوا یاسای چاوخشاندنەوە بە سنووری ئیداریی سوودی نیشتمانی بۆ بەغداو پارێزگاکانی فوراتی ناوەڕاست دەبێت**

**محەمەد ئەلغەبان وەزیری ناوخۆ دان بەوەدا دەنێت کە چەکدارانی حەشدی شەعبی تاوانی کوشتن و ڕفاندنیان ئەنجام داوەو هەڕەشەی ئەوەش دەکات کە بە توندی بەرامبەر ئەو تاوانبارانە دەوەستێتەوە**

شـــەعبی ڕەتی کردەوە کە پێشێلکاریی لەلایەن هەندێ لە خۆبەخشانی حەشدی شـــەعبییەوە ئەنجامدرابێت، دووپاتیشـــی دەکاتەوە کە ئەوەی گوتراوە تەنیا بریتییە لە پڕۆپاگەندەی ناحەزان بەمەبەستی شێواندنی وێنەی حەشدی شەعبی دوای ئەو سەرکەوتنانەی بەدەستیان هێناوە و جەختیشـــی کردەوە لەسەر ئەوەی کە هەموو دەســـتدرێژی و پێشـــێلکارییەك کە بە ناوی ئەوانەوە دەکرێت ڕەتدەکەنەوە. سیســـتانیی مەرجەعیش کردەوەی کوشـــتن و بەتاڵانبردنی حەرام کـــرد کە پێکهاتەکانی حەشدی شـــەعبی لە ناوچە سوننەنشینەکان ئەنجامی دەدەن، هاوکات ڕەخنەی توندی ئاراســـتەی حەشـــدی شـــەعبی کرد بەوەی کە تایفەگـــەرە و تۆمەتباریش دەکرێـــت کە باڵی بەهێزی ئێرانەو فەرمان لە جەنەراڵی ئێرانی قاسم ســـولەیمانی وەردەگرێت، لەلای خۆشیەوە موعین کازمی سەرۆکی لیژنەی پشتیوانیی حەشدی شەعبی لە ئەنجومەنی پارێزگای بەغدا دووپاتی کردەوە کە هێزەکانی حەشدی شـــەعبی بەپیر بانگەوازەکەی مەرجەعییەتەوە چوو و تا ئێســـتاش کار بەردەوامە بۆ ڕێکخســـتنی چەکدارانی حەشـــدی شەعبی لە ڕووی پێکهێنانـــی ٢٥ لیوا بـــۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و تیرۆر.

## ● چەکەکانـــی ئەمریکا بۆ عێراق کەوتوونەتە دەســـت میلیشیاکانەوە

ماڵپەڕی (بلۆمبێرگ ڤیو) ڕاپۆرتێکی بە ناونیشانی (میلیشـــیاکانی عێراق کە ئێران پشـــتگیریان دەکات چەکی ئەمریکییان دەســـت دەکەوێت) بڵاوکردۆتەوە و تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو چەکانەی ئەمریکا بۆسوپای عێراقیان دەنێرێت لە کۆتاییدا دەکەوێتە دەست میلیشیا شیعییەکانەوە، ئەمەش بە قسەی یاساناسانی ئەمریکا و گەورە بەرپرسانی ئیدارەی سەرۆك ئۆباما، کە ئەو ماڵپەڕە قســـەی لەگەڵدا کـــردوون، بەپێی ئەو سەرچاوانە، حکومەتی عێراق مانگی ڕابردوو بایی یەك ملیارو ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری لە شێوەی خزمەتگوزاریی مەشـــق و یارمەتی و کەلوپەلی سەربازی پێدراوە، ئەم کەلوپەلانەی داوەتە میلیشـــیا شـــیعەکانی لایەنگری ئێـــران، کە خودی ئـــەو دەوڵەتە بـــەوە تۆمەتبارە کە پێشـــێلکاریی زۆری دەرحەق مافەکانی مرۆڤی لە ناو عێراق ئەنجام داوە.

## ● سەدر ڕەفتارەکانی مالیکی ڕەت دەکاتەوە

موقتەدا ســـەدری سەرۆکی ڕەوتی ســـەدر، ناڕەزایی خۆی دووپاتکردەوە بەرامبەر ئەوەی کە نوری مالیکی جێگری ســـەرۆك کۆمارو ســـەرۆك وەزیرانی پێشـــوو پۆستی ســـەرکردایەتیی حەشدی شەعبی پێدراوە، ئەو زیاتر گوتی: سەرکردایەتیی کردنی پێکهاتەکانی حەشدی شەعبی لەلایەن نوری مالکییەوە لەگەڵ دیدو بۆچوونی حکومەتی تازەی عێراق یەکناگرێتەوە. هۆشداریشی دا لەو مەترسییە ڕاستەقینانەی ڕووبەڕووی عێراق دەبنەوە لە حاڵەتێکدا کە ئەگەر ئەمە سەربگرێت.

هەروەها عەلی سیســـتانی مەرجەعی باڵای ئایینی بەرلە چەند ڕۆژێك داوای لە پەرلەمانی عێراق کردبوو یاســـای تایبەت بە پڕچەککردنی حەشدی شەعبی و تەرخانکردنی مووچە بـــۆ چەکدارانی ئەو پێکهاتەیە دەربکات.

## ● گۆڕەپانی شەڕ و پڕۆژەی ئەمریکی

هەرێمی کوردستان خۆشـــحاڵیی بە پڕۆژەی یاسایەك دەربڕیبوو کە کۆنگرێســـی ئەمریکا بەنیازە دیراسەی بـــکات، بەو پێیە ڕێگە بە کۆشـــکی ســـپی دەدرێت هێزەکانی پێشـــمەرگە بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا پڕچەك بکات. ئاماژەشـــی بەوە کرد کـــە هەوڵەکانی ئەمریکا بە ڕاســـتەوخۆ چەکدارکردنی عەشیرەتەکانی ڕۆژئاوا پێشمەرگە، مەبەست لەمەدا بەهێزکردنی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستانە لەسەر حیسابی حکومەتی ناوەند و جێبەجێ کردنی پڕۆژەکەی ئەمریکایە بۆ دابەشکردنی عێراق.

لەلایەکی دیکەوە یەکەکانی حەشـــدی شەعبی حەیدەر عەبـــادی ســـەرۆك وەزیرانیـــان ئاگادارکردۆتەوە کە حەزناکەن لەژێـــر فەرمانی ڕاوێژکارانی ســـەربازیی ئەمریکادا شـــەڕبکەن، بە تایبەتیـــش کە ڕاوێژکارانی ئێرانی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بە دەرکردنی داعش لە ناوچە شیعەنشـــینە تورکمانییـــەکان لە ئامرلی و دوزخورماتو و دیالە، هەروەها لە جورف ئەلســـەخەر کە بە بازنەی باشووری بەغدای پایتەخت دەژمێردرێت.

لەهەمان کاتیشـــدا چەند گروپێکی چەکدار لە عێراق بە شـــێوازێکی تایفەگەریانـــە بڵاوبوونەتەوە کە ئەمە لای ڕاوێژکارانی ئەمریکی و ئێرانی ڕەنگی داوەتەوە، بەشـــێوەیەك کە ئەوانەی شیعەن حەز دەکەن هاوکاریی لەگەڵ ئێرانییەکاندا بکەن، کەچی ئەوانەی ســـوننەن حەز بە هاوکاری لەگەڵ ئەمریکییەکاندا دەکەن.

لـــەم ڕووەوە دەبینین لە زۆربـــەی ناوچەکانی ڕۆژئاوا باکووری عێراق پێکدادانی چەکداری لەگەڵ چەکدارانی داعش لە دەیان بەرەدا بەردەوامە، هێزەکانی پێشمەرگەش زیانێکی زۆریان لە چەکدارانی داعش داوەو لە زۆربەی ناوچەکانی ســـنووری هەرێمی کوردستان وەدەریاناون، لەکاتێکدا ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانیان سوننەن شەڕکردنیان سنوردارەو تەنیا (لێدەو ڕاکە)یە بێ ئەوەی هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆی سەربازیان لێبێتە ئاراوە.

**ماڵپەڕی ( بلۆمبێرگ ڤیو) ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو چەکانەی ئەمریکا بۆسوپای عێراقیان دەنێرێت لە کۆتاییدا دەکەوێتە دەست میلیشیا شیعییەکانەوە**

**یەکەکانی حەشدی شەعبی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانیان ئاگادارکردۆتەوە کە حەزناکەن لەژێر فەرمانی راوێژکارانی سەربازیی ئەمریکادا شەڕبکەن**



د. ئەحمەد ئەنوەر

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# زانیاریمان لەسەر ١٣٠-١٤٠ کەیسی گەندەڵی بۆ هاتووە، بەڵام لێکۆڵەری یاسایی تەواومان نییە بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکەین



پێش ئەوەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دروشمی ریفۆرم و چاکسازی بۆ هەڵبژاردنی ئەیلوولی ٢٠١٣ بەرز بکەنەوە، دەستەی دەستپاکی وەك دامەزراوەیەکی دەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان دامەزرا، سەرۆکی دەستەکەش بە رێگەی CV لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکان هەڵبژێردراوە و پاش دەرچوونی مەرسومی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئەم دەستەیە دەستی کرد بە دامەزراندنی هەیکەلی خۆی و نزیکەی ١٨ مانگە دەست بەکاربووە. ئەرکی سەرەکی ئەم دەستەیە بریتییە لە پەرەپێدانی کەلتووری دژەگەندەڵی و لێکۆڵینەوەی یاسایی لە دیاردەی گەندەڵی. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە هەستیارە، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ د. ئەحمەد ئەنوەر سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان سازکرد، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.

*** ماوەی دوو ساڵە باس لە دامەزراندنی دەستەی دەستپاکی کوردســـتان دەکرێت، ئەم دەستەیە وەك یەکەیەکی سەربەخۆ کە لە ژێر چاودێری پەرلەماندا ئەرکی شـــەڕی گەندەڵی خستۆتە سەرشانی خۆی، دەکرێت بزانین لە ماوەی ئەم دوو ساڵە چیتان کردووە؟**

- دەســـتەی دەستپاکی بەپێی یاســـای ژمارەی ٣ ساڵی ٢٠١٣ی خولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستان دامەزراوە، بەڵام دەستپێکردن بۆ پێکهێنانی هەیکەلی ئەم دەستەیە وەك دامەزراوەیەك لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ٢٠١٣ دەستی پێکرد. شـــێوازی دەستنیشـــانکردنی ســـەرۆکی دەستەی دەســـتپاکی بە ڕێگەی CV بوو، بۆ ئەمەش دەســـەڵاتی دادوەری ٣ کاندیدی دەستنیشـــان کردبوو بۆ ئەوەی لە ناو پەرلەمانی کوردســـتان بە ڕێژەی دوو لە سەر سێی دەنگی پەرلەمانتاران یەکێکیان هەڵبژێریت، دوای هەڵبژاردنمان وەك ســـەرۆکی دەستە، دیارە ئەم بڕیارەی پەرلەمان پێویستی بە مەرسومی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەبوو، بۆیە لە ڕۆژی ٢٧ی ئایاری ٢٠١٣ دوای دەرچوونی مەرسومەکە دەســـتمان بە کارکـــردن کرد، واتە لە مانگـــی حوزەیرانی ٢٠١٣ داوای میزانییەکی کاتیمان کرد بۆ ئەوەی دەســـت بەکارەکانمان بکەین، بەڵام وەك خۆشتان دەزانن، لەو کاتەدا خولی سێهەمی پەرلەمان بەرەو کۆتایی دەچوو، کوردستان خـــۆی بۆ هەڵبژاردنی خولی چـــوارەم ئامادە دەکرد کە لە ٢١ی ئەیلوولی هەمان ساڵ ئەنجامدرا، دیارە پشووی خولی پەرلەمان دەســـتی پێکرد و ئیتر دوای ئەوە پەرلەمانتارانی خولی ســـێهەم نەهاتنەوە و خولی چوارەم دەســـتی پێکرد، دوای ئەویش لایەنە سیاســـییەکانی براوەی هەڵبژاردنەکان کەوتنە وتووێژ بۆ چۆنیەتی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم، ئەم پرسە ماوەیەکی زۆری خایاند، کە دەتوانم بڵێم ماوەی ٩ مانگ ئەم پرسە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەدای هەموو دەزگا حکوومـــی و دەوڵەتییەکانی کوردســـتان هەبوو، بە دەستەی دەستپاکیی کوردستانیشەوە.

*** ئـــەی لەو کاتەوە کە کابینەی هەشـــتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، ئایا توانیوتانە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی هەنگاوی خێرا و چالاك هەڵبگرن؟**

- ئێمە لە مانگی ئەیلوولی ٢٠١٣ـەوە دەســـتمانکردووە بە دامەزراندنی هەیکەلی دەستەی دەستپاکی، بەڵام گرفتەکان کە ڕووبەڕووی هەموو دامەزراوە حکومەتی و دەوڵەتییەکانی کوردســـتان دەبنەوە، لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆمانن، بۆیە بارودۆخەکە وایکردووە هەنگاوەکانـــی ئێمەش خاو بێتەوە، هەر بۆ نموونە لەگەڵ دەستپێکی ساڵی ٢٠١٤ بە بڕیاری نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق، بودجەی هەرێمی کوردســـتان بڕا، تەنانەت مووچەی فەرمانبەرانی کوردستانیشـــی نەنارد، ئەمەش مانـــای ئەوەیە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ بودجەی نەبووە، بودجەی ئێمەش دەبوو لە ناو بودجەی کوردستان پەسەند بکرێت، بۆیە ئێمەش بودجەمـــان نەبوو، تەنیا بودجەیەکـــی کەم و کاتیمان لەبەر دەست بوو، ئەمەش ئاســـتەنگێکی زۆر گەورەیە، لەمەش خراپتـــر ئەوە بوو دوای پێکهێنانی کابینەی هەشـــتەمیش بە ماوەیەکی زۆر کورت تیرۆریســـتانی داعش موســـڵیان گرت و (خەلافەتی ئیســـلامی)یان ڕاگەیاند و شەڕێکی نەخـــوازراو یەخەی گرتین، دوای ئـــەوە بە ماوەیەکی زۆر کورت تیرۆریســـتانی داعش هێرشیان کردە سەر کوردستان، بێجگە لەو کۆمەڵکوژییەی دژی کوردی ئێزیدی و هەموو پێکهاتەکانی ئـــەو ناوچانە ئەنجامیانـــدا، لە هەمانکاتدا شـــاڵاوێکی گەورەی ئاوارە ڕووی کردە کوردســـتان، ئەم بارودۆخە نائاســـاییە کە بارودۆخی شـــەڕە، بمانەوێت، یان نەمانەوێت، کاریگەری لەســـەر هەموو لایەك هەیە، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش لە دوای مانگی ئەیلوولی ٢٠١٣ هەوڵمانداوە لەســـەر بنەمایەکی زانســـتی و بەستاندەری نێودەوڵەتی هەیکەلی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنین، کە پێکدێت لە ٣ بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی کە بریتین لە (فەرمانگەی یاسایی و لێکۆڵینەوە، فەرمانگەی کارگێـــڕی و بەڕێوەبـــردن، فەرمانگـــەی خۆپارێـــزی و شـــەفافیەت) بۆ ئەم سێ پۆستە ئێمە لە پێنج ڕۆژنامە کە بریتین لە (کوردســـتانی نوێ، خەبات، هەولێر، هاوڵاتی و ئاوێنە) بانگهێشـــتی هەموو ئەو کەسانەمان کردووە کە ئەو مەرجانایان تێدایە، بۆ ئەوەی CVی خۆیان پێشکەش بکەن، نزیکەی ٣٠ کەس بۆ ئەو پۆســـتە CVی خۆیان پێشکەش کردبـــوو، بۆ هەڵســـەنگاندنی ئەو CVیانـــە لیژنەیەکمان پێکهێنا دوای هەڵســـەنگاندن و چاوپێکەوتن لە گەڵیاندا، ٣ بەڕێزمان بۆ ئەو ٣ پۆســـتە پەســـەند کرد، ئەم پرسە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم ٢٠١٣ تەواو بوو، ناردمانە ســـەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی مەرسومی بۆ دەربچێت و لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٣ مەرسومیان بۆ دەرچوو. دوای ئەمە دەستمان بە دامەزراندنی ژمارەیەك فەرمانبەر کرد، بۆ ئەمە زیاتر پشـــتمان بە گواســـتنەوەی ئەو فەرمانبەرانە لە دامودەزگاکانی دیکە بەستووە و چەند کارمەندێکیشمان دامەزراندووە، ئێستا بەشێك لە هەیکەلی دەستەی دەستپاکی تەواو کراوە.

*** ئێوە لە ســـاڵی ٢٠١٣ توانیتان بەشـــێك لە هەیکەلی دەســـتەکە تەواو بکەن، ئایا لە ماوەی ساڵی ٢٠١٤ چیتان کردووە؟**

- وێـــڕای ئەوەی لە ســـاڵی ٢٠١٤ دوو ڕووداوی ناخۆش یەخەی گرتین (نەبوونی بودجە و شـــەڕی تیرۆریستان)، بەڵام هەوڵمانداوە هەندێك ئیش بکەین، وەك هەنگاوی یەکەم هەوڵمانداوە خۆناســـینێك لەگەڵ تـــەواوی دامەزراوەکانی

**١٨١٤ فۆرممان بەسەر بەرپرساندا دابەشکردووە، لەو ژمارەیە ١٦٢٠-١٦٢٥ فۆرممان بۆ گەڕاوەتەوە، پێشبینیش دەکەم پێش ئەوەی قۆناخی دووەمی دابەشکردنی فۆرمەکان دەست پێبکەین، ئەوانی دیکەشمان بۆ بگەڕێتەوە**

**لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبووینەوە، ئەوەی پێی ڕاگەیاندین زۆری پێخۆشە ئەم دەستەیە دامەزراوە و پێی گوتین زۆر پشتگیریتان دەکەم**

حکومەت بکەین و لەگەڵیان کۆببینەوە، لەمەشدا بە پارێزگاکان دەستمان پێکرد و لە گەڵ پارێزگار و سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتییەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك کۆبووینەوە.

*** بەپێی یاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان، ئێوە کارەکانتان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی چۆنە، ئایا بەرنامەکە چەند لایەن دەگرێتەوە؟**

- بەپێی یاسای دەستەی دەستپاکی، سێ ئەرکی سەرەکی دەکەوێتە سەر شانی ئێمە لەوانە:

یەکەم: وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ خۆپاراستن لە گەندەڵی، ئەم خاڵە لە ڕێککەوتنی ریشەکێشکردنی کردەیی گەندەڵی هاتووە، ئێمە لەم خاڵەوە دەستمان پێکردووە، کە بریتی بووە لەدەرکردنی ڕێنمایی سەبارەت بە دەستکەوتی داهاتی نارەوا (ربح غیر مشروع)، وەك ئاگادارن ئێمە بۆ ئەم مەبەستە زیاتر لە ٢٠٠٠ فۆرممان بەسەر هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان و تەواوی وەزیرەکان و بەرپرسانی دیکەی حکوومی دابەشکردووە.

دووەم: دوای دەرکردنی پەیڕەوی ناوخۆی دەستە، دەستمانکردووە بە دەرکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوە.

سێهەمیان: ئەرکی کارگێڕی و بەڕێوەبردنە کە میکانیزمی کارەکانی هەردوو ئەرکەکەی دیکە ڕێکدەخات.

*** سەبارەت بە دابەشکردنی فۆرمەکان بەسەر بەرپرسەکاندا، ئایا تاچەند بەرپرسان هاوکارییان کردوون و تاچەند فۆرمەکانتان بۆ گەڕاوەتەوە؟**

- بێجگە لەو ٥٠٠ فۆرمەی بەجیا دابەشی وەزارەتی شارەوانیمان کردبوو بۆمان گەڕاوەتەوە، ١٨١٤ فۆرمی دیکەمان بەسەر بەرپرساندا دابەشکردووە، لەو ژمارەیە ١٦٢٠-١٦٢٥ فۆرممان بۆ گەڕاوەتەوە، پێشبینیش دەکەم پێش ئەوەی قۆناخی دووەمی دابەشکردنی فۆرمەکان دەست پێبکەین، ئەوانی دیکەشمان بۆ بگەڕێتەوە، هەتا ئێستا هەست دەکەم بە ڕێژەی ٨٥٪_ ٩٠٪ پابەندبوون هەیە، چاوەڕێ دەکەین و ئومێدمان وایە ئەم پابەندبوونە بگاتە ١٠٠٪، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە بەرپرسە باڵاکان هەست بە گرنگیی ئەم پرسە دەکەن.

به ڕێژەی ٨٥٪ - ٩٠٪ پابەندبوون هەیە و ئومێدمان وایە ئەم پابەندبوونە بگاتە ١٠٠٪

*** ئایا ئەم فۆرمانە چی لێدەکەن؟ ئایا ئەمە هەر بۆ ئەوە بوو بەشێوەیەکی ڕۆتینی پڕبکرێتەوە و بڵێن بەرپرسانی هەرێمی کوردستان داهاتی خۆیان ئاشکرا کردووە، یان لێرە تەواو نابێت؟**

- دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکان، پرۆسەی دڵنیابوون لەو زانیارییانە دەست پێدەکات کە لە فۆرمەکاندا هاتوون، ئەمەش هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵێك وەزارەتی حکومەت و بانکەکانی دەوێت، وەك: (وەزارەتی داد، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی بازرگانی، وەزارەتی کشتوکاڵ، هەروەها هەموو بانکەکانی کوردستانیش، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە ئەگەر بمانەوێت دڵنیابین لە ژمارەی تۆماری خانووبەرە، ئەوا فەرمانگەی تۆماری خانووبەرە سەر بە وەزارەتی دادە، ئەگەر بمانەوێت دڵنیابین لە موڵکی کشتوکاڵی، دەبێت لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوە پشتڕاست بکەینەوە، ئەگەر بزانین چەند کۆمپانیای هەیە، دەبێت پەنا بۆ وەزارەتی بازرگانی ببەین، ئەگەر بزانین چەند ئۆتۆمبێلی هەیە، دەبێت لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بیکەین، چونکە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ سەر بەو وەزارەتەیە، ئەگەر بزانین چەندی پارەی لە بانکە، دەبێت داوای زانیاری لە بانکەکان بکەین.

دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکان، پرۆسەی دڵنیابوون لەو زانیارییانە دەست پێدەکات کە لە فۆرمەکاندا هاتوون، ئەمەش هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵێك وەزارەتی حکومەت و بانکەکان دەوێت

*** ئایا لە بواری خۆپاراستن و شەفافییەت چیترتان کردووە؟ یان بەنیازن چی بکەن؟**

- ئیشکردن لەسەر لایەنی خۆپاراستن و شەفافییەت، زۆر لایەن دەگرێتەوە، هەندێکی کارمان بۆ کردووە و هەندێکیشی پێشنیارمان کردووە و کاری لەسەر دەکەین، ئێستا ئێمە لائیحەیەکمان بۆ ئاکاری فەرمانبەر ئامادە کردووە و لە قۆناخی تەواوبووندایە، ئەم لائیحەیە دەتوانین بڵێین هەنگاوێکی جیهانییە بۆیە دوای تەواوبوونی وەك لائیحەیەك بۆ دیاریکردنی ئاکاری فەرمانبەر بەسەر هەموو فەرمانبەرانی هەرێم دابەشی دەکەین، خاڵێکی دیکە کە زۆر بە جددی کاری لەسەر دەکەین پەرەپێدانی کەلتووری دژە گەندەڵییە، بۆ ئەمەش هەندێك پێشنیارمان بۆ دژایەتی گەندەڵی ئامادە کردووە و پێشکەشی وەزارەتی پەروەردەمان کردووە، بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارانە بخرێنە ناو پرۆگرامی خوێندن و لە هەر ١٢ قۆناخەکەی بنەڕەتی بخوێندرێن، وەزراەتی پەروەردە بە شێوەیەکی زۆر ئیجابی ئامادەباشی پیشانداوە، بە هەمان شێوە بۆ قۆناخی زانکۆ و خوێندنی باڵا هەمان پێشنیاری دژایەتی گەندەڵیمان ئامادەکردووە و لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا دانیشتووین، ئەوانیش وەڵامدانەوەی باشیان هەیە، جیاوازی پێشنیارەکانی قۆناخی بنەرەتی و خوێندنی باڵا، پەیوەندی بە قۆناخەکانی خوێندنەوە هەیە، ئەوەمان جیاکردۆتەوە کە قوتابیەکی زانکۆ چۆن فێری دژایەتی گەندەڵی بکرێت و قوتابیەکی قۆناخی بنەڕەتی چی پێ بگوترێت. لەلایەکی دیکە لە ناو دەستەی دەستپاکی کوردستان، خولێکمان بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگەی یاسایی وەزارەتەکان کردۆتەوە بۆ ئەوەی زیاتر بە پەرەپێدانی کەلتووری دژەگەندەڵی ئاشنا بن. هەروەها بەرنامەیەکمان هەیە بۆ هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کوردستان و بەنیازین لەگەڵ بەرپرسی دەزگا و کەناڵەکان کۆببینەوە، دڵنیام زۆربەی زۆری دەزگاکانی ڕاگەیاندن هاوکاریمان دەکەن.



**گەندەڵی واتە ئەنجامدانی تاوان لە تاریکیدا، دیارە ئەوانەشی لە تاریکیدا تاوان ئەنجام دەدەن، هاووڵاتی ئاسایی نین، بۆیە شەڕی گەندەڵی پێویستی بە خۆتەرخانکردن و کەڵەکەبوونی ئەزموون هەیە**

*** ئەی سەبارەت بە دەزگای ئاسایش، کە ئەم دەزگایە بۆ زانیاری و کارکردن لەسەر دیاردەی گەندەڵی زۆر گرنگن، ئایا ئەوان هەماهەنگیتان لەگەڵ دەکەن، یان لێکدوورن؟**

- ئێمە لەگەڵ دەزگای ئاسایش کۆبووینەوە، بەتایبەتی کە ئاسایش بەشی ئابوورییان هەیە، ئەوانیش زۆر وەڵامدانەوەیان هەبووە بۆ کارەکانمان، ئێمە داوامانکردووە کە پرۆتۆکۆلێك لە نێوانماندا ئیمزا بکەین، بۆ ئەمەش ئامادەباشییان پیشانداوە و پێیانگوتووین، ئێمە وەك پێشنیار بەرزی دەکەینەوە و پێمان باشە.

*** ئەی سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی یاسایی لە بوونی دیاردەی گەندەڵی، ئایا بەرنامەتان بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی یاسایی لەم دیاردەیە چۆنە؟**

- ئەم لایەنە پێویستی لە لیکۆلەری یاسایی (محقق) هەیە، بۆ ئەم لایەنە ئیشکالیەتێك لەیاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان هەیە، هەر بۆ نموونە بەپێی یاسای دەستپاکی عێراق، هاتووە کە لێکۆلەری یاسایی لەسەر میلاکی دەستەی دەستپاکی دابمەزرێت، بەڵام لە یاساکەی هەرێمدا، ئاماژە بەوە کراوە بە شێوازی تەنسیب بێت، ئەمەش واتە لەگەڵ دەستەی دەستپاکی کاری لێکۆڵەری یاسایی دەکات، بەڵام وەك میلاك سەر بە دەستەی دەستپاکی نییە، ئەمە کێشەی بۆ دەستەی دەستپاکی دروستکردووە، لەبەر ئەوەی بێجگە لە پارێزگای هەولێر کە ٧ لێکۆڵەری یاسایی هەیە، لە پارێزگای دهۆك و سلێمانی، دەسەلاتی دادوەری خۆی کێشەی کەمیی لێکۆیەری یاسایی هەیە، ئێمە لە دهۆك تەنها دوو لێکۆیەرمان هەیە کە خۆیان تەرخانکردووە بۆ کاری دەستەی دەستپاکی، لەهەموو پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە کە تازە دامەزراوە، هەروەها ئیدارەی گەرمیان دوو لێکۆڵەرمان هەیە، بەڵام خۆیان تەرخان نەکردووە بۆ کاری دەستەی دەسپاکی، ئەوان پێمان دەڵێن هەر کاتێك ئۆفیسی سلێمانی ئەکتیڤ بوو، خۆمان تەرخان دەکەین، هەولێر تا رادەیەك ئەکتیڤە، بەڵام لە سلێمانی و دهۆك بە هۆی ئیشکالیەتی نەبوونی لێکۆڵەری یاسایی وەك پێویست ئەکتیڤ نەبوون.

*** ئایا بیرتان لەوە نەکردۆتەوە لە رێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە یاسای دەستەی دەستپاکی هەموار بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالیەتە چارەسەر بکەن، ئایا دەتوانن ئەمە بکەن، یان دیسان رێگریتان هەیە؟**

- لەمەشدا کێشەیەکی دیکەمان هەیە، پێش ئەوەی




من لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ ئەم پۆستە هەڵبژێردرێم، ڕێکخراوی UNDP بە هاوکاری ژمارەیەك دادوەری بەڕێز، پڕۆژەیەکیان بۆ هەموارکردنی یاساکە ئامادەکردبوو، ئێمە لە حوزەیرانی ٢٠١٣ جارێکی دیکە کارمان لەسەر ئەم پڕۆژەی هەموارکردنە کردەوە، لەبەر ئەوەی دەمانزانی لە ساڵی ٢٠١٣ لە دەرکردنی یاساکە هەندێك پەلە کراوە، بۆیە ئێمە هەندێك خاڵی دیکەشمان بۆ زیادکرد، لەوانە پێویست بوو هەندێ دەسەڵات لە یاساکەدا ڕوونبکرێتەوە، بۆ ئەمە ئێمە ٢٠ ماددەمان ئامادە کردبوو، لە یەکی تەمموز پێشکەشی سەرۆکی خولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستانمان کرد، بەڵام سەرۆکی خولی سێهەم پێی ڕاگەیاندین، پشووی پەرلەمان دەستی پێکردووە و دوای ئەویش هەڵبژاردنی خولی چوارەم دەستی پێکرد، بۆیە دوای ئەوەی لە نیسانی ٢٠١٤ خولی چوارەمی پەرلەمان دەستی پێکرد، ئێمە لە ١٥ی حوزەیران جارێکی دیکە ئەم ڕەشنووسە هەموارکراوەمان پێشکەشی پەرلەمان کردەوە، ئەمجارەش هەست دەکەین لێکتێنەگەیشتنێك لەسەر بڕگەی گۆڕینی تەنسیب بۆ دامەزراندنی لێکۆڵەری یاسایی لە پرۆسەی دەنگداندا دەنگی پێویستی نەهێناو پەسەند نەکرا، ئێستا ئەمە نێردراوە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئیمزای لەسەر بکات، بەڵام نازانم جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم بڕگەیە تێبینی دەدات، یان دەیگێڕێتەوە بۆ پەرلەمان، من ئومێد دەکەم جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئیمزای نەکات و بیگێڕێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو بڕگەیە چاك بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو بڕگەیە زۆر گرنگە.

*** مەبەستت چییە لەوەی کە ئەوەندە جەخت لەسەر ئەوە دەکەیتەوە لێکۆڵەری یاسایی بە دامەزراندن بێت، نەك بە تەنسیب؟**

- پێش هەموو شت پێناسەی گەندەڵی واتە ئەنجامدانی تاوان لە تاریکیدا، دیارە ئەوانەشی لە تاریکیدا تاوان ئەنجام دەدەن، هاووڵاتی ئاسایی نین، بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەی پێویستی بە خۆتەرخانکردن و کەڵەکەبوونی ئەزموون هەیە، لەبەر ئەوەی شەڕی گەندەڵی، شەڕێکی سەخت و نەبیندراوە، ئەوەندەی ئێمەش بەشداری هەندێك کۆبوونەوەمان کردووە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی وەك تونس، ئوردن، مەغریب، هەروەها لە عێراقیش، لێکۆڵەری یاسایی دادەمەزرێت بۆ دەستەی دەستپاکی، بۆیە ئەگەر

**گرنگە حکومەت بیمەی بێکاری و بیمەی تەندروستی و بیمەی خانەنشینی دیاری بکات، دۆزینەوەی کار ئەرکی حکومەت نییە**

یاساکە بەو جۆرە هەموار بکرایە کە ئێمە داوامان کردبوو، دەمانتوانی ١٠٠-١٢٠ لێکۆڵەری یاسایی دابمەزرێنن و لە ئامۆژگای دادوەری خولی مەشق و راهێنانیان بۆ بکەینەوە و بۆ ئەم ئەرکە ئامادەیان بکەین، بۆ ئەمەش لە پەیوەندی بەردەوامداین لەگەڵ UNDPو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەوەی بە ئەزموونی خۆیان هاوکاریمان بکەن و خۆمان ئەکتیڤ بکەین، ئێستا بە فەرمی داوامان لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووە لەسەر ئەو بڕگەیە یاساکە ئیمزا نەکات.

*** ئایا زانیاریتان لەسەر هیچ کەیسێك لەبەردەستە بۆ ئەوەی چاوەڕێی لێکۆلەری یاسایی بکەن و نەتانبێت؟**

- بەڵێ، هەتا ئێستا زانیاریمان لە سەر ١٣٠-١٤٠ دیاردە بۆ هاتووە، هەریەك لەم زانیارییانە پێویستی بە بەدواداچوون و خۆتەرخانکردنی لێکۆڵەری یاسایی هەیە، بەڵام وەك پێویست لێکۆڵەری یاساییمان نییە.

*** پێش ئەوەی ئەم دەستەیەی ئێوە دابمەزرێت، لایەنی دیکە هەندێك لەم کارانەی ئێوەی دەکرد، وەك دیوانی چاودێری دارایی، داواکاری گشتی، ئایا ئێوە بوونەتە ئەلتەرناتیڤی ئەوان، یان ئیشی ئێوە لەگەڵ ئەوان جیاوازە؟**

- دەستەی دەستپاکی دەسەڵاتی جیاوازە، بۆ نموونە دەستەی دەستپاکی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لە لە دەستپاکی و یاساییبوونی هەموو چالاکییەکانی دەوڵەت بکۆڵێتەوە، ئەمەش واتە ئەم دەستەیە کاتێك دەتوانین بڵێین سەرکەوتوو بووە کە رۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان ببینێت، بۆیە پاش دامەزراندنی ژمارەیەك فەرمانبەری پێویست کار لەسەر ئەم لایەنەش دەکەین، ئەمەش وایکردووە هاماهەنگی لەگەڵ هەموو دەزگاکانی دەسەڵاتی دادوەری و داواکاری گشتی بکەین، لەسەر ئەم پرسە لێکتێنەگەیشتنێك هەبوو، هەندێك برادەر پێیانوابوو ئەم دەستەیە زیادەیە و لەسەر حیسابی ئەوانە، بەڵام ئەمەمان بە دانیشتن و وتووێژ چارەسەر کردووە، پرۆتۆکۆڵێکمان لەگەڵ داواکاری گشتی ئیمزاکردووە، لەگەڵ چەند دامەزراوەیەکی دیکە هەماهەنگی و هاوکاریمان هەیە، ئێمە پێمانوایە پرسی دژایەتیکردنی گەندەڵی پێویستی بە ستراتیژیەتێکی نیشتمانی هەیە، بۆیە لە سەرەتای ئەمساڵەوە لیژنەیەکمان دروستکردووە بۆ دارشتنی ستراتیژیەتی نیشتمانی بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی.

*** تاچەند دەتوانن کاری دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ رێکخراوی هاوشێوەی خۆتان بە ستاندەری جیهانی بەراورد بکەن؟**

- لە رووی پرۆگرامی تیۆرییەوە هەموو هەنگاوەکانمان بۆ پێکهێنانی ئەم دەستەیە بە ئاستی ستاندەری جیهانییە، بەڵام لە رووی پراکتیکەوە کارەکانمان ئاستەنگی زۆری لە بەردەمدایە، لەوانە: ئێمە لە قۆناخی شەڕین، بودجەمان کێشەی هەیە، دوای ئەو رێککەوتنەی نێوان بەغدا و هەولێر، ئیستا نرخی نەوت دابەزیوە، پاشان لە یاسای دەستەی دەستپاکی ئیشکالیەتمان هەیە، هەروەها لە کوردستاندا دیاردەی فرەحزبی هەیە و حکومەتەکەمان حکومەتی بنکەفراوانی نیشتمانییە، ئەم حاڵەتە ئەگەر لەسەر رەهەندی سیاسی و نیشتمانی سەیری بکەین، سیمای جوانی کوردستانە و نیشانەی بوونی دیموکراتی و فرەلایەنییە، بەڵام بۆ ئێمە وەك وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە قۆناخی راگواستن و پرۆسەی دژایەتیکردنی گەندەڵیدا، کارەکە قورس دەکات و بەئاسانی چاکسازی و گەندەڵی بنبڕکردن سەرکەتوو نابیت؟

*** ئایا مەبەست ئەوەیە حزبە سیاسییەکانی کوردستان پشتگیریتان ناکەن، یاخود ئاستەنگتان بۆ دروستدەکەن؟**

- نەخێر، مەبەستم ئەوە نییە، لەسەر هەموو ئاستەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی و سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت و تەواوی لایەنە سیاسییەکان پشتگیریمان دەکەن و چەندین جار لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت و زۆربەی لایەنە سیاسییەکان کۆبووینەتەوە، ئەوەی گوێمان لێبووە و هەستی پێدەکەین، ئەوەیە زۆر پشتگیریمان دەکەن و پرسی دژایەتیکردنی گەندەڵیشیان لاگرنگە، لەمەش زیاتر بەرنامەی هەموو حزبە سیاسییەکان بۆ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمان چاکسازییە، من لە پەرلەمان بە نوێنەری هەموو حزبەکانم وتووە لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەی هەتانە پشتگیریمان بکەن، ئێمە ئەوەندەمان بەسە، بەڵام کێشە و ئیشکالیەتەکە ئەوەیە پێکەوە هەر هەموویان لە چوارچێوەی ئەو بەرنامە هاوبەشەی حکومەتیان لەسەر پێکهێناوە، پشتگیریی هەنگاوەکان ناکەن، پرۆسەی چاکسازی پرۆسەیەکی سەختە، پێویستی بە باجدان هەیە، دەبێت هەموو حزبەکانی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەبن ئەو باجە بدەن .

*** مەبەست لە باجدان چییە؟ ئایا دەکرێت لایەنێك چوار کورسی هەیە و لایەنێك ٢٥ کورسی و لایەنێك ٣٨ کورسی، وەك یەك باجەکە بدەن؟**

- ئەم پرسە دوای رێککەوتن لەسەر بەرنامەی کابینەی حکوومی بەو چاوە سەیر ناکرێت، ئەو لایەنانە هەریەك بە قەوارەی خۆی بەشدارە، بەڵام وەك یەك بەرنامەکەیان پەسەند کردووە، راشکاوانەتر بە قەوارەی خۆی دەبێت کار بۆ سەرکەوتنی بەرنامەی ئەم حکومەتە بکات، واتە کە بڕیارێك دەردەچێت، دەبێت بە هەموو توانای خۆی لەسەر ئاستی حزبەکەی پشتگیری بکات.

**زۆر بە جددی کاری لەسەر پەرەپێدانی کەلتووری دژەگەندەڵی دەکەین و بە دوو شێوازی جیاواز هەندێك پێشنیارمان بۆ دژایەتی گەندەڵی ئامادەکردووە و پێشکەشی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵامان کردووە، بۆ ئەوەی بخرێنە ناو پرۆگرامی خوێندن و لە هەر ١٢ قۆناخەکەی بنەڕەتی و لە زانکۆ بخوێندرێن**

**لائیحەیەکمان بۆ ئاکاری فەرمانبەر ئامادەکردووە و لە قۆناخی تەواوبووندایە، دوای تەوابوونی بەسەر هەموو فەرمانبەرانی هەرێم دابەشی دەکەین**

**دەستەی دەستپاکی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لە دەستپاکی و یاساییبوونی هەموو چالاکییەکانی دەوڵەت بکۆڵێتەوە، کاتێکیش دەتوانین بڵێین سەرکەتوو بووە کە رۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان ببینێت**

*** بەڵام ئێستا حاڵەتێك هاتۆتەپێشەوە، قەیرانی ئابووری هەیە، شــەڕ هەیــە، حکومەت بیەوێت، یــان نە، دەبێت کۆمەڵێــك هەنــگاو بنێت وەك کەمکردنـــەوەی خەرجی (تەقەشوف)، نەهێشتنی بندیوار، پەیداکردنی سەرچاوەی داهات، ئــەم هەنگاوانە بوونەتە پێویســتی ئەم قۆناخە لەسەر ئەم لایەنە رات چییە؟**

- ئامـــاژەت بە پرســـێکی گرنگ کرد کـــە هەموویان جێبەجێکردنی باجدانی دەوێت، نابێت حکومەت بترســـێت لە رای گشـــتی و نەتوانێت ئـــەم هەنگاوانە هەڵبگرێت، بۆ نموونە باســـی کەمکردنەوەی خەرجی ( تەقەشوف) بکەین، بزانین خەرجی بەکاربەر لە ســـاڵی ٢٠١٣ چەند بـــووە؟ دیوانی چاودێری دارایی دەڵێـــت: ٨٠٪ بووە، لە ٦٥٪ بـــۆ دابینکردنی مووچـــەی فەرمانبەران بووە، ئەم بودجەیـــە بە رێـــژەی ٩٥٪-٩٦٪ لەســـەر داهاتی نەوت حســـاب کراوە، ساڵانی پێشووتر نرخی یەك بەرمیل نەوت لە ســـەرووی ١١٠ دۆلار بووە، ئێســـتا دابەزیوە بۆ ٥٠ دۆلار، ئەگەر تەنها ئاماژە بۆ مووچە بکەین کە ٦٥٪ و نەوتیش کە نرخەکە دابەزیوە بۆ نیوە، مانای ئەوەیە ئەگەر بەس مووچە دابین بکەی، بودجەکەت کورت دەهێنێت، بۆ ئەمە بیر لەوە کراوەتەوە، ژمارەی فەرمانبەر بە شـــێوازی جیاواز کەمبکرێتەوە، پرسیاری من ئەوەیە ئەگەر هەموو حزبە سیاسییەکان پێکەوە ئەم هەنگاوە هەڵنەگرن، دەتوانن ١٠٠٠ فەرمانبـــەر کەمبکەنەوە، من پێموایە ئەگەر وەك ئێســـتا مامەڵە بکەن، ئەوا ٢٠٠ فەرمانبەر بچێتە سەر شـــەقام ئەوا پەلەمانتاری هەندێ لایـــەن لەوانەیە بچن خۆیان ســـەرۆکایەتی خۆپیشاندانەکە بکەن، ئەمەش واتە حکومەت نەیتوانی هەنگاو هەڵبگرێت.

*** ئێوە وەك دەســـتەی دەســـتپاکی بەرنامەتان بۆ ئەمە چییە؟**

- ئێمە لەم ماوەیە دووجار لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبووینەوە، لەوانەیە لـــە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەم پرســـە بانگهێشتمان بکەن، ئەگەر بانگهێشتیان کردین، ئێمە لەو کۆبوونەوەیە بۆچوونی خۆمانیان پێدەڵێین، بەشـــێوەیەکی گشـــتی بۆچوونی من ئەوەیە حکومەت دەبێت سێ بیمە دیاری بکات، ئەوانیش بریتین لە (بیمەی بێکاری، بیمەی تەندروستی، بیمەی خانەنشینی)، دۆزینەوەی کار ئەرکی حکومەت نییە، بەڵام تا کار دەدۆزێتەوە حکومەت دەبێت بیمەی بۆ دابین بکات. بەپێی ئەو ژمارانەی راستەوخۆ هەموو لایەکمان بە چاوی خۆمان دەیبینین، ئێستا سەدان هەزار دەســـتی کاری هەمەجۆری بیانی لە کوردســـتان کاردەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە لە کوردستان کەرتێکی تایبەتی بەهێز هەیە و کاریش هەیە، بۆیە دەبێت وابکەین کە خەڵك باشـــتر بـــە دوای کاردا بگەڕێت تا دەرفەتی کاری بۆ دابین بکرێت.

*** ئەی سەبارەت بە خانەنشینی، ئەوەیان چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

- حکومەت دەبێت بە یاســـا ئەمە رێکبخات و پێویســـتە یاســـای خانەنشـــینی هەموار بکرێتەوە، ئەگەر ســـەیر بکەین لە کوردســـتان ١٥ جۆر خانەنشـــینی هەیە، بۆیە ئەم پرســـە تەنها بـــە هەمووارکردنی یاســـا کۆنەکە، یان بەدەرکردنی یاســـایەکی تازە چارەســـەر دەکرێت، ئەگەر ناکرێت، با یاسای خانەنشـــینی عێراق بهێنن و هەندێك برگەی بەپێی تایبەتمەندی کوردستان هەموار بکرێتەوە، بەپێی ئەو یاســـایە خانەنشـــینی لە ٤٠٠ هەزار کەمتر نییە، فەرمانبەرێك ٣٠ ساڵ خزمەتی هەبێت،٦٠٪-٧٠٪ مووچەکەی ئێســـتای وەردەگرێت، هەروەها گرنگە ئەم خانەنشـــینییە کەرتی تایبەتیش بگرێتەوە، لەبەر ئەوەی زۆر کـــەس کە لە حکومەت دادەمەزرێت بە مووچەیەکی زۆر کـــەم و ناچێـــت بە مووچەیەکی باشـــتر لە کەرتی تایبەت کار بکات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت خانەنشینی نییە.

*** دیارە پێش ئەوەی ئەم دەســـتەیەی ئێـــوە دابمەزرێت، ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان خـــۆی بەرنامەیەکی چاکســـازی هەبووە، ئایا تاچەند پشـــتگیریتان دەکات و سەرۆکی حکومەت چەند ئاسانکاریتان بۆ دەکات؟**

- تا ئێســـتا یەکجار لەگەڵ جەنابی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان کۆبووینەوە، ئەوەی پێـــی راگەیاندین زۆری پێخۆشـــە ئـــەم دەســـتەیە دامـــەزراوە و پێیگوتین زۆر پشـــتگیریتان دەکـــەم، بەڵام لەو کاتەوەی ئەم دەســـتەیە دامەزراوەوە، بارودۆخی کوردستان ئاسایی نەبووە، سەرەتای بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا و بڕینی بودجە و مووچە، ئێســـتا لەوەتەی شەڕی داعش دەستی پێکردووە سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆربەی کاتەکانی لە بەرەکانی شـــەڕە و کەمتر دێتەوە، بۆیـــە بوار نەبووە جارێکی دیکە لەگەڵیان کۆببینەوە، سەبارەت بە سەرۆکی حکومەتیـــش ئێمە لە کابینـــەی حەوتەم جارێك لەگەڵی کۆبووینەوە و لە کابینەی هەشـــتەمیش دووجار لەگەڵی کۆبووینەوە و هەست دەکەین پشتگیریمان دەکات و گوێمان لێدەگرێـــت، حزبەکانیش هەموویان پشـــتگیریمان دەکەن، بەڵام وەك پێشـــتریش ئاماژەم پێکـــرد گرنگە بەرنامەی هەموو حزبەکان بۆ هەڵبژاردن بەرنامەی چاکسازی بووە، هەمـــوو بەرنامەکان پێکەوە بەرنامـــەی ئەم حکومەتەی لێ پێکهاتووە، بۆیە پێکەوە ئەگەر هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە بدەن، گۆڕانکاری و چاکســـازی گەورە لە کوردستان دێتەئاراوە.


**لە هەموارکردنەوەی یاسای دەستەی دەستپاکی جارێکی دیکە ئەو برگەیە هەموار نەکرا کە داوادەکات لێکۆڵەری یاسایی دابمەزرێت، نەک بە تەنسیب بێت، ئێستا ئەم یاسایە لای سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و هیوادارم ئیمزای نەکات و بیگێڕێتەوە**

**بەرنامەی هەموو حزبە سیاسییەکان بۆ هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمان چاکسازییە، من لە پەرلەمان بە نوێنەری هەموو حزبەکانم وتووە لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەی هەتانە پشتگیریمان بکەن، ئێمە ئەوەندەمان بەسە**

**پرۆسەی چاکسازی پرۆسەیەکی سەختە، پێویستی بە باجدان هەیە، دەبێت هەموو حزبەکانی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەبن ئەو باجە بدەن**

# راگەیاندن و تیرۆر

## خوێندنەوەیەک بۆ جەنگی دەروونی



یوسف عوسمان حەمەد

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

هاپیتۆس یەکەم جار لــە مێژوو راگەیاندنی دژواری بەکارهێنا لە ســەردەمی فرعەونییەکان وەکو دراســەیەکی سایکۆلۆژی، ئەم راگەیاندنــە دەچێتە خانەی راگەیاندنی ترســناک، یاخود رەش کە بــۆ ملکەچکردنی هەژاران بوو بەرامبەر دەســەڵاتی رەهــای فرعەونییەکان، کــە یەکەم جار تەپــڵ بەکارهات بۆ ترســاندن و تۆقاندن لە دوای ئەوە لە ئەســکەندەری مەقدونی راگەیاندنی نووسراوی بۆ رووخانی دوژمن بەکارهێنا و لە ساڵی ١٤٦٧ لە فەرەنســا راگەیاندنی دژ بــەکار هات لە بلندگۆدا. مێژوونووســەکان دیرۆکێکی دیاریکراویــان نییە لەوەی کە چ کاتێــک راگەیاندنی دژوار، یان راگەیاندنی رەش بە کار هاتووە، بەڵام مێژوونووسەکان بۆ (٣٠٠٠) سێ هەزار پێش لەدایکبوونی دەگەڕێننەوە کە پڕوپاگەندەی شەڕ لە سەر وەرەقەی بردی (p-pyrus) لە میســر نووسرابوو دژ بە کۆیلەکان «پاداشتێکی پارە بۆ ئەو کەســەیە کە شوێنی بەندەییەکی هەڵاتوو ئاشکرا بکات، یان ســەرەکەی بهێنێت» (صلاح نصر: الحرب النفسية و معركة الكلمة و المعتقد: ١٩٦٧).

لە شارستانییەتی سۆمەرییەکان بینراوە کە راگەیاندن بۆ دەستوور و رێســاکان و ســەرکەوتنەکان بەکار هێنراوە، لە شارستانییەتی یونانــی و رۆمانییەکان راگەیاندنیان لە مەیدانەکان بۆ جەماوەر کردووە دەربارەی ســەرکەوتن لە شــەڕ، یان بــە کۆیلەکردنی رەشپێســتەکان. هەندێك ســەرچاوە باس لــەوە دەکەن کە یەکەم راگەیاندنی تۆقێنەر کە دەچێتــە خانەی راگەیاندنی تیرۆر بە چاپکراوی لە ساڵی (١٤٧٧) لە ئەورووپا بووە و یەکەم ریکلامی وێنەدار بۆ ســەربڕینی نەیارەکان ســاڵی (١٤٨٢) لە فەرەنسا بووە، لە هەموو جەنگێك راگەیاندن دیوی دووەمی شەڕ بووە بۆ دووفاقی لە رووخان و تۆقاندنی وورەی بەرامبەر و بەرزکردنەوەی وورەی ســوپای خۆیان، واتە لە هەمــوو جەنگەکان میکانیزمی ترساندن و تۆقاندن بەکار هاتووە بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتن، لە سەدەی ئێستادا راگەیاندنی ئەلەکترۆنی کاریگەری زیاتری لە چەکی تەقلیدی هەبووە و زۆر لە گۆڕانکارییەکانی بەهاری عەرەبــی و ئەوانی دیکە شۆڕشــی ئەلەکترۆنی یەکلاکەرەوەی شەڕ بووە، بۆیە پێی دەڵێن: «چەکی ئافات (فتاك)». گرووپە تیرۆریســتەکان ســایتە ئەلەکترۆنییــەکان و پڕوپاگەندە وەکو مادەیەکی ژەهراوی بۆ شوشــتنەوەی مێشــك و ژەهراویکردنی دەروون بــەکار دەهێنن، لە ئەمڕۆشــدا بە هــۆی راگەیاندنی تۆقێنــەر جۆریك لە ترس و دڵەڕاوکێ بەکاردەهێنن، تەنانەت بە مەبەستی شیکاری دەروونی شێوازی جل و بەرگ و رەشکردنی دەم و چاو وەکو ئامرازیکی کوشندە بەکاردەهێنن.

ئامانجی ســەرەکی زانینی رەوشــی گۆڕانکارییەکانە لەسەر ئاستی جیهان، بەتایبەتی لە کاتی شەڕی سەپێندراو کە ئەمڕۆ بۆتــە فاکتەرێکی کاریگەر و وروژێنــەر و لە کەمترین کاتدا پەیامەکانی خۆی لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی و مەزهەبــی بە تاك و گرووپ و کۆمەڵی بەرامبەر دەگەیەنێت. ئەمڕۆ راگەیاندن پانتاییەکی فراوانی داپۆشــیوە لە زهنییەتی تاکدا کە بەشــێکی ســەرەکی بووە لە گۆڕینی رەفتاری، یان رووخانی کەسی بەرامبەر، رەنگە بەشێك لە بنەما پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خانەوادە و کۆمەڵگە لە ســەر بنەمای وورە و حاڵەتی ترســی دەروونــی دارێژرابێت، هەروەها بە هۆی باهــۆزی جیهانگەراییەوە لەم چەند ســاڵەی دوایی کاریگەری زۆر خێرا بووە.

پســپۆڕێکی راگەیاندن لە شــرۆڤەیەکیدا باس لەوە دەکات کە لــە یەکێك لە خولەکانیدا پرســیاری ئەوە لە بەشــداربوویەکی رۆژئاوایی دەکات کە: ئەگەر سەد دۆلارت هەبێت، چی دەکەیت؟ بەشــداربووەکە لە وەڵامدا دەڵێت: (٩٩) دۆلار بۆ راگەیاندن و (١) دۆلاریش بۆ چەك سەرف دەکەم. لە کەسێکی رۆژهەڵاتی هەمان پرســیار دەکات، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: (١) دۆلار بۆ راگەیاندن و (٩٩) دۆلاریش بۆ چەککڕین. ئەو پســپۆڕە وتی: ئەوەی یەکەم ســەرکەوتن بە دەســت دەهێنێت، لە رووی سایکۆ شەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە راگەیاندن چەند پێویستە و چەند گرینگە بۆ سەرکەوتن، یان بۆ شوشتنەوەی مێشك.

زانایانــی دەروونی پێیانوایە راگەیاندن لە ئەمڕۆدا شــەڕێکی گشــتگیرە، نەك تەنها بۆ مۆنۆپۆلکردنی عەقڵ و هزری تاکە ساکارەکان، بەڵکو بۆ کۆنترۆڵکردنی هزر و رەفتار و کەلتووری بــاوی نێو کۆمەڵگە کە مەیل و ئاراســتە و ئایین و مەزهەب و بۆچوونــی تاك دەگۆڕێت و کار دەکاتە ســەر بەهێز بوون و لاوازبوونی ئینتمای نیشــتمانی و نەتەوایەتــی، بۆیە دەکرێت بڵێین: لە رووی سایکۆلۆژییەوە راگەیاندن زانستێکی جێگرەوەی تەکنەلۆژیای سەردەمە، چونکە فەلسەفەی راگەیاندن بەهۆی

هێزی زەبەلاحی تەکنەلۆژیاوە، بڕین، یاخود چوونە ماڵەکانە بێ ئەوەی لە زەنگی دەرگا بدات، یان ئاگادارکەرەوەیەکی پێشـــینە هەبێت بۆ چوونە شـــوێنەکان. زۆرجاریش نـــەك ڕەفتاری تاك دەگۆڕێت، بەڵکو باوەڕ و بنەما فکرییەکانیش دەگۆڕێت.

ڕاگەیاندنی گرووپی تیرۆر بەســـتراوەتەوە بە ئایدیۆلۆژیایەك و عەقیدەیەك و هزرێکی دیاریکراو. خوێندنەوە و قسەکردن لە سەر ڕاگەیاندنی تیرۆر لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی زانستی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتـــی دەوێت تا بواری کاریگەریی خێرای بزانین و لە بەرامبەری هێزێکی دەروونی نەڕووخاو دروســـت بێت. چونکە لەم ئەم ســـەردەمەدا کە کەرســـتە و چەکەکانی شەڕ زۆر ئاڵۆز و هەمەچەشـــنەن و شەڕ چەندەها شـــێوەی لە خۆی گرتووە و گۆڕەپانی بەرفراوان بووە، لە بەر ئەوە ئێســـتا هەموو سوپایەك تیمێکی پســـپۆڕی دەروونی هەیە کە توێژینەوە لە ســـەر باری دەروونی و ورە و پاڵنەر و پێداویســـتی و گرفتەکانی ســـەرباز و ســـەرکردەکانیان دەکەن و هەوڵـــی ڕووخاندنی ورەی دوژمنان دەدەن لە ڕێگەی شـــەڕی دەروونی بە شـــێوەیەکی زانســـتی و پووچەڵکردنەوەی پڕۆپاگەندەی دوژمن و ڕاهێنانی ســـەرباز لە سەر ژینگەی بەرەکانی جەنگ و پەرەپێدانی ئارامی و خۆڕاگری و نیشمانپەروەری و فیداکاری و لەخۆبوردن و هەڵکێشانی ڕەگی ترس و دڵەڕاوکـــی و ڕاڕایی و گومان و چاککردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی نێوان سەرباز و سەرکردەکانیان.

لـــە ڕاگەیاندندا توندوتیژی پێناســـەیەکی جیـــاوازی لە نێوان زانســـتەکاندا هەیە، لە زانســـتی کۆمەڵایەتـــی زەبر و زەنگی تاك و کۆمەڵ دەگرێتـــەوە بەرامبەر تاك، لە ڕووی دەروونییەوە توندوتیـــژی پانتایەکی فراوانتری هەیـــە، وەکو زەبر و زەنگی دەروونی و شەڕی دەروونی، تا دەگاتە هەراسانکردنی تاك.

«مارگرێـــت مید»، باس لـــەوە دەکات کـــە هەندێك هۆز و نەتەوە کوڕەکانیان لە ســـەر توندوتیژی ڕادەهێنن، وەکو پیاوەتی و ئازایەتی مەردی و تۆڵەســـەندنەوە. زۆرجـــار توندوتیژی لە ڕێگەی لاساییکردنەوە دەبێت، ژینگەی شەڕانگێزی بریتییە لە بازنـــەی دەرەوەی ماڵ و کۆمەڵگە، وەکـــو میدیاکان و فیلمی توندوتیژی و بەکارهێنانی سایتەکانی ئەنتەرنێت بۆ ڕەواجپێدانی توندوتیژی وەکو چێژوەرگرتن و ترساندن و تۆقاندنی تاکی سادە، بەتایبەتی لەم قەراغەوە کار لەسەر مرۆڤی سادە و نەخوێندەوار و ژن و منداڵ و کەسانی سۆزداری بەساڵاچوو دەکەن، کە ئامانە زەمینەیـــەك، یان پانتاییەکی فراوانتری هەیـــە بۆ کارکردن لە سەری، چونکە تاکی گشتی زۆر بە زەحمەت جیاوازی لە نێوان ڕاستی و مەبەستی پڕوپاگەندە دەکەن.

زانایانی دەروونی سێ جۆر لە میکانیزمی شەڕانگێزییان دیاری کردووە، یەکەم: شـــەڕانگێزی بەرامبەر خۆی (ماسۆشـــیزم)، دووەم: شـــەڕانگێزی بەرامبەر کەســـی دیکە (سادیزم) کە بە تیرۆر یان بە کوشـــتنی کەســـی بەرامبەر دڵی ئۆقرە ناگرێت و هێزێکـــی شـــەڕانگێزی وای لێدەکات کەســـی بەرامبەر بە دڕندەترین شێوە پارچەپارچە بکات، ئەو کاتە هەست بە خۆشی دەکات، سییەم: پەرچەکردار (تێکشکاندنی شتەکانی دەوروبەر) وەك غەریزەی مەرگ.

گۆســـتاف لۆبۆن لـــە ســـایکۆلۆژیای جەماوەر، لـــە لاپەڕە (٨٧) دەڵێـــت: هەڵچوونی خێرای جەماوەر و ســـووکەڵەیی و هەڵەشەییەکەی کە جەماوەر یاری دەستی هەموو جۆشدارانەیە هەڵگەڕانـــەوەی بەردەوامیەتی. ئەو پاڵنەرانەش کە ملکەچیان دەبێت برتیـــن لە: هێز و هەیمەنە بە جۆرێـــك کە بەرژەوەندیی کەســـی لە ئاســـتیدا نامێنێت. هیچ شـــتێك لە لای جەماوەر بەدەســـتی ئەنقســـت ناکرێت، کاریگەری ڕەگـــەز و ئەنتیك و ئایین هەیمەنەی بە ســـەریەوە هەیە. هەر ئەمەش خاڵی لاوازی جەماوەرە و لەوێ دەشـــکێت. کارتێکردنی تاك و ســـاویلکەیی و بـــاوەڕ بە هەموو شـــتێك و ملکەچبوونی بـــۆ وێنە زهنییە ترســـێنەرەکان گرفتن، بۆیە جەماوەر وێنە وروژێنەرەکانی ناو مێشـــکی خۆی وەك چەند ڕاســـتییەکی واقعی وەردەگرێت. پرســـیار دەکرێت: بۆچی ئەو هەمـــوو وێنانە یەکن لە لای ئەو تاکانەی حەشـــامەتێکی دیاریکراو پێکدەهێنن؟ یەکسانبوونی نیشتمانپەروەرێك و تیرۆریســـتێك چەند نموونەیەکی جیاواز لە بارەی ئەو وەهمانەی کە تاکەکانی نێو جەماوەر ملکەچی دەبن، مەحاڵە بتواندرێت متمانە بە شایەتەکانی گرووپ بکرێت.

زانایانی دەروونی ئەوەیان دەرخســـتووە شوشـــتنەوەی مێشك لە ڕێگەی پەیوەندییە ئەلەکترۆنییـــەکان، بەهێزتر و کاریگەرتر و خێراترە لەوەی لە ڕێگەی قســـە و گوتاری بریقەدار بێت، بۆیە گرووپەکانی تیرۆریست لە کۆی جیهاندا هۆشمەندی و زیرەکی خۆیان بەکارهێناوە بۆ شـــەڕێکی کوشـــندە و لەم کارەدا ســـێ ڕەهەندی ســـەرەکییان بەکارهێناوە، یەکەم: داراسەکردن، یاخود کارکردن لەســـەر ســـایکۆلۆژیەتی تاك و گرووپ و نەتەوە کە چـــۆن وەکو ڤایـــرۆس دیوارەکانی ئاسایشـــی دەروونییان ببڕن و تاك بخەنـــە دڵەڕاوکێ. دووەم: دروســـتکردنی ترس و وێنە مەترســـیدارەکان بۆ ئەوەی بە ئاسانی ملکەچی ئەو بارە بێت، چونکە لە ڕووی زانســـتییەوە تاك لە بەرامبەر ترس و تۆقاندن زوو دەڕووخێت و ملکەچی داخوازیی بەرامبەر دەبێت و کوێرانە دەچێتە ژێر ڕکێفی ئەوان بە بیانووی خۆپاراســـتن کە ئەمەش لە دەروونزانی پێی دەگوترێـــت: «فێڵی بەرگری دەروونی بۆ خۆرزگارکردن». ســـێیەم: سەرنجڕاکێشان بۆ ژیانی بێهودەیی و بێ مانایـــی ژیان، ئەمەش جۆریکە لـــە ڕووخانی ئیرادە و بەهێزی بیر و باوەڕ. ئەمەی کۆتایی کاتی خۆی چینیەکان لە شەڕی مەنشـــوریا دژی دیلەکان بەکاریان دەهێنا، لە کۆتاییدا دیلەکە لە هەموو ڕابردووی خۆی پەشـــیمان دەبوویەوە و خۆی بە تاوانبار دەزانی و دژی هەموو ڕابردووی خۆی کاری دەکرد، تا دەگەیشتە پلەی دژ، واتە دژی نیشتمانی خۆی دەوەستاوە و وایدەزانی پاك دەبێتەوە. بە هەمان مەبەست گرووپەکانی تیرۆر لە ســـەر ئەم ڕێســـایە کاردەکەن. ئەگەرنا هەردوولا دەتوانن بە هەمان ئاست سوود لە زانستی تەکنەلۆژیا وەربگرن، بەڵام مەرج بەکارهێنانـــی نییە لە ڕاگەیاندن، بەڵکـــو زیرەکی لەوەدایە کە تاچەنـــد ئەو تەکنەلۆژیایە دەخەیتە خزمەتی جەنگە دەروونی و ئایتییەکانی بەکار دەهێنی، تەنانەت فۆنت و ڕەنگ و دیزاین و پانتایی شاشە گەورەترین کاریگەری خۆی لە جەنگی دەروونی دەبینێ..

---

***پسپۆڕی دەروونزانی**

**زانایانی دەروونی ئەوەیان دەرخستووە شوشتنەوەی مێشک لە ڕێگەی پەیوەندییە ئەلەکترۆنییەکان، بەهێزتر و کاریگەرتر و خێراترە لەوەی لە ڕێگەی قسە و گوتاری بریقەدار بێت**

**لە سەدەی ئێستادا ڕاگەیاندنی ئەلەکترۆنی کاریگەری زیاتری لە چەکی تەقلیدی هەبووە و زۆر لە گۆڕانکارییەکانی بەهاری عەرەبی و ئەوانی دیکە شۆڕشی ئەلەکترۆنی یەکلاکەرەوەی شەڕ بووە**